# پێوەرو پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراسیانە

**ئۆفیسی دەزگا دیموکراسییەکان و مافەکانی مرۆڤ**
**رەشنووسی** OSCE/ ODIHR
**ئۆفیسی دەزگا دیموکراسییەکان و مافەکان**
**وارشۆ**
20 **نوفمبر** 2002


**ناوی کتێب:** پێوەرو پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراسیانە

**سەرچاوەی کتێب :** ئۆفیسی دەزگا دیموکراسییەکان و مافەکانی مرۆڤی رێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەورووپی OSCE-ODIHR

**وەرگێڕ :** شێرکۆ جەودەت

**ژمارەی سپاردن :**

**چاپی یەکەمی کوردی – سلێمانی**

**تیراژ :**500**دانە**

**چاپخانە:** رەنج



**تەنها** K.I.E **مافی لەچاپدانەوەی هەیە**

## ئەم کتێبە بۆ ؟

ئاشکرایە تا ئەمڕۆ لەئەرشیفی سیاسی دنیادا هەڵبژاردن بەتاکە ئامرازێکی شیاو دادەنرێت بۆ ممارەسەکردن و جێگۆڕکێی دەسەڵات. بەو پێیەی گەلی عێراق بەسەرجەم نەتەوەکانییەوە لەژێر کەلتورێکی سیاسی فەردیی دیکتاتۆردا ژیاوە، سەیر نییە کەپرۆسەی هەڵبژاردن لەژیانی سیاسیدا چەمکێکی نامۆبێت.

هەرێمی کوردستان دوای راپەڕینی ساڵی 1991و رزگاربوونی لەژێر دەسەڵاتی رژێمی دیکتاتۆری عێراق کەوتە پیادەکردنی ماناکانی ئازادی و هەڵبژاردن وەك میکانیزمێك بۆ وەرگرتن و گۆڕینەوەی دەسەڵات .

بۆ یەکەم جار لەساڵی 1992دا دانیشتوانی هەرێمی کوردستان سندوقەکانی دەنگدانیان سەرپشك کرد بۆ دیاریکردنی کورسییەکانی پەرلەمان، ئەگەر شەڕە ناوخۆییە یەکلەدواییەکەکان نەبووایە چەمکی هەڵبژاردن زیاتر بەرجەستە دەبوو.

سەرەڕای گرنگی چەمکی هەڵبژاردن و کاریگەریی لەژیانی سیاسی و ئابووری و کەلتوری کۆمەڵدا گرنگی پێویستی پێنەدراوە، (پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن –K.I.E) وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو پێویستییە دامەزرێندرا.

پەیمانگا وەك رێکخراوێکی کوردستانی سەربەخۆ بەدەر لەئایدۆلۆژیای سیاسیانە کاردەکات بۆ گرنگیدان بەچەمکی هەڵبژاردن وەك یەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی دیموکراس .

بلاَوکردنەوەی رۆشنیری هەڵبژاردن لەرێگەی بلاَوکردنەوەی زنجیرەیەك لەسەرچاوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن یەکێکە لەهەنگاوەکانی K.I.E بۆ بەباتکردنی هەڵبژاردن لەهەرێمەکەمان و لەسەرجەم وڵاتی عێراقدا. ئەم کتێبەش یەکێکە لەو زنجیرە سەرچاوەیە .

ئەم کتێبە لەلایەن ئۆفیسی دەزگا دیموکراسییەکان و ماف مرۆڤی رێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپییەوە بلاَوکراوەتەوەو "پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن– K.I.E "یش لەزمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی. هەروەها K.I.E سوپاسی رێکخراوی N.E.D ی ئەمەریکی دەکات کەبودجەی بەچاپگەیاندنی ئەم زنجیرە کتێبەی دابینکردووە.

**پارێزەر: ئامینە مەحمود**

**بەڕێوەبەری K.I.E**

## سەرەتايەك:

ئەنجامدانی پڕۆسەی هەڵبژاردنێکی ئازادو دادپەروەر یەکێکە لەگرنگترین بنەماکانی سیستمی دیموکراسی. هەڵبژاردن پڕۆسەیەکی باوەڕ پێکراوی نێو دەوڵەتییە بۆ دیاریکردنی حکومەتو نوێنەری میللەت. هەر لەبەرئەمە لەماوەی سەدەی بیستدا پەرەدرا بەپڕۆسەی هەڵبژاردنو گەشەپێدانی بۆ ئەوەی ببێتە سیستمێك کەخاوەنی سیفاتو پێوەری نێودەوڵەتی بێت .

لێرەوە فەرهەنگی ئەنجامدانی هەڵبژاردن یان دەنگدان کاتێك دەبێتە بنەماگەلێك بۆ سیستمی دیموکراسی کەبنەماکانی تری وەك دەستور ، ئازادییەکان ، مافەکانی مرۆڤو ئازادی ڕێکخستنو کۆبوونەوەو ڕادەربڕینو قبولکردنی زۆرینەو یەکسانی بەرامبەر بەیاساو بلاوکردنەوەی بەهاکانی لێبوردنو هەڵکەوتەی ژیانو هاوکاریو ڕەزامەندی بوونی هەبێت. بوونی ئەم بنەمایانە مانایەکی ڕاستو دروست دەبەخشێتە پڕۆسەی هەڵبژاردنو دەرئەنجامەکانی. خوێنەر دەرك بەوە دەکات کەچەندین حکومەت هەیە بانگەشەی ئەوە دەکەن کەحکومەتێکی دیموکراسینو هەڵبژاردنی خولی ئەنجام دەدەن بەلام نەبوونی ئەو بنەمایانە هەڵبژاردن دەکاتە ئامرازێك بۆ جێگیرکردنی سیستمی ستەمکاری ، لێرەدا بانگەشەش بۆ بەئەنجامگەیاندنی هەڵبژاردنێکی دیموکراسی هیچ بنەمایەکی ئەوتۆی نابێت. هەڵبەتە میللەتی کوردو کۆمەڵگا ئیسلامیەکان بەگشتی سیستمی دیموکراسیان نییە ، بەلام لەدەرئەنجامی ئەو گۆڕانە سیاسیانەی دوابەدوای ڕوخاندنی دیواری بەرلینو گۆڕانە سیاسیەکانی ئەورپای خۆرهەلاتو ئەمەریکای لاتینو باشورو ناوەندی ئاسیا هاتنە ئاراوە ، دەبێتە هۆی ئەوەی کەئەمڕۆ یا سبەی گوڕێك بدات بەکۆمەڵگا ئیسلامیەکانو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ بینا کردنی سیستمی دیموکراسی فرەیی ، میللەتی کورد بەر لەنەتەوەکانی دیکەی عێراق هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 1992دا ئەنجامیداوەو هاوکات هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی لەساڵانی پێشودا ئەنجامداوە . هەروەها لەداهاتووشدا پڕۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدانی تێدا ئەنجامدەدرێت ، ئەمەش بەحوکمی ڕوخانی ڕژێمی تاکە حیزبی لەعێراقدا .

لێرەوە گرنگی پێکهێنانی دامودەزگاو رێکخراوو پەیمانگای تایبەتمەند لەسەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی ئازادو دادپەروەرانە دێتە پێشەوە. دامەزراندنی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن تاکە هەولێکی لەو جۆرەیەو هەستانی بەهەڵمەتی هۆشیارکردنەوەو دەرکردنی ئەم کتێبە (پێوەرو پابەندییە نێودەوڵەتیەکانی هەڵبژاردن)و زنجیرە کتێبەکانی تری، هەنگاوێکی سەرەتایی دروستە لەبەرئەوە پێویستی بەبەردەوامیو پشتگیری هەیە لەلایەن هەموو ئەوانەی باوەڕیان بەئازادیو دیموکراسی هەیەو بانگەشەی بۆ دەکەن . **د. سەلاح عزیز - فلۆریدا**

# خشتەی بابەتەکان

*کورتەی جێبەجێکردن*

یەکەم: پێشەکی

دووەم: پاشینەی ( باکگراوندی ) مافەکانی مرۆڤ بۆ هەڵبژاردنی دیموکراسی

* پاشینە نێودەوڵەتییەکان

* پاشینە ناوچەییەکان

سێیەم: بەشە پێکهێنەرەکانی سیستمی هەڵبژاردنی دیموکراسیانە

ا ـ سیستمی هەڵبژاردن

ب ـ بەشکردن

ج ـ بەرێوەبردنی هەڵبژاردن

* مافەکانی دەنگدان لەهەڵبژاردنو تۆمارکردنی دەنگدەراندا.

* مافە گشتییەکانی دەنگدان

* کەمینە نەتەوەییەکان

* ئافرەت

* بێ تواناکان

* ناونوسکردنی دەنگدەر

ه ـ پەروەردەی مەدەنیو زانیاری دەنگدەر

و ـ پاڵێوراوانو پارتە سیاسییەکانو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

ز ـ هۆکانی راگەیاندنو بەرگریکردن لەئازادی رادەربڕینو گوتن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا

ح ـ دەنگدانی نهێنی

گ ـ چاودێریی هەڵبژاردن

ی ـ میکانیزمی سکالاکردنو چارەسەرکردنی کێشەکان

چوارەم. باشترین پیادەکردن

1 ـ سیستمی هەڵبژاردن

* سیستمی هەڵبژاردن

* دەزگا هەڵبژێرراوەکان

2- بەشکردن

3- بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن

4- مافەکانی دەنگدانو ناونووسکردنی دەنگدەران.

* یەکسانیو گشتگیری دەنگدان.

* جیاوازی نەکردن.

* توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر هەر شتێك کەتەنگەتاویی بۆ سەر مافی دەنگدان دروست بکات.

* ناونوسکردنی دەنگدەران.

5- پەروەردەی مەدەنیو زانیاری دەنگدەر.

6- پاڵێوراوانی هەڵبژاردنو پارتە سیاسییەکانو تێچوونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.

* بەیەکسانی مامەڵەکردن لەبەردەم یاسادا.

* ئامرازەکانی دەنگدانی نهێنی

* پشتگیری تایبەتی دارایی پارتە سیاسییەکانوهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.

* یارمەتی گشتی دارایی پارتە سیاسییەکانو هەڵمەتەکانی  هەڵبژاردن.

* پێداویستییەکانی ئاشکرا بوونو بەئاگاکردنەوە لەراستییەکان.

7- ئامرزەکانی راگەیاندنو بەرگریکردن لەئازادی رادەربڕینو گوتن لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

* مامەڵەی یەکسانو ئامرازەکان

* بەرگریکردن لەئازادی گوتنو ڕادەربڕین لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دا.

8-  دەنگدان :

* دەنگدانی نهێنی

* ڕێنماییەکانی دەنگدان

* دەنگدانی جێگۆرکێکەران.

* دەنگدانی سەرباز.

* ژماردنی دەنگەکان.

* جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی ئەنجامەکان.

* ڕاگەیاندنی گشتیو گشتگیری لەژماردنو پۆلێنکردنو جیاکردنەوەی ئەنجامەکان.

پێنجەم. چاودێری هەڵبژاردن

شەشەم. میکانیزمی سکاڵاکردنو چارەسەرکردنی کێشەکان

پاشکۆی یەکەم .خشتەی کورتەی پێوەرەکانو باشترین پیادەکردن

پاشکۆی دووەم .کورتەیەك لەکێشەکانی ECHR

پاشکۆی سێیەم. کورتەیەك سەبارەت بە (ODIHR / OSCE )

## کورتەیەکی جێبەجێکردن:

دوانزە ساڵی رابوردوو چەند گۆرانکارییەکی گرنگیان بەخۆوە دی لەو دەقانەی کەپەیوەندییان بەوڵاتو ناوچەکانەوە هەبوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەشێوەیەك کە پێوەرەکانی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکانی تێدا روونکرایەوە. هەرچەندە پرەنسیپی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان لەجارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لەساڵی 1948و رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنیو سیاسییەکان لەساڵی 1960 داهاتوون، بەڵام لەم دواییەدا نەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانی سوودیان لێوەربگرێت.

لەسەرەتای ساڵی 1950دا کۆنگرەی ئەوروپی رێکەوتننامەی ئەوروپی پەسەندکرد بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤو پرەنسیپو بنەماکانی ئازادی. تاوەکو ساڵی 1990تەنها وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپا لەژێر سایەی ئەم بۆچونانەدا دەژیان کەمامەڵە لەگەڵ دیموکراسیدا دەکەن، بەڵام ناوچەکانی ترشەکەت بوون لەو بۆچوونانەوە. پاشان رێکەوتننامەی (کوبنهاگن)ی ساڵی 1990لەلایەن ( CSCE ) ەوە راگەیەنراوە لەهەمان کاتیشدا ئەم رێکەوتننامەیە بەگونجاوترین رێکەوتننامە دادەنرا لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان. بۆ یەکەم جار بوو کەحکومەتەکان هەستان بەدانانو دەستنیشان کردنی چەند پێوەرێکی نێودەوڵەتی تایبەت بەهەڵبژاردنە دیموکراسییەکان.

لەساڵی (1990) ەوە چەند لیژنەیەکی یاسایی هەستان بەتەواوکردنو تاووتوێ کردنی بەندە سەرەتاییەکانی رێکەوتننامەی کوبنهاگن بۆ ناوچەکانی (OSCE )، نزیکترین نمونەش پابەندبونیانە بەو بریارانەی لەکۆنگرەی باڵای ئەستەنبوڵەوە دەرچوون، بەمەبەستی تەواوکردنی ئەو راسپاردانەی پەیوەندیدارن بەهەڵبژاردنەکانی ( ODIHR )ەوە، لەکاتێکدا لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانو رێکخراوی ویلایەتە ئەمریکییەکانو دەستە نێودەوڵەتیو ناوچەییەکاندا شێوازی کۆتایی ئەم رێکەوتننامە دارێژران.

پاشان ئۆفیسی دەزگا دیموکراسییەکانو مافەکانی مرۆڤ ( ODIHR) لەساڵی 1991دا دامەزرا، بەناوی (ئۆفیسی هەڵبژاردنە ئازادەکان)ەوە، بەتایبەتی بۆ گەشەپێدانی ئەوانەی کەرێکەوتننامەی کوبنهاگن پەیرەو دەکەن. لەو کاتەوە ئەم ئۆفیسە هەستاوە بەچاودێری کردنی زیاتر لە(110) پرۆسەی هەڵبژاردن لەناوچەکانی ( OSCE ) داو زیاتر لە(1000) چاودێری نێودەوڵەتی بڵاوکردۆتەوە، بەهاوکاری کۆنگرەی پەرلەمانی ( OSCE)و کۆنگرەی پەرلەمانی ئەوروپیو تێیدا پرۆسەکانی هەڵبژاردنو چوارچێوە یاساییەکانیان هەڵسەنگێنران لەروانگەی ئەو سەرنجو تێبینییانەی کەچاودێرە نێردراوەکان نوسیبویان بەتایبەتی راپۆرتی کۆتاییو شیکردنەوەی یاسایی (ODIHR). بەم شێوەیە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند پێکهێنرا بۆ هەڵسەنگاندنی رێکەوتننامەی کۆپنهاگن بۆ ناوچەکانی (OSCE).

لــە یــانزە ســاڵی رابــوردوداو تاکــاتێکی نزیــك، چــەند دەزگایــەکی تــر بەشــدارییان کــرد لەداڕشــتنی پێــوەرە نێودەوڵەتییــە پەیوەندیــدارەکان بەهەڵبژاردنەکانــەوە، لەوانــەش دەزگــا نیشــتمانییەکانی دەوروبــەری ناوچــەکانی (OSCE).

کۆنگرەی پەرلەمانی کۆمارەکانی وڵاتە سەربەخۆکان بەیەکێك لەتازە بەشداربووەکانی ئەم رێبازە دادەنرێت. لیژنەی مافەکانی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان تێبینییە گشتییەکانی گرتە ئەستۆ لەسەر پێوەرەکانی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان لەساڵی 1996، هەندێك لایەنی تری سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان بەشدارییان کرد لەکۆکردنــەوەی زانیــاری زیــاتر لــەم بــوارەدا بەمەبەســتی پشــتگیری کــردن لــەو دیموکراسیــەتەی کــە لەســاڵی (1990)دا دەرکەوت.

ئەم پێوەرو پابەندیو تێبینیو راپۆرتانە بەچەند شێوازێك پەرتو بڵاوبوون، بەڵام (ODIHR) وەك یەکەم دەزگــاو رێکخراوێکــی ئــەوروپی کەلــەم بــوارەدا کاربکــات هەســتا بەکۆکردنــەوەی شــارەزاکان بەمەبەســتی ئامادەکردنی پێوەرو پێداویستی هەڵبژاردنەکانو پاشان پێداچونەوەو شیکردنەوەیان، ئەم رەشنوسە باس لەم پێــوەرو پێداویســتیانە دەکــاتو بەتەواوبونیشــی ســودێکی زۆر بــەوڵاتانی ئەنــدام لــە(ODIHR)♠ و (OSCE)♠ دەبەخشێت، لەرێی باسکردنی چەند رێگایەکی گونجاو بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکانو دابینکردنی کۆمەکییە تەکنیکییەکانەوە.

جگــە لەمانــەش ئــەم پێداویســتیو رێنماییانــە هاوکــاری کادرەکــان دەکــەن بــەراهێنانیان لەســەر ئەوپــەری رێنماییەکانی (OSCE) بۆ هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان.

لــەکۆنگرەی بــەهاکانی مرۆڤایــەتی بــۆ (OSCE) ســاڵی 2001دا دان بەپێویســتی گەشــەپێدانی رێنماییــەکانی (OSCE) بۆ هەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا نرا کەبۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردن تەرخان کرابوون.

هەروەها گەشەپێدانی ئەم رێنماییانە لەروانگەی راپۆرتی (کۆبنهاگن II ) کەلەساڵی 2002دا بەرزکرایەوە بۆ کۆنگرەی دارشتنو دامەزراندنی ئاواتو بۆچونەکانی مرۆڤایەتی، دەکرێت سوود لەم بەرنامەی کارە وەربگیرێت بــۆ هاوکــاریکردنی کادرەکــانی بــواری مافــەکانی هەڵبــژاردن لــەکۆنگرەی ئــەوروپیو یــەکگرتووی وڵاتــە سەربەخۆکاندا.

---

♠ (OSCE) :– واتا ( رێکخراوی ئاسایشو هاریکاری ئەوروپی )

♠ (ODIHR):– واتا ( ئۆفیسی دەزگا دیموکراسییەکانو مافەکانی مرۆڤی رێکخراوی ئاسایشو هاریکاری ئەوروپی)

♠

رەشنوسی سـەرەتایی (پێـوەرو رێنماییـە نێودەوڵەتیـەکانی مـافی هەڵبژاردنـە دیموکراسـییەکان: رێبـەری سەرچاوەی پراکتیکی بۆ باشتر ئەنجامدانی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان. (20 مارت 2002 ) بۆ وڵاتانی ئەنـدامو رێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکانو (NGO ) کـانو شـارەزاکان بـۆ تـاووتوێ کـردنو راگۆرینــەوە وەك کۆنگرەیەکی کارکردن کەدرێژایی رۆژێکی خایاند لەسەر ئەو پێوەرانەی هەڵبژاردن کەلەسەریان پێکهاتن لە18ی سێپتەمبەری 2002 لەکۆبونەوەی ئامادەکاریو دامەزراندنی ئاواتو بۆچونە مرۆڤایەتییەکان ( HDIM ) بە پێی ئەو تێبینییانەی کەلە کۆنگرەکەدا خرانەروو ، بەپێی ئەو ماددانەی خرانە سەریو ئەو نووسراوانەی کەپێشکەش دەوڵەت کران ، پشت بەس بەوانە ئەو دۆزە پوختەکرا.

## یەکەم - پێشەکی

هەڵبژاردنە دیموکراسییەکانو نوێنەرایەتی حکومەت لەجاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی ساڵی 1948دا وەك دوو پێوەری سەرەکی مافەکانی مرۆڤ دەستنیشانکران کەجەختیانکردەوە لەسەرئەوەی :

دەبێت ویستی گەل بکرێتە بنەمای دەسەڵاتی حکومەتو دەکرێت ئەم ویستەش لەرێگەی هەڵبژاردنە کاتییە خاوێنەکانەوە گوزارشتی لێبدرێت بەدەنگدانێکی گشتگیرو یەکسان، ئەمەش لەرێی دەنگدانێکی نهێنییەوە یان لەرێی چەند شێوازێکی دەنگدانی ئازادی هاوشێوەوە دێتەدی[1]. هەروەها بەمەبەستی جۆراوجۆرکردنی بوارەکان، ئەم پێوەرانە بەپێی رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە سیاسی ومەدەنییەکان[2] و رێکەوتننامەی ئەمریکا

---

[1] جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، ئەنجامەکانی کۆبوونەوە گشتییەکان 217 أ (I I I) لە 10ی دیسەمبری 1948 بەندی 21، برگەی 3 (پاشان UDHR ).

[2] رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە سیاسیو مەدەنییەکان ئەنجامەکانی کۆبوونەوەی گشتی 2004/2000 (XXI) لە 16ی دیسمبری 1966، بەندی 25 (پاشان ICCPR )

**بۆ مافەکانی مرۆڤ[3]. ڕێکەوتننامەی ئەفریقی مافەکانی مرۆڤ[4]،و ڕێکەوتنی ئەوروپی بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤ پرەنسیپەکانی ئازادییەوە[5] شییاوی جێبەجێکردن دەبن.**

**هەروەها هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان بونەتە مەرجی بەئەندامبوون لەڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو بنەما بۆ مۆڵەت پێدانی حکومەتەکان لەکۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکاندا[6].**

**سەرباری ئەمانەش، دامودەزگا نێودەوڵەتیو ناوچەییەکان دانیان بەو ڕاستییەدا نا، کەمافە سیاسیو مەدەنییەکانی وەك ئازادی ڕادەربڕینو ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانو پێکهێنانی ڕێکخراوەکانو چوونە ناو پارتە سیاسییەکان پێویستن بۆ دامەزراندنو بەردەوام بوونی حکومەتی دیموکراسیو سەروەری یاسا[7].**

**جاران ئەم مافانە ڕەوتی بۆچوونە تایبەتییەکانیان دوادەخست سەبارەت بەئەنجامدانی هەڵبژاردنو ناونوسکردنی دەنگدەرانو ڕەوتی پرۆسەی دەنگدان.**

**لەساڵی 1990 ەوە تا ئێستاو دەرئەنجامی چالاکییە هاوبەشەکانی ئەم دامودەزگاو پەیمانگایانە بۆبەڕێوەبردنو سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانو کارە تەکنیکییەکان توانرا بەشێوازێکی قۆناغ بەندی**

---

[3] ڕێکەوتننامەی ئەمەریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەندی 23 ( O.A.S ) ڕێکەوتننامەی ژمارە 123 1144، 36 U . N.I.S ( لە 18 ی تەموزی 1978 دا جێبەجێ کرا (پاشان A C H R )

[4] . ڕێکەوتننامەی ئەفریقی بۆ مافەکانی گەلانو مرۆڤ، بەندی 3/67/ AU DOC . CAB / L E G (لە 27ی حزیرانی 1981 دا جێبەجێ کرا ( پاشان A C H P R ) .

[5] ڕێکەوتننامەی ژمارە 1ی ئەوروپی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤو پرەنسسیپەکانی ئازادی ، بەکۆی 3 UN .T. S ، ژمارە 9 E.T.S ،3 (لە 20ی نیسانی 1952 دا ئیمزا کرا (پاشان بوە پرۆتۆکۆڵی ئەوروپی).

ئەم بەندە چەند ڕێگرێکی خستەبەر ((گەورە پارتە هاوپەیمانەکان)) بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ماوەی خۆیاندا بە دەنگدانی نهێنیو بە کەشو هەوایەکی ئازاد بۆ ڕادەربڕین سەبارەت بە ویستو بۆچونەکانی میللەت بۆ هەڵبژاردنی دەستەی یاسایی کۆنگرەی ئەوروپیو دادگای مافەکانی مرۆڤ، ( تەماشای دەقی هاوپیچ بکە لە تێبینی 21ی خوارەوە)

[6] سەیری پرۆتۆکۆلی ڕاستکردنەوەی ڕێکەوتننامەی ڕێکخراوەکانی ویلایەتە ئەمریکیەکان بکە، بەندی I (14ی دیسەمبری 1992)( پاشان بوە پرۆتۆکۆلی واشنتن)، ڕەزامەندی مۆناکۆ بۆ کۆنگرەی هێزەکانی سوپای ئەوروپی بۆ ڕاستکردەوەی یاسای هەڵبژاردن(ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لە حوزەیرانی1999

[7] سەیری کۆنگرەی مافەکانی مرۆڤ بکە، ڕێنمایی گشتی ژمارە 25 لەسەر مافی بەشداریکردن لە مەسەلە گشتیەکان، مافەکانی دەنگدان، مافی بەیەکسانی گەیشتن بە خزمەت گوزاریە گشتیەکان، برگەی 8 (1996) ( پاشان بووە تێبینی گشتی ژمارە 25) بریارەکانی کۆنگرە لەسەر مافەکانی مرۆڤ 1999/57 بۆ گەشەسەندن بە مافە دیموکراتیەکان.

**پەیکەرێکی پراکتیکی و تۆکمە پێکبهێنرێت، کەلە رێیەوە بتوانرێت بەها نێودەوڵەتییەکان سەقامگیر بکرێن لەهەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا[8].**

**لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لەرێی پێوەرو رێنماییەکانەوە حوکم بدرێت بەسەر سروشتی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا، وەك رێنیشاندەرێکی پراکتیکی و باشترین جێبەجێکردن بۆ هەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا، لەسەرووئەمانەشەوەوەك بنەمایەك بۆ پتەوکردنی پێوەرو رێنمایییە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەڵبژاردنەدیموکراسییەکان لەسەدەی (21) دا[9]. پێویستی بەم جۆرە پێوەرو رێنماییانە زۆرە، زۆرجاریش وشەکانی وەك ( دەوری، رەسەن، دیموکراسی ) بەبێ سوود بەکاردێن لەگەڵ ئەوەی کەدەبوایە هاوبەشی بیروڕاو بۆچوونە سیاسییەکان بوونایە. یەکێك لەنوسەران ئەو راستییەی رەچاوکرد کە:**

**(( لەروی پراکتیکییەوە، دەکرێت وا ئاسان بێت کەلێکۆڵینەوە سەبارەت بەپاکیی و رەسەنێتی هەڵبژاردنەکە بکرێت، ئەوەش بەجەخت کردن لەسەر بەڵگەو نیشانەو کارتێکەرە ئاشکراو دیارەکان و لاوازی ناوەرۆکی هەڵبژاردنی تەنها یەك پاڵێوراو و تەنها یەك پارت، یان تۆقاندن و ترساندنی دەنگدەران[10])).**

**ئەم وزەو توانایانە دەستمان دەگرن بەرەو پۆڵێن کردنی ئەو فەرمانانە ئەمەش بەئاماژە کردن دەبێت بۆ چەند رێساو سیستمێکی شیاو بۆ جێبەجێکردن لەرووی بابەتییەوە.ئەم رێبەرە کراوە بەسێ بەشەوە[11].**

---

[8] . سەیری هەڵبژاردنەکانی (جودن – جیل G . S ) ی ئازادو پاك بکە:

یاساو جێبەجێ کردنی پراکتیکی، P . L ، یەکێتی پەرلەمانتارە بەسالاچووەکان، جەنەوا (1994) . (پاشان بووە (جودن –جیل) هەندێك دامو دەزگا چەند هاوکارییەکی باشیان کرد بۆ پێشخستنی پێوەرە نێودەوڵەتیییەکانی هەڵبژاردن لەساڵی 1990 دا هەروەکو ئەوانەی لە نەتەوە یەکگرتوەکانن : سەنتەری کارتر(center.orgwww.carter) ، یەکێتی پەرلەمانتارە بەسالاچووەکان (org.www.ipu) ،و پەیمانگای نێودەوڵەتی دیموکراتییەت و هاوکاری هەڵبژاردنەکان ( www.idea.net ) .

[9] . جودین – جیل.

[10] یەکەمجارە

[11] . هەروەکو پێشتر لەلایەن پرۆفیسۆر جودن –جیل گفتوگۆکراوە، باشتر وایە کە ئەم گفتوگۆیە بکەین بە سێ بەشەوە بە مەبەستی خستنە روی رەهەندەکانی یاسای نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە پێوەرو مەرجەکانی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنێکی زیندوانەوە، لەگەڵ دەرخستنی هەڵوێستی وڵاتەکان سەبارەت بە بەرهەڵستکاری کردنی پەیمان و بڕیارەکان و گرتنە خۆو جێبەجێ کردنی هەریەکە لەم وڵاتانە بۆ ئەم رێنماییانە. کاری یەکەم، ص3، هەروەها تەماشای پرۆژەی ACE (2002) بکە.

بەشــی یەکــەم بــاس لەباکگراونــدی مافــە نێودەوڵەتییــەکانی مــرۆڤ دەکــات کەپەیوەنــدییان بەهەڵبژاردنــە دیموکراسییەکانەوە هەیە. ئەمەش، ئەو پێوەرو ڕێنماییە جیهانیو ناوچەییانە دەگرێتەوە کاریگەری کار لەسەر مافی بەشداربوونی جەماوەری و نوێنەرایەتی حکومەتو ڕۆڵو دەسەڵاتی یاسا دەگێرێتەوە بۆ ئەو ئازادییانەی کەپێشـــــتر پەیوەنـــــدییان بـــــەمافی ڕادەربڕینـــــەوە هـــــەبووە ، وەك لــــــە ( کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانەوە. )

بەشی دووەمیش باس لەبنەما سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراسی دەکات،[12] ئەم بابەتانەش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

یاسـا ،کارگێڕیی، سیسـتمی دەنگـدان، ناونووسـی دەنگـدەران، پـەروەردەی مـەدەنی، زانیـاری دەنگـدەر ، پـاڵێوراوان، پارتـە سیاسـییەکان ، تێچـوونی هەڵمـەتی هەڵبژاردنـەکان ، گەیشـتن بـەهۆکارەکانی ڕاگەیانـدن، بـەرگریکردن لـەئازادی گـوتنو ڕادەربـڕین لـەو هەڵمەتانـەدا، دەنگـدانی نهێنـی ، چـاودێری هەڵبـژاردنو چارەسەرکردنی کێشەو ململانێکانی هەڵبژاردن. ئەم بەشە بۆ ئەوە دانراوە کەنمونەیەکی پراکتیکی بێت لەگەڵ یان دژ بەباکگراوندی یاسا نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراسی.هەروەها باس لەپێداویستیەکانی یاسای هەڵبژاردن دەکات کەبریتین لەهۆکارە نێودەوڵەتیو ناوچەییەکان.

بەشی سێیەم باس لەباشترین شێوازەکانی جێبەجێکردن دەکات لەگەڵ ئەو پێوەرانەی کەباس لەو بەشە پراکتیکییانـە دەکـەن کـەدەبێت لەهەڵبژاردنـە دیموکراسـییەکاندا بێنـەدی، وەك باکگراونـدێکی نێودەوڵـەتی بـۆ مافەکانی مرۆڤ. و بەپێی ئەو بنەمایانەی لەدوو بەشی ڕابردوودا باسیان لێوەکراوە، ئەم بەشە هـەوڵ دەدات بـۆ دارشتنی چوارچێوەیەك بۆ هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان، هـەروەها دوو خشـتەی پوختـە کراونەتـە پاشـکۆی ئـەم بەشـە. یەکـەمیان خشـتەیەك بـەو پێوەرانـەی کەپێشـتر گفتوگۆیـان لەسـەر کـراون لەگـەڵ باشـترین ڕێنماییـەکانی هەڵبـژاردنی دیموکراسـی، دوەمیـان خشـتەیەکە سـەبارەت بەکورتـەی یاسـای کـۆنگرەی ئـەورووپیو دادگـای مافەکانی مرۆڤ، لەگەڵ دیاریکردنی ئەنجامی گفتوگۆکان لەو پەرەیەدا.

## دووەم – پاشینەی باکگراوندی مافەکانی مرۆڤ بۆ هەڵبژاردنیدیموکراسی:

### * باکگراوندە نێودەوڵەتییەکان:

---

[12] یەکەم بڕیار، ئەم بەشە تایبەتە بەو گفتوگۆیانەی پەیوەندیدارن بە هۆکارە نێودەوڵەتییە تایبەتییەکانەوە کە بـاس لـە ئـەنجامی بچوکترین سیستمی هەڵبژاردن دەکەن.

دارشتنی پرەنسیپ و بنەما نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراسی کەبەکورتی لە ICCPR[13] و UDHRدا بەندی 21 لەUDHRدا راگەیەنرا، کەئەوانیش پێنج بنەمای سەرەکی دەهێننە دی بۆ دەنگدەری دیموکراسی کەبریتین لە: شەرعیەت ، بەخول هاتنەوە، دەنگدانی نهێنی، دەنگدانی یەکسان و گشتگیر، ئەم بنەمایانەش دەبێت وەربگێردرێن بۆ چەند پایەو سیستمێکی یاسایی بەپێی بەندی 25 I CCPR کەسێ خاڵی یاسایی زیادکردووە بۆ بەرپرسانی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان، ئەوانیش بریتین لە: جیاوازی نەکردن، هەڵبژاردنی راستەوخۆ، ئازادی رادەربڕین و لەهەمان کاتیشدا هەستان بەجیاکردنەوەی بەندی 21 UDHR کەبریتییە لەو کۆمەڵە مافەی کەراگەیەنراون بۆ رێکخستنەوەی ناوخۆ بۆ سێ تیم بەردەوام بوونی ناسەربەخۆیی، پەسەندکردنی مافی بەهاوڵاتی بوون و مافی بەشداربوون لەهەڵبژاردن و مافی گەیشتن بەخزمەتگوزارییە گشتییەکان.

**چوار بەندی ICCPR بنەماو پرەنسیپە پەیوەندیدارەکان دەستنیشان دەکەن، ئەمەش لەبەندی 19ی ICCPRدا هاتووە کەدەڵێت:**

1- هەموو کەسێك مافی راگەیاندنی راوبۆچونەکانی هەیە بەبێ گرفت.

2- هەموو کەسێك مافی ئازادی رادەربڕینی دەبێت، ئەم مافەش (ئازادی و گەران و پشکنین و وەرگرتن و گواستنەوەی زانیاری و بیرورا بەهەموو چەشنەکانییەوە) دەگرێتەخۆ، بەبێ گوێدانە سنورەکان.

3- جێبەجێکردنی ئەو مافەی لەبڕگەی پێشووی ئەم بەندەدا هاتووە چەند ئەرك و پێداویستییەکی هەیە، کەلەوانەیە هەندێك رێگەیان بۆ دروست ببێت، بەڵام هەر دەبێت بەپێی یاسابێت، ئەم ئەرکانە بریتین لە:

ا/ رێزگرتن لەماف و ناوبانگی کەسانی تر.

ب/بەرگریکردن لەئاسایشی نەتەوەیی و یاسای گشتی و رەوشت و تەندروستی گشتی.

لەبەندی 20دا هاتووە لە(ICCPR) کە((دەبێت دانبنرێت بەمافی گەلە ئاشتیخوازەکاندا و نابێت هیچ کۆسپێك بخرێتە بەردەم ئەنجامدانی ئەم مافەیان و ئەو مافانەش کەلەگەڵ یاسادا گونجاوو پێویستن بۆ کۆمەڵگای دیموکراسی و ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی گشتی و بەرگریکردن لەرەوشت و تەندروستی گشتی و بەرگریکردن لەماف و ئازادییەکانی گەل.

---

[13] ICCPR سەرچاوەی پێشوو لە 3 ، مادەی 25 .

**لە ماددەی 22 ی (ICCPR)دا هاتووە کە:**

**1 . هـەموو کەسـێك مـافی یـەکگرتنی هەیـە لەگـەڵ کەسـانی تـر وەك خۆپێکهێنـانو چـوونە نـاو یەکێتییـە بازرگانییەکان بۆ پاراستنی مافەکانی خۆی.**

**2. نابێت هیچ کۆسپێك بخرێتە بەر جێبەجێکردنی ئەم مافە لەگەڵ ئەو مافانـەی یاسا دیاریکردوونو پێویستن بۆ کۆمەڵگای دیموکراسیو ئاسایشی نەتەوەییو ئاسایشی گشتیو یاسای گشتیو بەرگری لەرەوشتو مافو ئازادییەکانی گەل.**

**3. ئەم مافە سیاسییانە پەیوەستن بەتوانا یاسادانانو یاساییەکانەوە بۆ هەڵبژاردنێکی پاكو ئازاد بەشێوەیەك کەچوارچێوەیەکی یاسایی دابنێت بۆ بەدیهێنانی ویستی تاکەکان بۆ نوێنەرایەتی حکومەتەکەیان.**

**لە بەندی 25 ی (ICCPR)داهاتووە کەهەموو هاوڵاتیەك مافی دەستەبەرکردنی ئەو مافانـەی هەیـە کەلەبەنـدی 2دا باسکراون بەبێ گیروگرفت، ئەوانیش بریتین لە:**

**ا) بەشداریکردنی راستەوخۆ لەپێکهێنانی کاروبارە گشتیەکانیان لەرێی هەڵبژاردنێکی ئازادی نوێنەرانەوە.**

**ب) بەمەبەسـتی ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنێکی رەسـەنو خـولیی، دەنگـەکان لەرێیدەنگـدانی نهێنـیو گشـتگیرو یەکسانەوە کۆدەکرێنەوە، بەشێوەیەك کەویستو ئارەزووی دەنگدەرانی تێدا بەرجەستە بکرێت.**

**ج) ئازادی گەیشتنی تاکەکان بەیەکسانی بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان.**

**ئەم بەندانە ناوەرۆکی ئەو پرەنسیپانە دیاری دەکـەن کەبنچینەکانی مـافی ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنی دیموکراسـی پێکدێنن[شمتر].**

---

[14] لەگەڵ ئەوەی کە ئەمە بەیەکێك لە بەندە سەرەکیەکان دەژمێررێت، شایەنیباسە کە پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتی لە یاسا گشتیەکانەوە هەڵدەهێنجرێن، هەروەکو پرۆفیسـۆر جـودین – جیـل دەستنیشـان کـرد، کـە دەکرێـت پێـوەرە نێودەوڵەتیـەکان لـە رێـی ناوەرۆکی یاسای نێودەوڵەتیەوە ئاراستە بکرێن، کە لە مادەی 38 ی دادگـای نێودەوڵـەتی بـۆ دادپـەروەری لـە یاسـادانانـدا هـاتووە لـە سـاڵی (1946)و رایگەیاند کە دەسەڵاتی وەرگیراوە لە :

1.کۆنگرەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان.

2.ئەو نەریتە نێودەوڵەتیانەی کە پشتگیری لە جێبەجێ کردنی گشتی یاسادا دەکەن.

3.پرەنسیپە گشتیەکانی یاسا،و بەتایبەتی ئەوانەی لەلایەن گەلە شارستانیو پێشکەوتووخوازەکانەوە جێبەجێ دەکرێن.

هەروەها ئەم بەندانە کارئاسانی دەکەن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکان، هەرچەندە وڵاتەکان بەڵێنی بەدەستهێنانی ئاستی پێشکەوتوو[ت] دەدەن لەهەڵبژاردنەکانیاندا بۆ گەیشتن بەئامانجە نێودەوڵەتییەکان. سەرکەوتنیش لەجێبەجێکردنی پێوەرەکان پابەندن بەو هۆکارانەی دەستنیشان دەکرێن بۆ بەکارهێنان. لەگەڵ ئەمانەشدا پێوەری سەرکەوتن هەر بەنێودەوڵەتی دەمێنێتەوە،چونکە هەڵبژاردنی ئامرازەکان دەبێت لەرێی نوسراوی مافە سەرەکییەکانی مرۆڤەوە بێتەوەك ئامرازێك بۆ دابینکردنی نەهێشتنی جیاوازیی و گشتگیریی و یەکسانی دەنگدان و دەنگدانی نهێنی و هەموو رێنماییە یاساییەبەسودەکان و داناییخواستی گەل وەك بنەمایەك بۆ دەسەڵاتی حکومەت[ت].

* باکگراوندە هەرێمییەکان :

هەموو ئەو پێوەرانەی پێشتر باسکران ، دەکەونە نێو ئامرازەکانی مافە هەرێمییەکانی مرۆڤەوە[ت].

خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی ئەوروپی 1950 بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی ئازادی جەختی لەسەر قووڵی بڕوای وڵاتە هاوپەیمانەکانی کردەوە .(( ئەو مادانەی کەپرەنسیپەکانی ئازادی تێدایە، وەك دەستەبەرکردن، بریتین لەدامەزراندنی دادپەروەری و ئاشتی لەجیهاندا بەرێگەیەکی دیموکراسی و سیاسی))[ت].

لەگەڵ ئەوەشدا مافی دەنگدەر (جیاوازە لەمافەکانی ژیان لەسایەی نوێنەرایەتییەکی دیموکراسیدا )، کەلە پەیکەری رێکەوتننامەکە دەستنیشان نەکراوە، بەڵام لەبەندی 3 ی پرۆتۆکۆلی یەکەم داهاتووە کەدەڵێ:

(( دەبێت پارتە گەورە هاوپەیمانەکان هەڵبژاردنی ئازاد و دەوری ساز بکەن لەرێی دەنگدانی نهێنییەوە، بەمەرجێك ئازادی رادەربڕینی گەلی تێدا مسۆگەر بکرێت بۆ هەڵبژاردنی دەستەی یاسادانان)).

دادگای ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ تێبینی ئەوەی کرد کەپاراستنی رەوتی گەشەسەندنی پرەنسیپە سەرەکییەکانی دیموکراسی شێوازی رێکخراوەیی دەوێت بۆ سازکردنی هەڵبژاردنی ئازاد بەمەبەستی

---

4.بڕیاری دادوەرییەکانی دادگا نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانەبۆ فێرکردنی دادپەروەرە هەمە رەگەزەکان و خاوەن توانابەرزەکان. جودین – جیل.

[ت] جودین –جیل V L .

[ت] فەرمانی 1،7 .

[ت] ئەمە بە پەراوێکی (OSCE / ODIHR ) دادەنرێت، کە باکگراوندی هەرێمی تێدا دەستنیشانکراوە بۆ هەرێمی (OSCE ) .

[ت] جودوین –جیل ، 14 ، ژمارە 9ی پێشوو.

گەیشتن بەئاستێکی گشتگیر بۆ پرۆسەکەو دابین کردنی مافە سەرەکییەکانی بەشداربووان وەك (مافی دەنگدان ومافی سازکردنی هەڵبژاردنی دەستەییاسادانان)[*].

لەو وشە گشتگیرو بەهێزانەی تایبەتن بەرێزگرتن لەهەڵبژاردن[**] ئەو دێرانەبوون کەلە راپۆرتی کۆبنهاگنی ساڵی 1990دا هاتووە، ئەویش رەچاوکردنی وڵاتە بەشداربووەکان بوو بۆ ئەو راستییەی، کەدیموکراسی فرەیی و دەسەڵاتی یاسا دوو بنەمای سەرەکی رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤو پرەنسیپەکانی ئازادی، هەروەها لەراپۆرتی کوبنهاگندا هاتووە، کە:

(( هەڵبژاردنی ئازاد لەپێداویستییە سەرەکییەکانی رادەربڕینی تەواوو پاراستنی مافەکانی یەکسانی و پاراستنی سەروەت و سامانی گەل کەبەشێوازێکی دەوری ئەنجام دەدرێت لەرێی دەنگدانی نهێنییەوە .. حکومەتێك کە لەلایەن کەسانێکەوە نوێنەرایەتی بکرێن کەهەمیشە ئامادەبن بۆ لێپرسینەوە لەلایەن دەستەی یاسادانان هەڵبژێرراوو دەنگدەرانەوە. لەگەڵ جیاوازی تەواوی نێوان دەوڵەت و پارتە سیاسییەکان.

برگەی 7 ی راپۆرتی کوبنهاگن گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە دەبێت وڵاتانی ئەندام پابەندبن بە:

* سازدانی هەڵبژاردنی ئازاد لەنێوان دوو ماوەی گونجاوی دیاری کراودا بەپێی یاسا.
* مسۆگەر کردنی دەنگدانی سەرانسەری و یەکسانی بۆ هاوڵاتیانی پێگەیشتوو.
* ئەنجامدانی دەنگدان بەشێوازێکی نهێنی، یان بەچەند شێوازێکی گونجاوو هاوشێوەو دەست پاکی لەجیاکردنەوەو راگەیاندنی گشتی ئەنجامەکان.
* رێزگرتن لەمافی یەکسانی هاوڵاتیان لەگەڕان بەشوێن ئەو پارتە سیاسی و لایەنانەی کەدەیانەوێت پەیوەندییان پێوە بکەن و نوێنەرایەتی پارت و رێکخراوە سیاسییەکانیان بکەن.
* رێزگرتن لەمافی پێکهێنانی پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی ترو دابینکردنی پاڵپشتە یاساییە پێویستەکان و هاندانیان بەرەو کێبڕکێ لەسەر بنەماکانی یەکسانی لەبەردەم یاسادا.
* دابینکردنی کەش و هەوایەکی پاك و ئازاد بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بەشێوازێك کەلێپێچینەوەی ئیداری و تیژ رەفتاری و تۆقاندن و ترساندن رێگە نەگرێت لەحیزب و پاڵێوراوان بۆ نوێنەرایەتی ئازادانەی راو

[*] ماشیو – موهین و کلیرفایت ، ف. بلجیوم، ژمارە 143/95/1985/9 /47( 2ی ئازاری 1987) (پاشان بە ماسیو موهین ناسرا).

[**] جودوین –جیل ،23، ژمارە 9ی پێشوو.

بۆچوون و لێهاتنەکانی خۆیاندا،یان ڕێگرتن لەدەنگدەران بۆ فێربوون و گفتوگۆ یان دەنگدانیان بێ هیچ جۆرە ترس و خەمێك لەبوونی سزا.

* لابردنی ئەو کۆسپ و تەگەرە کارگێری و یاساییانەی دێنەڕێگەی بەئاسانی گەیشتن بەهۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەبێ جیاوازی لەنێوان ئەو پارتە سیاسی و تاکانەی ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا.

* دەستنیشانکردنی ئەنجامی ئەو پاڵێوراوانەی کەرێژەی یاسایی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە لەبنکەکانی دەنگداندا و هێشتنەوەی ئەو ئەنجامانە تا دواکاتی کۆتایی هێنانی یاسایی و دەستوریی بەپرۆسەکە.

برگەی (8) ی ڕاپۆرتی کۆبنهاگن باسی لەئامادەبوونی چاودێری نیشتمانی و بێگانە کردووە بۆ پشتگیری و باشتر ئەنجامدانی پرۆسەیهەڵبژاردن و دوپات کردنەوەی هاوکاری و هەمئاهەنگی و ئاڵوگۆرکردنی زانیاری گرنگ بۆ هەڵبژاردنی دیموکراسیانە[*].

تازەترین هەوڵ بۆ لابردنی کۆت و پابەندییە ناوچەییەکان بریتی بوو لەهەوڵدانی (کۆنگرەی ئەوروپی) و (مفوض)یەتی ئەوروپی بۆ دیموکراسیزەکردن لەرێی یاساوە بوو، (مفوض) یەتی ڤینسیا) لەخولی 5–6 ی تەموز و 18–19ی ئۆکتۆبەری 2002 ، کەتێیدا گفتوگۆکرا لەبارەی (گوڵبژێرێکی باشی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا و ڕێنماییەکان و ڕاپۆرتە روون کەرەوەکان).

ئەم ڕێنماییانە لەگەڵ ڕاپۆرتی کۆبنهاگندا هاوشێوەن، چونکە لیستێکی سەرانسەری تێدایە سەبارەت بەپرەنسیپ و سیستمەکانی هەڵبژاردنی ئەوروپا.

**بەم شێوەیە فاکتەرە نێودەوڵەتییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیموکراسی لەرێنمایە ناوچەییەکاندا جێگیرکران.**

ڕێپێدانی بەشداری بەلای کەمەوە لەیەك کۆنگرەی دەستەی یاساداناندا بەشێوازێك کەلە ڕێگە دەنگدانێکی گشتییەوە، کێبڕکێیەکی ئازادی بۆ ئەنجام بدرێت[**].

---

[*] . ڕاپۆرتی کۆنگرەی کوبنهاگن تایبەت بە ئامانجە مرۆڤایەتییەکان، (کۆنگرەی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپی) ، لە 29ی حوزەیرانی 1990 ، ILM 5،29 ( پاشان بە ڕاپۆرتی کۆبنهاگن ناسرا) .

[**] فەرمانی ا .

## سێهەم - بەشە پێکهێنەرەکانی سیستمی هەڵبژاردنیدیموکراسیانە :

ئەم بەشە بەکۆڵینەوە لەپێکهێنەرە پێویستەکانی سیستمی هەڵبژاردنی هەڵسەنگێنرا ، کەیاساو بەڕێوەبردن دەکەونە ژێر سایەی ئەو پێوەرانەی مافەکانی مرۆڤ کەپێشتر گفتوگۆیان لەسەر کرا. هەروەها لەم بەشەدا باس لەبابەتە پەیوەندی دارەکانی ئەم باسەو ئەو هۆکارە جۆرەکیو نێو دەوڵەتییانە دەکرێت، کەدەبنە ڕۆشنکەرەوەی ئەم توخمو بەشانە[سمیر].

**بەشە پێکهێنەرەکانی بۆ ئەم پۆلانە دابەش دەبن:**

أ) سیستمی هەڵبژاردن.

ب) دابەشکردن.

ج) بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن.

د) مافەکانی دەنگدانو تۆمارکردنی دەنگدەران.

ه) پەروەردەی مەدەنیو زانیاری دەنگدەر.

و) پاڵێوراوانو پارتە سیاسییەکانو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.

ز) بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنو بەرگریکردن لەئازادی

ح) ڕادەربڕینو گووتن لەهەلمەتەکانی هەڵبژاردندا.

ط) دەنگدانی نهێنی.

ي) چاودێری هەڵبژاردن.

ك) چارەسەرکردنی کێشەکانی هەڵبژاردن[شمیر].

### ا/ سیستمی هەڵبژاردن:

[یر] لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر ECHR ، زۆر گرنگە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە هەندێك لە پرەنسیپەکانی پشتگیری لەو بۆچوونە دەکەن کە هەڵبژاردنی دیموکراتی چەند ئامانجێکی دژ بەیەکی هەیە وەك: پێویستی بیرکردنەوەی هێمنانە لە ڕاوبۆچوونی دەنگدەران، دژە لەگەڵ پێویستی بە نوێنەرایەتی خێراو گونجاو بۆ بۆچوونە فکریەکان، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئاواتو خەونە سیاسیەیە پتەوو ئاشکراکان. هەروەها یەکسانی مامەڵەکردنی دەنگدەران ئەوە ناگەیەنێت کە یەك کێش بۆ هەموو دەنگەکان دادەنرێت.

[یر] جودوین – جیل 27 .

پێویستە لەهەڵبژاردنی دیموکراسیدا سیستمێکی هەڵبژاردن هەبێت کەبتوانێت ویستو ئارەزوەکانی گەل ( دەنگدەرەکان) وەرگێڕێ بۆ کورسیو متمانەی دیاری کراو بۆ چەند نوێنەرێکی هەڵبژێردراوو (یاسایی).

ئەم سیستمە یان دەبێت (رێژەیی) بێت یان دەبێت بەشێوەی زۆرینەی دەنگەکان بێت یان هەردوکیان بەیەکەوە. جگە لەسیستمەکەش میکانیزمێکی تر هەیە، کەرێژەی دەنگەکان دەگۆرێت بۆ نوێنەرانی حکومەت لەدەستەی یاسادانانەدا.

زانستی یاساو ئەنجامی کۆبونەوە گشتییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان رەچاوی ئەو راستییەیان کرد، کەسیستمێکی گونجاو نییە بۆ هەموو وڵاتەکان[25] چونکە ئەم جۆرە بەرنامەو سیستمانە دەکەونە ژێر کاریگەری چەند هۆکارێکی مێژوویی و سیاسی و کەلەپووریو ئایینی ... هتد یەوە[26].

لەگەڵ ئەوەشدا هەرکام لەسیستمەکان دەستنیشان بکرێن دەبێت پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دەستەیەکی یاسادانانو یاسایی فەراهەم بێنێت، کەنوێنەرایەتی گشت چینو توێژو لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی وڵات بکات[27]. بۆیە دەبێت سیستمە دەست نیشان کراوەکە کارئاسانی بکات بۆ هێنانە دی ئاواتو ویستی گەل لەرێی هەڵبژاردنێکی رەسەنو دەوری کەلەسەر بنەمای گشتگیریو یەکسانی مافی دەنگدانی نهێنییەوە بەرێوەببرێت[28].

واتای وشەی (دەوری) بەپێی شێوازی شیکردنەوەو درێژی ئەو ماوەیەی کەپێی دەچێت لەنێوان هەڵبژاردنەکاندا دەگۆردرێت. شایەنی باسە کۆنگرەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ خولی هەڵبژاردنی خۆی بەپێنج

---

[25] ماسیو– موهین ، ژمارە 21 ی پێشوو لاپەرە 54، ئەنجامەکانی کۆبوونەوە گشتیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە 137/47لە (17 ی دیسەمبەری 1991 )و 130/47 لە (18ی دیسەمبەری 1992) دا.

[26] . جودوین – جیل، 28 ، ژمارە 9ی پێشوو.

[27] . ماسیو – موهین ، ژمارە 21ی پێشوو لاپەرە 54 پارتی لیبراڵی ف. مەملەکەتی یەکگرتوو ، PP A ژمارە Eur 21و 8765/79 Commin لە دیسەمبەری H.R (1980) 221و 211 Rep .

[28] جودوین – جیل ، 28 ژمارە 9ی پێشوو.

سالْ داناوه، کەئەمەش ماوەیەکی ئاساییە لەنێوان دوو هەڵبژاردندا لە(4) تا (5) ساڵدا بۆ دەستەی یاسادانان نیشتمانی[29].

شایەنی باسە، کەدەبێت ماوەیەکی باش هەبێت لەنێوان بانگکردن و دەست پێکردنی پرۆسەکەدا، بەشێوەیەك ، کەبوار بەپارتە سیاسی و پاڵێوراوەکان بدرێت، بۆ خۆسازکردن ، بەتایبەتی بۆ گەیاندنی پەیامە سیاسییەکانیان بۆ دەنگدەران.

ئەو دامودەزگا یاساییانەی کەدەبێت لەرێی دەنگدانێکی راستەوخۆو گشتگیرەوە هەڵبژێردرێن بریتین لە:

1– بەلای کەمەوە یەك پەرلەمانی نیشتمانی.

2– دەستە یاساییەکانی هەرێم و ناوچەکان.

3– دەستە یاساییە ناوخۆییەکان.

لەگەڵ ئەوەش دا، مەرج نییە ئەم برگانە بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێن.

لەکێشەی ماسیوس ف. مەملەکەتی یەکگرتودا، دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ وشەی }زۆر پێویستە{ ی بۆ بەندی سێهەمی پرۆتۆکۆڵی یەکەمی (ECHR ) زیادکرد لە(پرۆژە یاساییەکاندا) بۆ ئەوەی ببێت بەبەشێکی یاسایی[30]. بەم شێوەیە دەکرێت بڕگەکانی سەرەوە فراوانتر بکرێت.

**ب/ دابەشکردن:**

دەبێت سیستمی هەڵبژاردن یەکەکانی هەڵبژاردن رێك بخات، ئەمەش نیشانکردنی سنورەکانی هەڵبژاردنی پێویستە لەگەڵ :

1. رادەی سەردانی سەنتەرەکانی هەڵبژاردن.
2. پێوەرەکان.
3. رادەی بەشداریکردنی جەماوەر.

---

[29] .کۆنگرەی بریاردا لەسەر قبوڵ کردنی لە کێشەی تیمکی ف. ئەلمانیا . راپۆرتی ژمارە 27311/95/11 لە دیسەمبەری 1995 دا . http://hudoc.each.coe.int

(کۆنگرەکە پێنج ساڵی دانا وەك ماوەی پەسەندکراوی نێوان دوو پرۆسەی هەڵبژاردن).

[30] دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ . راپۆرتی ژمارە 18، 28433/94 مانگی شوبات 1999.

4. ڕێزگرتن لەدەسەڵاتی یاساو پاکی دەزگا حکومییەکان.

5. دەست نیشانکردنی دەسەڵاتی باڵا بۆ دەست نیشان کردنی پلانی کۆتایی یەکەکانی هەڵبژاردن.

6 . کۆنترۆڵ کردنی کەش‌و هەوای کارکردن، کاتێك ئاستی بەشداربوان لەیەکەیەکی هەڵبژاردن لەرادەی دیاریکراوی خۆی زیاتر دەبێت.

پرۆسەی هەڵبژاردن جەخت لەسەر بنەمای یەکسانی دەکاتەوەو لەمافی دەنگدان دا، ئەمەش توانای هەڵبژاردنی دەوێت لەژێر سێبەری ئەو دروشمەی دەڵێت }نابێت کێشی هەر دەنگێك لەوانی تر جیاوازی هەبێت { .ئەمەش پێویستی بەسیستمی رێژەیی ناکات.

لەسکاڵایەکی ئامادەکراوەوە لەلایەن مەملەکەتی یەکگرتوەوە، دادگای ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ کەبە ECHR ناسراوە هەستا بەشی کردنەوەی بەندی 3 لەپرۆتۆکۆڵی یەکەمی (ECHR) بەرەو ئەو واتایەی کەدەڵێت دەبێت دەرفەتی تەواو بدرێت بەگشت پارتە سیاسییەکان بۆ ئامادەکردنی پاڵێوراوانیان بۆ هەڵبژاردن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەسیستمێکی هەڵبژاردنی ئەوتۆ بەکاربهێنرێت کەژمارەی گشتی دەنگەکانی هەموو پاڵێوراوێك بخاتە روو

لەپێکهاتەی دەستەی یاسادانانداتیم.

لەروانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە دابەشکردن بەگونجاوترین شێواز دادەنرێت لەگەڵ سیستمی گشتی هەڵبژاردندایم.

## ئامانجە گشتییەکانیش بریتین لە:

}وەرگێرانی خواستی گەل بۆ حکومەتێکی لێهاتوو پێکهاتوو لەنوێنەرایەتی گەل{سم.

---

[31] V.X مەملەکەتی یەکگرتوو A P P ژمارە 7140/7547 دیسەمبەری (1976) 97–95،96 .

رای خۆی دوپات کردەوە بەرامبەر بە ماسیو – موهین، ژمارە 21 ی پێشوو لە (23–24)ی 1985، تەماشای پارتی لیبراڵی 70 مەملەکەتی یەکگرتوو ژمارە 29ی پێشوو لە 211.

فەرمانی 1.

فەرمانی 1.

جارێکی تر هۆکارەکانی جیاوازی لەژمارەی دانیشتوان، جوگرافیا، دابەشبونی دانیشتوان، بازرگانی هاوبەش، سەرچاوەی کانزاکان‌و رادەی جیاوازی بیروراکانی نێوان دەوڵەتەکان زیاتر دەکەشمم.

جیاوازیی لەرێژەی نوێنەرایەتی دانیشتوان لەنێو یەکەکانی هەڵبژاردندا چەندین پرسیاری وروژاندووە، لەسەر ئەگەرەکانی ماف خواردنی کۆمەڵێك کەس‌و ئایا ئەمەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا هەیە؟و ئایا دابەشکردنی یەکسانی دانیشتوان کاردەکاتە سەر ئەنجامەکانی هەر هەڵبژاردنێك؟لهم. ئایا لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە هیچ پێشێلکردنێك دەکرێت بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان؟سلم.

دەبێت شوێنی هەموو بنکەیەکی دەنگدان ئاشکرا بێت، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بتوانێت بەئاسانی بیگاتێ‌و دەبێت بنکەکان شیاوبن بۆ ئەنجامدانی دەنگدانی نهێنی.

**ج/ بەرێوەبردنی هەڵبژاردن:**

بەرێوەبردنی هەڵبژاردن دەخوازێت، کەدەستەی هەڵبژاردنەکە توانای جێبەجێکردنی میکانیزمی هەڵبژاردنی هەبێت، لەگەڵ چاپکردنی پسوڵەی هەڵبژاردنەکەو کردنەوەی بنکەکانی دەنگدان‌و ژماردنی دەنگەکان‌وراگەیاندنی براوەکان. ئەمەش بەقۆناغێکی هەستیار دادەنرێت لەبەرێوەبردنی هەڵبژاردندا چونکە دەبێت هەندێك بڕیاری تێدا وەربگیرێت کەکار لەسەر ئەنجامەکان دەکات.

دوو چوارچێوە هەیە بۆ میکانیزمی بەرێوەبردنی هەڵبژاردن. یەکەمیان پشتگیری کردنی دەستەی هەڵسوڕاندنی هەڵبژاردنەکە لەلایەن حکومەتەوە لەرێی خزمەتگوزارییە مەدەنییەکانەوە، هەروەها پاراستنی لیژنەی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە.

دووەمیشیان ئەوەیە کەبەرێوەبەرایەتییەکە بەشێنەیی بجوڵێنرێت لەرێگای چەند لیژنەیەکی حکومی سەربەخۆوە. لەوانەیە ئەم شێوازە نوێیەی بەرێوەبردن ژمارەیەك لەنوێنەرانی پارتە سیاسییەکانی بوێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت پارتە سیاسییەکان رەچاوی بوونی نوێنەرانی خۆیان‌و کەمینەکان بکەن. جگە لەمانەش بەرێوەبەرایەتی هەڵبژاردنەکە لەگەل لیژنەی مەرکەزی هەڵبژاردندا دەسەڵاتی باڵای پرۆسەکە پێکدێنن‌و لیژنەی

---

فەرمانی 1.

فەرمانی 1.

فەرمانی1

فەرعیشیان دەبێت بەشێوەیەك کەهەموو بنکەیەکی دەنگدان لیژنەیەکی فەرعی خۆی دەبێتو ئەمەش نزمترین ئاستی کارگێری پرۆسەکە دەبێت.

دوو رنییە لیژنەی هەڵبژاردنی مەرکەزی ببێتە پەیکەرێکی پتەوو درێژخایەن، نەك تەنها بۆ کاتی پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بێتو بەس. بەڵکو لەکاتی تریش دابێت.

**بەڕێوەبردنو چاودێریکردنی هەڵبژاردن ئەم تەوەرانە دەگرێتەخۆ:**

* راهێنانی کارمەندانو بەرپرسانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکە.
* دانانی رێو شوێنەکانی هەڵبژاردن.
* ئاگادارکردنەوەی دەنگدەران لەرێو شوێنی دەنگدانو هەڵبژاردن.
* ئاگادارکردنەوەی دەنگدەرانی پارتە سیاسییەکانو پاڵێوراوەکان.
* ناونوسکردنی دەنگدەرانو ئامادەکردنی لیستی ناوەکانیان.
* پاراستنی پرۆژەی هەڵبژاردنەکە.
* ژماردنی دەنگەکانو جیاکردنەوەی ئەنجامەکان.
* دەستنیشانکردنی براوەکان.
* یەکلا کردنەوەی ئەو سکاڵایانەی پەیوەندیدارن بەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەو مافی دەنگدانو مانەوەی وەك پاڵێوراو.

بێلایەنیو سەربەخۆیی دەستەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکە دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ پرۆسەکە تا ببێتە پرۆسەیەکی دیموکراسی، دەبێت ئەم بێلایەنیو سەربەخۆییە بەئاشکرا دیاربێتو دەبێت ئەندامە دەست نیشانکراوەکان ناسراوبن بەم سەربەخۆییو بێلایەنییە لەپێش دەستپێکردنی پرۆسەکەوە.

### د/ مافی دەنگدانو ناونووسکردنی دەنگدەر:

دەنگدان یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراسی. دەبێت سیستمی هەڵبژاردن چەند پێوەرێك دیاری بکات، بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لەهەڵبژاردنێکی متمانە پێکراوداو ئایا ئەو مەرجانەی دەبنە هۆی لێسەندنەوەی مافی دەنگدان لەو دەنگدەرە چین؟ هەروەها دەبێت ئەو مەرجانەش دیاری بکرێن کەمافی خۆپاڵاوتن لەپاڵێوراوەکانی پێدەسەندرێتەوە.

هەروەها دەبێت سیستمی هەڵبژاردن میکانیزمێك دابنێ بۆ ناونوسکردنی دەنگدەران گەر ئەو دەنگدەرە نەزانێت بۆچی و بۆکێ دەنگ دەدات ئەوا مافی دەنگدان مانای نامێنێت. بۆیە دەبێت بەرنامەیەك هەبێت بۆ هوشیارکردنەوەی دەنگدەرەکان.

### ***مافە گشتییەکانی دەنگدان:***

هەروەکو مافی دەنگدان بەیەکێك لەبنەما سێ‌یەرەکییەکانی هەر سیستمێکی دیموکراسی دادەنرێت، چوارچێوەیەکی زانستی یاسایی هەیە ئەو مەرجانە دیاری دەکات کەپێویستە لەسەر مافی دەنگدان دابنرێت بەبێ دەست دان لەباگراوندی پرەنسیپەکانی مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ.

***ئەو مەرجانەش لەچوار جۆر زیاتر نین.***

1- کەمترین تەمەنی دیاری کراو.

2- مافە پێویستەکانی بەهاوڵاتی‌بوون.

3- پێداویستیەکانی نیشتەجێ بوون.

4- لەدەستدانی مافی هەڵبژاردن بەهۆی بیرکۆڵی و رەفتاری تاوانکارییەوە.

لەراستیدا دەبێت مافی دەنگدان بدرێت بەوانەی تەمەنیان لە18 ساڵ بەرەو ژوورە، چونکە هەموو کەسێك مافی بەشداریکردنی هەیە لەچالاکییە سیاسییەکاندا[37]، هەروەکو لەبنەمای مافەنێودەوڵەتییەکانی مرۆڤدا هاتووە.

هەندێك جار مافی دەنگدان پێویستی بەهاوڵاتی بوون هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشداو هەروەکو لەبنەماکانی مافە ناوچەیی و تایبەتەکانی مرۆڤدا هاتووە ، کەدەڵێت:

{ رێ دەدرێت بەو بێگانانەی لەدەرەوەی وڵاتەوە هاتوون، کەمافی دەنگدانیان هەبێت دوای ماوەیەکی دیارییکراو لەنیشتەجێ بوون}[38]. لەبەر ئەم راستییانە لەوانەیە بونی ماوەیەکی نیشتەجێ بوون بۆ بێگانەکان ببێتە داواکارییەکی سەرەکی لەم بوارەدا.

---

[37] رێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی منداڵ :

مادەی یەکەم.

. G.A. res 25/44، پاشکۆی ، UN . GAOR SUPP 44 (ژمارە 49) لە 167 ، UN لە دیسەمبەری (1989). A/44/49 .

لەهەندێك وڵاتدا مافی دەنگدان نادرێت بەوانەی کەبڕیاری زیندانی کردنیان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بەسەردا دراوە، ئەمانەش لەلایەن کۆنگرەی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤەوە جەختیان لەسەر کراوەتەوە[38].

لەگەڵ ئەوەشدا پێشێلکردنێك رەچاوکرا لەلایەن دادگاوە لە(لابیتا ف. اتالی)[40] بۆبەندی 3 لەپرۆتۆکۆلی یەکەم لە(ECHR)،کە باس لەدوچاریی کەسانێکی بێ تاوان دەکات بۆ لێسەندنەوەی مافەکانیان (وەك دەنگدەر) بەپێی یاساو بۆ کۆنترۆڵ کردنی چالاکییە زیانبەخشەکان.

هەروەها دان درا بەوەستاندنی  کاتی بۆ مافی دەنگدان بۆ ئەوانەی کەبەڵگەی زیندوو هەیە لەسەر بەئەندام بونیان لە(مافیا)دا و ئەمەش لەرووی یاساییەوە قەدەغەکراوە. لەو کاتەوەی کەناوی (لابیتا) لەلیستەکانی هەڵبژاردندا لابراوە، دوای ئازادکردنی هیچ بەڵگەو گومانێك نەما لەسەر پەیوەندی (لابیتا) بەرێکخراوی مافیاوە، دادگاش ئەم پێوەرە بەراست ناوزانێت بۆیە ئەمە پێشێلکردنە بۆ بەندی سێیەمی پرۆتۆکۆلی یەکەم.

سەیر نییە ، گەر مافی دەنگدان لەیەکێك بسەنرێتەوە بەپێی یاسا، بەڵام دەبێت فشار بخرێتە سەر هەر جۆرێك لەو مەرجانەی کەدەبنە هۆی ئەم کارە. چونکە دەبێت یاسا بڕیار بدات و دادپەروەری بپارێزێت و دادگاش بڕیارەکە دەربکات، هەروەها دەکرێت مافی دەنگدان تازە بکرێتەوە بۆ ئەوانەی کەسزاکانیان تەواو کردبێت.

هەندێك وڵات مافی دەنگدان بەئەرکی سەرشانی هەموو هاوڵاتییەك دەزانێت، هەربۆیەش کردوویانە بەهەڵبژاردنی زۆرەملێ و هەندێکی تریش سزای زۆر توندی ئەوانە دەدەن کەدەنگ نادەن و هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە.

کۆمسیۆنی ئەوروپیش بۆ مافەکانی مرۆڤ بەپێی بەندی سێیەم لەپرۆتۆکۆلی یەکەم دەنگدانی زۆرەملێ بەراست دەزانێت[41].

---

[38] سەیری رێکەوتننامەی بەشداری کردنی بێگانەکان بکە لە ژیانی ئاسایی دا لەسەر ئاستی ناوخۆیی.
مادەی 6، E.S.T k ژمارە 144 ، ( لە 1/مایس /1977دا جێبەجێ کرا).

[39] . کۆمسیۆنی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ، 5/ئۆکتۆبەر/1972، C/RFA DR 43، 28 P و X.V کۆماری فیدراڵی ئەلمانیا ژمارە 66225/8227 APP. Eur. Comm دیسەمبەر H.R. وH.V. (1967) 4، 38 ، Rep هولندا ، ژمارە ،
Eur.Commn 9914/33،82 ، APP دیسەمبەری H.R ، (1983) 46–242،245. Rep.

[40] لابیتا ف. ایتالی ، راپۆرتی ژمارە 26772/95 . (6/ئیپریل/2000)

[41] کۆنگرەی ئەوروپی H.R.18ی دیسمبر استرالیا/2 ، پاشکۆی 8 لاپەڕە 168

**كەمینە نەتەوەییەكان:**

دابینكردنی نوێنەرایەتی كەمینە نەتەوەییەكان بەشێوەیەكی چالاك، كارێكی زۆر گرنگە[*]، ئەمەش مافەكانی دەنگدانو بەشداربوون لەكێشە گشتییەكانو پارتە سیاسییەكان بەبێ جیاوازیی دەگرێتەوە. دەكرێت بەم مەبەستە كارئاسانی بكرێت بەلابردنی كۆسپەكانی بەشداریكردنیان، وەك سنوری بازنەكانی دەنگدانو رێژەی یاسایی. هەروەها جێبەجێكردنی هەندێك رێنمایی تری وەك:

1. چاپكردنی دەنگەكانو زانیارییەكانی تر بەهەردوو زمانی سەرەكیو زمانی كەمینە نەتەوەییەكانی ئەو ولاتە.
2. دەست نیشانكردنی شوێنەكان لەگشت بەشەكانی حكومەتدا لەوانە بەشی یاسایی، بەرپرسانو بەرێوەبەری بەشەكان.
3. دەست نیشانكردنی یەك ئەندام بۆ هەر بەشێك.
4. پەرەدان بەسیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی.
5. ئاسانكاری بۆ باشتر هەڵبژاردنی ئەو دەنگدەرە بۆ پاڵێوراوەكەی.
6. كەمكردنەوەی كۆسپو تەگەرەكانی بەردەم ژمارەی نوێنەران لەدەستەی یاساداناندا.

*** ئافرەت:**

زۆر كۆسپ هەن كەدێنە رێی ئافرەتانەوە، بۆ بەنوێنەر بونیان بەشێوەیەكی چالاكو بەپێی یاسا. یەكسانی مافەكان بەبێ جیاوازیی رەگەزیی لەرێكەوتننامەی نەتەوە یەكگرتوەكان ( UDHR) ، (ICCRP)، (ICESCR)و رێكەوتننامەكانی تردا جێگیركراوە، وەك رێكەوتننامەی نێودەوڵەتی لابردنی هەموو شێوازەكانی جیاكارییو رێكەوتننامەی دژ بەئازارو ئەشكەنجەدانو رێكەوتننامەی مافەكانی منداڵ.

پێویستە لەسەر ئەو ولاتانەی دژایەتی جیاكارییو لایەنگیریی دەكەن لەنێوان پاڵێوراوەكاندا، كەسیستمێكی هەڵبژاردنی ئاسان دابنێن بۆ یەكسانی لەبەشداریكردنی پیاوو ئافرەتدا. بەشێوەیەك كەهەردوكیان دەرك بەگرنگی مافەكانی مرۆڤ بكەن.

---

[*] مافی كەمینە نەتەوەیەكان بۆ بەشداری كردنێكی یەكسان لە پرۆژە سیاسیەكاندا .

### * بێ توانایان:

جیاکاریی و نەزانی و هەژاریی و خۆگێل کردن، چەند هۆکارێکن بۆ لێسەندنەوەی مافە سایسییەککانی کەم توانایان.

( ICCPR ) هەستا بەدارشتنەوەی مافەکانی هەڵبژاردن بۆ هەموو هاوڵاتییەك (بەبێ کۆسپی نابەجێ) و لەرێی (دەنگدانی گشتگیرو یەکسان)ەوە.

بەم شێوەیە ( ICCPR) کۆسپی لەسەر مافی هەڵبژاردن لابردو لەسەر ئەم بنەمایانە داپڕشتەوە.

1/ پەروەردەو رۆشنبیری.

2/ کەمتوانایی فیکریی و نەخۆشییە دەرونییەکان.

دەبێت پێوەری لێسەندنەوەی مافی هەڵبژاردن یەکسان و دادپەروەرانە بێت، ئەمەش لەرێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا سەبارەت بەکەمینەکان کە (مافی بەشداریکردنی راستەقینەیان هەیە لەژیانی سیاسیدا) لەچوارچێوەی کەمینە نەتەوەییەکانیشدا.

بەندی (15) باس لەکۆسپەکانی بەردەم ئاسانکردنی بەشداربوونی کەمینە نەتوەییەکان دەکات لەژیانی کەلەپوری و کۆمەلایەتی و ئابوری و کێشە گشتییەکاندا، بەتایبەتی ئەوانەی کەپەیوەندی بەوانەوە هەیە. هەروەها راپۆرتی کۆبنهاگن بۆ (CSCE)، هەستا بەفشار خستنە سەر ولاتانی ئەندام بۆ رێزگرتن لەبەشداربوونی کەمینە نەتەوەییەکان لەکێشە گشتییەکانداو بەتایبەتی ئەوانەی کەپەیوەندییان بە (بەرگریکردن لەیەکسانی ئەم کەمینانە)ەوە هەیە.

### * ناونووسکردنی دەنگدەران:

گرنگی میکانیزمی ناونوسکردنی دەنگدەران لەپاراستنی مافی تاکەکاندا دەردەکەوێت، بەرگریکردن لەمافی دەنگدان پێویستی بەپاراستنی راستی و درووستی ناونووسی دەنگدەرەکان دەکات، بەمەبەستی تازەکردنەوەی بەردەوامی بەلای کەمەوە ساڵی یەك جارو ئەگەر ناونووسییەکە بەشێوازێکی ئوتوماتیکی نەکرا، ئەوا دەبێت رێ بدرێت بەدووبارە ناونوسکردنەوە بۆ ماوەیەکی درێژتر ، هەروەها دەبێت لیستەکانیش هەمیشە ئامادەبن بۆ ئاسانکاریی پشکنین هەروەها دەبێت ناونووسی دەنگدەران ئاسان بکرێت بۆ ئەوانەی لەکاتی ناونووسییەکەدا

ئامادەنەبوون، یان بۆ ئەوانەی کەتەمەنیان دەگاتە ئاستی یاسایی دەنگدان دوای جێبەجێکردنی پرۆسەی ناونووسینەکە.

**٥ / پەروەردەی مەدەنی و زانیاریی دەنگدەر:**

پێویستە سیستمی هەڵبژاردن ئامانجەکانی هەڵبژاردن فێری پارتە سیاسی و پاڵێوراوەکان بکات، ئەمەش پێویستی بەتێگەیشتنی پەیوەندیو ئامانجەکانی دەزگا دیموکراسییەکان و گرنگی هۆکارەکانی گۆڕینی حکومەت دەکات لەروانگەی هەڵبژاردنەوەو رۆڵی سەرەکی پارتە بەرهەڵستکارەکان لەحکومەتە پەرلەمانییەکاندا، هەروەها تێگەیاندنی دەنگدەران بەئامانجەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن و ئاسەوارەکانی. شێوازی نوێی زانستی یاسا لەهەڵبژاردنی دیموکراسیدا مامەڵە لەگەڵ ئەنجامە سەرەکییەکاندا دەکات، وەك ئەوانەی کەدەنگ دەدەن و ئەوانەشی کە لەهەڵبژاردنەکەدا دەردەچن.

هەربۆیە تا ئێستا پەروەردەی مەدەنیی و زانیاری دەنگدەر، نەخراونەتە چوارچێوەیەکی یاسایی دادپەروەرانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشداو هەروەکو لەراپۆرتی چاودێرەکانی هەڵبژاردن لەمەیدانی کارەوە نوسراوە، کەپێویستە دەنگدەرەکان بەچڕی رۆشنبیر بکرێن، سەبارەت بەپرۆسەی هەڵبژاردن و پاڵێوراوەکان و پارتە سیاسییەکان و میکانیزمەکانی سکاڵاکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەمەبەستی بەدی هێنانی ئاواتەکانیان و باشتر نوێنەرایەتیی کردنی ویستی گەل لەهەڵبژاردندا.

لە بڕگەی (7،7)ی راپۆرتی کۆبنهاگندا تیشك خراوەتە سەر گرنگی پەروەردەی مەدەنیی و زانیاری دەنگدەرو دەڵێت (نابێت یاساو پلانی گشتی کار ببنە رێگر لەبەردەم تێگەیشتنی دەنگدەر لەپارتە سیاسی و پاڵێوراوەکان)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەپێویستە لەسەر یاساو پلانی گشتی کار، کە دەسەڵاتی وڵاتەکان پەیوەست بکەن بەفێرکردن و تێگەیاندن و رۆشنبیرکردنی دەندەران سەبارەت بەهەڵبژاردنی دیموکراسی و پاڵێوراوان و پارتە سیاسییەکان.

لە ژێر سایەی ئەم پرەنسیپانەداو لەسەر بنەمای لێهاتویی و شارەزایی مەیدانی چاودێرانی پرۆسەکانی هەڵبژاردن، پێویستە لەسەر دەستەی بەرێوەبردنی

هەڵبژاردنەکە زانیاری تەواو لەسەر هەڵبژاردن دابین بکات لەسەر:

1- پاڵێوراوان و پارتە سیاسییەکان.

2- ڕێنماییەکانی دەنگدان.

3- ڕێنماییەکانی پاراستنی مافەکانی هەڵبژاردن.

هەروەها دەبێت ئەم زانیاریانە بەزمانی کەمینە نەتوەییەکانی نیشتەجێ لەشوێنی خۆیان دابین بکرێن‌و لەڕێی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە پێیان بگەیەنرێت.

### و/ پاڵێوراوان‌و پارتە سیاسییەکان‌و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن:

مافی دەنگدان بەیەکێك لەگرنگترین بنەماکانی سیستمی هەڵبژاردنی دیموکراسی دادەنرێت، دەرئەنجامی ئەمەش چوارچێوەیەکی هەمیشە تازەی هەیە لەزانستی یاسادا، کەسنووره پێویستەکانی سەر مافی دەنگدان دیاری دەکات بێ پێشێلکردنی باگراوندی پرەنسیپی مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ.

ئەم بەشە باس لەچەند ڕووداوێك دەکات کەتیایاندا چوارچێوە دانراوە بۆ خۆپاڵاوتن‌و پارتە سیاسییەکان‌و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.

لە کێشەی (بولکالزینا ف. لاتفیا) دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەستا بەرونکردنەوەی ئەو لاوازییەی لەپێداویستییەکانی بەرگریکردن لەئازادی تاکەکاندا گیراوەتەبەر بۆ ئەوەی ببنە پاڵێوراو.

خاتوو بولکالزینا یەکێك بوو لەپاڵێوراوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی وڵاتەکەی لەسەر ڕاپۆرتی چاودێری زمانەوانی شارەکەیەوە ناویان لەلیستی پاڵێوراوەکان لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکەوە لابرا، بەبیانوی ئەوەی کە لاتفیا بڕیارێکی نائاسایی بەرامبەر دەرکراوە.

خاتوو بولکالزیناش پەنای بردە بەر لەدادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ‌و ڕایگەیاند کەلابردنی ناوەکەی لەلیستی پاڵێوراواندا پێشێلکردنێکی گەورەیە بۆ مافی مانەوە وەك پاڵێوراوێك، هەروەکو لەبەندی سێیەمی پرۆتۆکۆلی یەکەمی (ECHR) هاتووە.

لەبەرامبەردا دادگا پێی وابوو، کەدەبێت باجی ئەو هەڵوێستە بدرێت کەلەسەر ڕای تاکێك (زمانەوانەکە) ئەگیرێتەبەر بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە میکانیزمێك دیاری کرابێت بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم جۆرە کارانە، بۆیە هەڵپەساردنی خۆپاڵاوتنی خاتوو بولکالزینا پێچەوانەی پاکی‌و دروستی بنەما یاساییەکانی دەست نیشانکردنی مافەکانی هەڵبژاردنە. پاشان بەکۆی دەنگ دادگا بڕیاریدا کەپێشێلکردنی بەندی سێیەمی پرۆتۆکۆلی یەکەم لە( ECHR) ئەنجامدراوە.

لەکێشەی ئەحمەدو ئەوانی دی ف. مەملەکەتی یەکگرتوودا ، دادگا لەگەڵ کێشەی گەورە ئەفسەرانی حکومەتدا مامەڵەی کرد، ئەوانەی کەلە چەند چالاکییەکی سیاسیدا تێوەگلابوون وەکو سنورداركردنی مافی خۆپالاوتن لەهەڵبژاردنەکاندا. هەندێك بەرپەرچی ئەم سنورداركردنەوەیان دایەوە.

بەپێشێلکردنی مافی بەشداریکردنی تەواویان دانا لەپرۆسەی هەڵبژاردندا (بەندی سێیەمی پرۆتۆکۆلی یەکەم).

دادگاش رەچاوی ئەوەی کرد لەبەندی سێیەمی پرۆتۆکۆلی یەکەمدا هاتووە ، کەلەوانەیە هەندێك وڵات چەند مەرجێك بهێننە رێی ئەوانەی کێبڕکێی هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام دەبێت پێداچونەوەیەك بەو مەرجانەدا بکرێت کەلەلایەن دەستەی یاسادانانیەوە دانراوە.

لێرەدا بەشداریکردنی ئەوانەی پلەو پایەی مەدەنیی بەرزیان هەیە لەهەڵبژاردندا بەمایە لەدەستدانی ئەو پلەو پایەیان دانرا، بەمەبەستی بەستنەوەی بەکارهێنانی مافی خۆپالاوتنی ئەوانەی ئەم حاڵەتەیان هەیە لەژێر سایەی بەندی سێیەمی پرۆتۆکۆلی یەکەمدا. شایەنی باسە کەئەم مەرجانە بەدرێژایی ژیانو کاری سیاسیاندا جێبەجێ دەکرێن.

پاشان دادگا بڕیاریدا کەبەندی سێیەمی مادەی یەکەم پێشێل نەکراوە.

لەکێشەی سەداقو ئەوانی تردا ف. تورکیا دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ بڕیاری دا، کەخۆپالاوتنی هەرکەسێك بەشێوەی پۆست (برید) کات بەسەربردنە.

دادگای نیشتمانی تورکی رایگەیاند کە هەڵوەشاندنەوەی پارتە سیاسییەکەیان دەرئەنجامی ئەو وتانە بوون کەسەرکردەی حزبەکەیان گوتویەتی ، نەك لەبەر چالاکی سیاسی تاکەکان.

هەروەها دادگای ئەوروپی رایگەیاند ، کەسزای توندی ئەوانە دەدرێت ڕێزدانانێن بۆ ئەو باجانەی کەدەبێت تورکیا بیدات دەرئەنجامی هەڵوێستە ناشییاوەکانیان. ئەمەش بەپێچەوانەی ناوەرۆکی مافی بەشداریکردنی هەڵبژاردنو راگەیاندنی مەکتەبی پەرلەمانییە، کەفشار دەخاتە سەر ئەو دەنگدەرانەی کەدەنگیان داوە

[43] بولکازینا ف. لاتفیا راپۆرتی (9 ابريل 2002 46726/99 ) http://hudoc.echr.coe.int .

. ئامێدو ئەوانی تر ف.مەملەکەتی یەکگرتوو راپۆرتی ژمارە 65/1997/849 ، 10652 http://hudoc.echr.coe.int .

سەداقو ئەوانی تر ف. تورکیا راپۆرتی ژمارە 25144/94 ، 26149/95، 27101/95 (11ی حوزەیرانی 2002)

**بەبەرهەڵستکارەکان، کێشـەیەکی هاوشـێوەی تـر هەیـە سـەبارەت بـەپارتی سۆسیالیسـتی ف. تـورکی[45] ئـەویش هەڵوەشـاندنەوەی پـارتی سۆشیالیسـتی بـوو بـەبیانوی ناشـیاویی ئامانجـەکانیان، ئـەوەبوو سـەرکردەو لایەنگرانیان ڕێگەیان پێنەدرا لەداهێنانی ڕێکخراوی سیاسی هاوشێوەدا.**

**لەبەرامبـەردا پـارتی سۆشیالیسـت داوای پێشـکەش کـردو ڕایانگەیانـد کەمافـە ئـازادی ڕێکخراوەییـان پێشێلکراوە بەپێی بەندی یازدەی (ECHR)[46].**

**دادگا بۆی دەرکەوت ،کە مافی ئازادی ڕێکخراوەیی کەلەبەندی (11)دا هاتووە بەیەکێك لەمافی سەرەکییەکانی هەڵبـژاردن دادەنرێت،بـەڵام هەنـدێك جـار پێویسـت دەکـات کەهەنـدێك حیـزب و لایـەنی سیاسـیش ڕابگیرێـت لەکۆمـەڵگای دیموکراسـیداو ئەمـەش لەبەنـدی (11)دا هـاتووە بـۆ جێبـەجێکردنی تـەواو لەلایـەن پارتـە سیاسییەکانەوە.**

**بـەڵام پـاش ئەنجامـدانی چـەند گۆڕانکارییـەکی گـرنگ، دوای گفتوگۆیـەکی زۆر، دادگـا ڕایگەیانـد کـەراگرتنی پارتی سۆسیالیست پێچەوانەی ئامانجەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسییە بەڵکو پێویستی پێی نییە، بەپێی ئەم دەستکەوتەش دەکرێت بوترێت، کەپێشێلکردنی بەندی یانزەی (ECHR ) ئەنجام دراوە.**

**لەهـەردوو کێشـەی پارتی شیوعی[47] و پارتی سۆسیالیستی تورکیدا[48]، (ECHR) ڕایگەیانـد کـەناکرێت پارتـە سیاسـییەکان ڕابگیرێـن بـەهۆی لایـەنگیریان بـۆ حـوکمی ئۆتۆنـۆمی کوردەکـان لەدەوڵـەتێکی فیدراڵیـدا. یـان**

---

[45] کێشە پارتی سۆشیالیستیو ئەوانی تر ف. تورکیا راپۆرتی ژمارە 21237/93

(25 نیسان 1998) http;//hudoc.echr.coe.int

[46] ECHRبەندی یانزە تێیدا هاتووە کە:

((هەموو کەسێك مافی ئازادی ڕێکخراوەیی هەیە کە مافەکانی ڕێکخستنو پەیوەندی کردن بە یەکێتیە بازرگانییەکانیش دەگرێتەوە بۆ بـەرگری کردن لەبەرژەوەندییەکانیان.

نابێت هیچ مەرجێك دابنرێت لەسەر بەکارهێنانی ئەم مافانە جگە لەوانەی کە بەرگییان لێ دەکرێت بە پێـی یاسـا یـان ئەوانـەی کـە پێویسـتن بـۆ کۆمەڵگای دیموکراتیو دەرژێنە بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەییو ئاشتی گشتیو دوورکەوتنەوە لە کێشـەو شـەرەنگێزیو بـۆ بـەرگری کـردن لـە تەندروستیو ڕەوشتو مافو ئازادییەکانی تـر، هـەروەها نابێـت ئـەم مافانـە لەوانـە قەدەغـەبکرێن کـە ئەنـدامن لـە هێـزی سـەربازیو پـۆلیسو بەڕێوەبردنی وڵات.

[47] پارتی شیوعی تورکیو ئەوانی تر ف. تورکیا ،ECHR راپۆرتی ژمارە راپۆرتی ژمارە 1392/92(30 کانونی دووەم 1998)

[48] پارتی شیوعی تورکیو ئەوانی ترف. تورکیا، ECHR . ا . 1998 لاپەرە 7–55 .

بەواتايـەكى تـر ناكرێـت كەسـانێك لـەگفتوگۆ سياسـييەكان دووربخرێنـەوە بـەهۆى راوبۆچـونى پێچـەوانەيان يـان لەبەر پشتگيرى كردنيان لەكەمينەيەك يان بۆچونێك كەپێچەوانەى بۆچونى حكومـەتى ئێسـتاى ولأت بێت. بەو شێوەيە، لەكێشەى رێكخراوى يەكێتى مەقدۆنيدا لەندەن ف. بولگاريا)[49]

هـەروەها دادگـا رايگەيانـد كـەناكرێت ئـەو كۆمەڵانـەى داواى بـەرپاكردنى حـوكمى ئۆتۆنـۆمى يـان جيابونـەوە دەكەن دوور بخرێنەوە لەناوەندە سياسييەكانى ئەو ولأتە.

لەكێشـەى پـارتى (رفـاه) ، ئەربـەكان و كـازان و تـاكول، ف. توركيـا دا[50]، دادگـا هـيچ جـۆرە پێشـێلكردنێكى لە(ECHR) ەوە بەدى نەكرد سەبارەت بەهەڵوەشاندنى ئەو پارتە هەروەها دادگا ئەوەشى راگەياند كەدەكرێت ئـەو سـزايانەى سـەپێنراون بەسـەر حيزبـى (رفـاه)و سـەركردەكانيدا، بكرێنـە خـاڵى بەيەكگەيشـتنى پێويسـتى ئـەو گروپانەى فشارەكە بەرگرى لەديموكراسيەت دەكەن.

لێكدانەوەى چەندين مانا بۆ عەلمانيەت، سەركردەكانى حيزب نيازمەنديى خۆيـان هـەر لەسـەرەتاى پاسـاودان بەراگەيانـدن بـۆ دامەزرانـدنى سيسـتمێكى ياسـايى فرەيـى دامـەزراو لەسـەر جيـاوازيى بۆچـوون و ئـايين و چەسپاندنى شەريعەتى ئيسلامى.

ئەمە ئەو سيستمە ياساييە بوو كەبە روونى دژەوانە بوو لەگـەڵ هەنـدێ بەهاوبنـەماى (ECHR )دا ، هـەروەها لەروى سەرچاوەى هێزو چۆنيەتى خۆپاراستنيانەوە، هەميشە جێگەى گومان بوون.

وەك دان نـانێكيش بەئاسـۆ بەرتەسـكەكانى بڕيـارى تايبـەت بەهەڵوەشـاندنەوەى حيزبـە سياسـيەكان و دانـانى فرەيـى فيكريـى و حيزبـى وەك تـوخمێكى گرنگـى ديموكراسـيەت، دادگـا رايگەيانـد، كەدەوڵـەتان بەبەهانـەى جۆراوجـۆر دەتـوانن رێگـە لەجێبـەجێبوونى ئـەو جـۆرە بەرنامـە سياسـيانە بگـرن، پـێش ئـەوەى بگەنـە بڕيـارى سەربەخۆى خۆيان، كەلەوانەيە ئاشتى كۆمەڵگاى مەدەنى و سيستمى ديموكراسى ولأت بخەنە مەترسييەوە.

---

[49] پارتى سوسياليستى و ئەوانى تر ف. توركيا ، ECHR راپۆرتى III –1998 لاپەرە 47 . ستانكوف و رێكخراوى يەكێتى مەقدونيا I لندن ف. بولگاريا ECHR ، دادگا /بە مێژووى 2/ئۆكتۆبەر /2001 لاپەرە 97.

[50] پارتى رەفاه، ئەربەكان ، كازانو تاكدال ف. توركيا، راپۆرتى ژمارە 41340/98 لە (31/تەموز/2001) 98، 41344و 41343/98، 41342/98.

http://hudoc.echr.coe.int

**کێشەی پارتی رەفا هاوڕێکە لەگەڵ ئەو پرەنسیپانەی کەلەناو دەقی مافە نێودەوڵەتیەکانی مرۆڤدا هاتوون، بۆ سنورداركردنی ئەو چالاكی و جموجۆڵانەی كەكینەو رقەبەرایەتی لەنێوان كۆمەڵە جیاجیاكاندا زیاتر دەكەن[51].**
**بۆنمونە، ( ICCPR ) داوای كرد كەپشتیوانیكردنی رەگەز پەرستی نەتەوەیی و رقەبەرایەتیی ئایینی قەدەغە بكرێت،چونكە هانی جیاكاریی و دوژمنایەتی و توندوتیژیی دەدات[52]، هەروەها دادگای ئەورووپی مافەكانی مرۆڤ، چەند جارێك سكاڵای ناپەسەندی لەلایەن رێكخراوە نازییە نوێیەكانەوە پێگەیشتوە[53]،بەو پێیەی كەمافیان لەرادەربڕیندا پێشێلكراوەلە كاتێكدا دادگای ئەورووپی.**
**جەخت لەسەرئەوە دەكاتەوە، كەدەست نیشانكردنی چوارچێوەی گشتیی سیاسی حیزب، كاری خودی ئەو وڵاتانەیە، لەجیاتی دەستنیشان كردنی ئامانجەكانیان، وەك دەوڵەت.**
**لەكێشەكەدا، گفتوگۆ لەسەر ناوەرۆكی ئەو سنوورە گشتیانە كرا، كەپێویستە بسەپێنرێن بەسەر مافی پاڵێوراوو پارتە سیاسییەكاندا، ئەوەش كەهەر لەسەرەتاوە باری سەرنج بۆ خۆی رادەكێشێت، بریتییە لەسنوری پرۆسەیەكی هەڵبژاردنی باوەرپێكراو ، وەك سنوری خەرجیكێشانی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن، هەروەها پێداچوونەوەی حساباتی یاسایی حیزب و دەرخستنی سەرچاوەكانی دارایی و سەرنجدانی ئەوكۆمەڵە گرنگانەی پشتیوانی دەستگیرۆیی چەند پاڵێوراوێكی دیارییكراو دەكەن.**
**دەشكرێت كەلە سنورێكی دیارییكراودا خەرجیی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن قەبوڵ بكرێت. وەك سەپاندنی سزای دارایی بەسەر چەند پێشێلكارییەكی دیاریكراودا .**

---

51 .لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتوەكان روونی كردەوە، كە:
﴿ پێویستە ئەو بەرنامە سیاسییانەی لەسەر بنەمای رەگەزپەرستیو تیرۆری بێگانەكانو خۆپەسەندكردنی رەگەزیی.....وهتد دامەزراون وەلا بخرێن، چونكە پێچەوانەی دیموكراسین ﴾ (لیژنەی نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ مافەكانی مرۆڤ E/CN ، 4/2000/40 ) هەروەها كۆمەڵەی گشتیش بە هەمان شێوە هەمان هەڵوێستی هەبوو دژ بەو جۆرە بەرنامانەی كەلەسەر ئەو بنەمایانە دامەزراون، بە تایبەتی رێكخراوی (نازی – نوێ) .
ئەنجامەكانی GA 55.82 پەسەندكرا لە 26 شوبات 2001 RES /55/82 A/ لاپەرە 3 .
52 بەندی (2،20) لە رێكەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە سیاسیو مەدەنییەكان.
53 تەماشای كلیرڤینو هاگنبیك ف. هولندا ژمارەی راپۆرت 8384/78و 8406/18،78 DR 187 (1979).

لەکێشەی (بیری – بلۆك)دا لەفەرەنسا[شمله].دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ هیچ پێشێلکردنێکی رەچاو نەکرد بۆ (ECHR) ،

لەکاتێکدا چەند سزایەکی ئابوری لەسەر چەند پاڵێوراوێکی فەرەنسی دانرابوو، بەهۆی لادانیان لەو سنورە یاساییانەی کەلەلایەن یاسای فەرەنسییەوە دانرابوون.

**ز- هۆکانی راگەیاندن و بەرگریکردن لەئازادی گوتن و رادەربڕین و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا:**

ئەم بەشە باس لەهۆکارەکانی راگەیاندن و بەرگریکردن لەئازادی گوتەو رادەربڕین دەکات لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

زانستی یاسای هاوچەرخ بەشێوازێکی زیاتر لەگەڵ ناوچە پێشینەکاندا مامەڵە دەکات پاشان پاشینەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەکو لەراپۆرتی چاودێری هەڵبژاردنی مەیدانی واقیعدا هاتووە، کەلەلایەن رێکخراوی نێودەوڵەتیەوە وەرگێردراوە، کە:

(هەموو پاڵێوراو و پارتێکی سیاسی، مافی بەکارهێنانی کەمترین رادەی هۆیەکانی راگەیاندنیان هەیە بەشێوازێکی یەکسان و پاك، بەمەبەستی باشتر گەیشتن بەئاواتەکانی گەل لەهەڵبژاردندا.)

گرنگی هۆکارەکانی راگەیاندن لەبڕگەی 8 و7 ی راپۆرتی کۆبنهاگندا هاتووەو دەڵێت :- ((دەبێت کۆسپەکانی بەردەم بەکارهێنانی هۆکانی راگەیاندن لابرێن، لەسەر بنەمای بێلایەنیی و بەرامبەر بەهەموو کۆمەڵ و پارتە سیاسییەکان و حەزە تاکەکەسیەکان بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا))

لەسەر رۆشنایی ئەم پرەنسیپەو شارەزایی مەیدانی لەچاودێری کردنی هەڵبژاردنەکان و پێوەرە نێودەوڵەتیەکاندا دەبێت هەموو پاڵێوراوان و پارتە سیاسییەکان دەرفەتی پێویستیان بۆ بەکارهێنانی هۆکارەکانی راگەیاندن هەبێت. بۆئەوەی دەنگدەر خاوەن زانیاری تەواو بێت سەبارەت بەراوبۆچوون و بەرنامە و پێشنیارو پێکەوە گونجانی هەڵبژاردن، ئازادیی گوتەو رادەربڕین دەکەوێتە ژێر فشاری هەندێك پێوەری قەزاییەوە، بەتایبەتی لەکاتی رەخنەگرتنی پاڵێوراوەکاندا، ئەمەش لەنێو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و کاری سیاسیدا گرنگەو یاساکانی نێودادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەنەوە.

---

54 . تەماشای حیزبی شیوعی تورکیو ئەوانی تر ف. تورکیا، راپۆرتی ECHR 1998-I لاپەڕە 58.

.بیری – بلوك ف. فەرەنسا . راپۆرتی ژمارە 120/1996/732/938 لە (21/ئۆکتۆبەر/2001) http://hudoc.echr.coe.int

لەکێشەی (اوبر جیلیك)ی (ف. ئوسترالیا)[55] دادگا رایگەیاند کەئەوانەی دەعوا(سکالاّ)یان پێشکەشکردووە تووشی سوکایەتیپێکردنی سیاسی نابەجێ بوون و بەندی دەیەمی ( ECHR ) یش پێشێلکراوە. دادگاش لەم دۆزەدا بەپێی بڕگەی دووەمی بەندی دەیەمی ئەو ڕێکەوتننامەیە جەختی کردەوە کەئازادی رادەربڕین پێویستە، نەك تەنها بۆ زانیاری و بیرە باش و پەسەندەکان، بەڵکو بۆ ئەوانەی کەتووشی شڵەژاندن و ترساندن وتۆقاندن دەبن، هەروەها زیاتر لەوەش سەبارەت بەئاستی قابیل بوون، چاوپۆشی دەکرێت لەچالاکی سیاسی و توانای گشتی لەسەر ئاستی تاکەکان وەك ئاماژەو سەرنجیش دادگا وای دانا کەپێویست بوونی ئاشتیگەریی لەهەڵسوکەوتی داوکارانی ئازادیی بیرورا پیشان نەدراوە. بەهەمان شێوەش، سەبارەت بەکێشەی لویز گۆمێزدا سلیفا ف. پورتوگال[56].

دادگا پێشێلکردنێکی ڕەچاوکرد بۆ بەندی دەیەمی (ECHR )، بەو پێیەی کەتۆمەتبارەکە تێیدا بریتی بوو لەبەرێوەبەری رۆژنامەی (بابلیکو).

هەڵبژاردنی پارتێکی سیاسی دیاریکراو بۆ پالێوراوەکەی. پاشان داوایان لەسەر کرا بەهەندێك تۆمەتی خوێناوی تۆمەتبار کرد، داوایغەرامەیەکی دارایی و تێووون و قەرەبوی زیانەکانیان لێکرد.داواکارانیش بانگەشەی ئەوەیان کرد گوایە مافیان لەئازادی رادەربڕیندا پێچەوانەی بەندی (10)ی (ECHR) ەوە پێشێلکراوە. سەرباری رۆژنامەگەریی و توند پێلێداگرتن و رەخنەی گاڵتەجاڕی و رووداوە سیاسیە گشتیەکان،ئازادی رادەربڕین مەسەلەیەکی بنەڕەتییە. بۆیە دادگا رایگەیاند کەناو زڕاندنی سیاسییانەی کەسێتییەکان کارێکی سەرەڕۆییە لەژیانی سیاسی و جەدەلی ئازادانەدا، لەوانەشە هەندێ جار رۆژنامەنووسان پەنا بۆ زیادەڕۆیی و بگرە هەڕەشەش بەرن. لەپاڵ ئەوەشدا کەئەو سزایەی بەسەریاندا دەسەپێنرێت شتێکی لاوەکییە.

لەگەل ئەوەشدا داواکاران زۆر بەتوندی تاوانبارکراون بەشێوەیەك کەلەگەڵ ئامانجە یاساییە پەیڕەو کراوەکاندا ناگونجێت.

---

[55] اوبرجیلیك ف. ئوسترالیا ژمارە 47/1996/666/852 لە 25/حوزەیران/1997
http://hudoc.echr.coe.int

[56] لوبیز گومێز دا سلیڤا ف. پورتوگال، راپۆرتی ژمارە 37698/97 لە 28/سێبتەمبەری 2000
http://hudoc.echr.coe.int

**لەكێشەی باومان ف. مەملەكەتی یەكگرتوودا[57]، دادگا پێشێلكردنێكی بۆ بەندی دەیەم لە(ECHR) بەدی كرد. خاتوو باومان بڵاوكراوەیەكی لەماوەیەكی كورتداپێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی بڵاوكردەوە، بەناوی یاساوە هێرشی كرایە سەر بەبیانووی خەرج كردنی زیاتر لەپێنج پاوەنی استرلینی لەلایەن كەسانی نایاساییەوە لەكاتی هەڵبژاردنەكەدا، بەمەبەستی گواستنەوەی زانیاری بۆ دەنگدەران و سەرخستنی یەكێك لەپالێوراوەكان.**

**خاتوو (باومان)یش رایگەیاند بەپێی بەندی دەیەمی ( ECHR ) كەوا مافی ئازادی رادەربڕینی پێشێلكراوە. لەكاتێكدا كەیاسا بەتەواوەتی مافی رادەربڕینی ئەوی زەوت نەكردووە،بەڵكو داوای سنورداركردنی خەرجییەكانی لێكرد لەكاتی هەڵبژاردنەكەدا،دادگاش بڕیاری قەدەغە كردنی خەرجكردنی پارەی‌دا بۆ فشار خستنە سەر دەنگەكان، داداگا ئەوەشی رەچاوكرد كەدانی هەر بڕی پارەیەك بۆ تەنگەتاوكردن یان فشار خستنە سەر ئازادی بیروڕا دەربڕین قەدەغەیە ئەمەش بوو كەراستەوخۆ كاری كردە سەر خاتوو باومان.**

**دادگا سەیری كرد كەیاسا كۆسپێكی تەواوی لەبەردەم بڵاوكراوەكەی خاتوو باوماندا داناوە، ئەو بڵاوكراوەیەی كەهەندێ زانیاری تێدابوو، لەوانە بوو ملەجە رێی دەنگدەرەكان بكات بۆ پێشخستنی پاڵێوراوێكی دیاریكراو, داداگا ئەوەی هەڵێنجاند كەتەنگەتاوكردن و فشاری پرسیارەكان لەگەڵ ئامانجە پەیڕەو كراوەكاندا ناگونجێن و بەم پێیەش پێشێلكاریی لەبەندی دەیەمی (ECHR )دا روویداوە.**

**لەكێشەی ئەنكال ف. توركیا، دیسانەوە باس لەبەندی دەیەم كرایەوە، جارێكی تر دۆزی (ئەنكال) بەپێی یاسای توركیی وروژێنرایەوە لەبەرئەوەی بابەتێكی بڵاوكردبوەوە لەسەر هاندانی گەل بۆ ركەبەرێتی حكومەت، ئەنجامدانی كاری تاوانكاریی، بڵاوكراوەكەش رەخنەی لەو پێوەرانە گرت كەگیراونەتەبەر لەلایەن دەسەڵاتە ناوخۆییەكانەوە بەرامبەر بەبازرگانی نایاسایی و چادرگەی سواڵكەران.بۆیە ناوبراو رایگەیاند، كەئەم كارە پێشێل كردنی بەندی دەیەمی (ECHR ) ە. بەڵام دادگا بڕیاری‌دا كەهەڵوێستەكانی ناوبراو لەگەڵ ئامانجە پەیڕەو كراوەكاندا گونجاون و بۆ كۆمەڵەی دیموكراسی ناشێن. بەم پێیە دادگا هەستی كرد كەكەلێنێك لەبەندی دەیەمی (ECHR )دا هەیە.**

---

[57] باومان ف. مەملەكەتی یەكگرتوو، راپۆرتی ژمارە 141/1996/760/961 لە 19/شوباتی/1998
http://hudoc.echr.coe.int

ئەنكال ف.توركیا ، راپۆرتی ژمارە 41/1997/825/1031 لە 9 ی حوزەیران 1998.

**ح- دەنگدانی نهێنی:**

**پێویستە سیستمی هەڵبژاردن دەنگەکان ڕێکبخات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بەدانانی ئەو یاسایانەی کەنهێنی دەنگدانەکە دەپارێزن، ئەمەش بەرنامەیەکی دەوێت بۆ چاپکردنی پسوڵەکانو فرێدانی بۆ ناو سندوقی دەنگدانو پاشان بەرنامەی ژماردنی دەنگەکان.**

**جگە لەمانەش پێویستی بەچەند یاسایەك هەیە بۆ بنکەکانی دەنگدانو پسوڵەی دەنگدانی تایبەت بەهەموو ئەوانەی توانای ئامادەبونیان نییە لەبنکەکانی هەڵبژاردندا. هەروەها پێویستە بەرنامەی تر هەبێت بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی کەمافی دەنگدانیان هەیە لەوانەی کەمافیان نییە، هەروەها پێویستە کەبەرنامەی هەڵبژاردنەکە باس لەشوێنو کاتی ڕاگەیاندنی براوەکان بکات، هەروەها پێویستە سیستمەکە خۆی بۆ ئەو کاتە سازبکات کەسەرکەوتوویی کارەکە لەدەست نەدات یان نەیدۆرێنێت.**

**پاشان باسی گرنگیی ئەنجامدانی دەنگدانی نهێنی لەبڕگەکانی 7،3 ی ڕاپۆرتی کۆبنهاگن کرد کەدەڵێت: ( دەبێت وڵاتانی ئەندام ئەنجامدانی دەنگدان بەشێوەی نهێنی یان بەشێوەیەکی هاوشێوەو ئازاد مسۆگەر بکەنو ژماردنی دەنگەکانیش بەو پەڕی ئەمانەتەوە ئەنجام بدەن).**

**لەگەڵ ئەوەشدا کەئەوە وەسفێکی زاتیی (خودی) هێنایە کایەوە، چونکە لەوانەیە بەشێکی ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردن. باشتر لەکەسێکی تر هەست بەو پابەندییە، واتە بەناساندنی پاڵێوراو بەدەنگدەرەکان. بەراستی ناتەواویی هەیە لەزانیاری یاسادا سەبارەت بەڕێوشوێنی دەنگدانی نهێنی، چونکە زۆر سەرەتاییە، بەپێی سروشتی تەکنۆلۆژیا.**

**هەر ئەمەیە کەپێویستە ڕاست بکرێتەوە لەکاتی جێبەجێکردند ، ئەمەش لەبەشی ( IV ) ی ئەم کتێبەدا باسکراوە. [1]لە**

**ئەنجامە باشەکانی ئەو ناوچانەی کەشێوازی دەنگدانی نهێنییان بەکارهێناوە، دەکرێتەوە بۆ بەکارهێنانی سیستمی کۆمپیوتەریی. هەندێك وڵات سیستمی تازەتر بەکاردێنێت، وەك ئینتەرنێتو تەلەفونو نامە نوسراوەکان.**

---

[1] . دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ بە کورتیی ڕایگەیاند، کە بەنیازە ئەنجامەکانی دەنگدانی ناو بەندیخانەکان کورت بکاتەوە.

لەجیهانی پێشکەوتوی تەکنۆلۆژیادا خەمی یەکەم گرنگی پاراستنی ئاسایشی زانیارییەکانە لەهەر سیستمێکی ئەلەکترۆنیدا، هەروەها خەمی سیستمەکەیە لەهەردوو بواری زانیاری چاپکراوی سەرکاغەزو خەزن کراوی ناو کۆمپیوتەر، کەپێویستە لەکاتی لەکارکەوتنی ئامێرەکاندا، ئەم کارەبکات.

خەمێکی تر بڵاوکردنەوەی ئارامی گشتییە کەپەیوەستە بەنهێنیو پاراستنی ئەنجامەکانو نەخشەدانان بۆ دەنگدانی نهێنی بەشێوەیەك لایەنگرتنی تێدا نەبێتو دانانی سیستمێك کەدەنگدەران تیایدا بتوانن متمانە بەدەنگەکانی خۆیان بدەنو هەڵەکانیان راست بکەنەوە لەکاتی دەنگداندا، لەگەڵ پاراستنی نهێنی زانیاریەکانیاندا.

هەروەها گۆڕینی سیستمی ناردنو گێرانەوەی زانیارییەکانی (Back-up) بەشێوەیەکیوابێت کەلەکاتی بونی هەر هەڵەیك لەو سیستمە ئەلەکترۆنیەدا چاری دەنگەکان لەسەر کاغەز ئاسایيو کاغەزی دەنگدان بکات. ئەم سیستمە ئەوە دەستەبەردەکات کەسیستمە کەهەستێ بەو وردبینیو دیاریکردنی شوێنی هەڵەکان. لەم رۆژگارەشدا مامەڵەی زیاتر لەگەڵ شیکاریو ئەزموونەکاندا دەکرێت، بۆ دیاریکردنی توانایی ئەو سیستمانە.

## گ- چاودێری هەڵبژاردن:

دەبێت سیستمی هەڵبژاردن چەند پێوەرێك دابنێت بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردن لەرێی چەند چاودێرێکی بێگانەو خۆماڵییەوە (لایەنگرو بێلایەن)و نوێنەری راگەیاندنو پارتە سیاسییەکانو پاڵێوراوەکان، بەمەبەستی پاراستنی سەرجەم پرۆسەی هەڵبژاردنەکە.

هەروەها پێویستە ئەو کەسانەش دەست نیشان بکرێنو چاودێرەکان( بێگانەو خۆماڵی) هەمان مافی ئەوانی تریان هەبێت. گرنگی چاودێری کردنی هەڵبژاردن لەبڕگەی هەشتەمی راپۆرتی کوبنهاگندا هاتووە، کەباس لەرێپێدانی هاتنە ناوەوەی چاودێرە بێگانەکان دەکات بۆ پشتگیری هەڵبژاردنی وڵاتانی ئەندام. بەمشێوەیەو هەروەکو لەراپۆرتی چاودێری هەڵبژاردندا کەرێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەریانگێراوە دەرکەوت کەهەندێك سیستم هەیە پشتیان پێ دەبەسترێتو هەندێکی تر بەپێچەوانەوە، ئەمەش لەبەشی ( IV )دا باس دەکرێت.

## ی - میکانیزمی سکاڵاکردنو چارەسەرکردنی کێشەکان:

پێویسته سیستمی هەڵبژاردن چەند میکانیزمێکی کاریگەر دابنێت بۆ بەدی هێنانی مافی هەڵبژاردن، چونکە بەرگریکردن لەمافی هەڵبژاردن توخمێکی بنەرەتیە بۆ سیستمی هەڵبژاردنی دیموکراسیانە، بەمشێوەیە پێویستە، سیستمی هەڵبژاردن کاربکات بۆ دارشتنی کۆمەڵە یاسایەك کەبەرگری لەمافەکانی دەنگدەر بکات.

لە کێشەی (اوانزۆك) بولندا ژمارە 25196/94 لە(15نوفمبر2001) داداگا چەند گومانێکی لەسەر ئەنجامدانی مافی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دانا سەبارەت بەو بەندکراوانەی کەکێشەی ئاساییان هەبووە، ناکرێت داوایان لێ بکرێت کەدوورنەکەونەوە لەپاسەوانەکانیان بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بەڵکو دەبێت چارەسەر بۆ ئەم جۆرە کێشانە بدۆزرێتەوە.

پێویستە چەند میکانیزمێك دابنرێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی هەڵبژاردنو بەرگریکردن لەمافی دەنگدەران. بۆ نمونە لەکێشە (بۆلکازینۆدا) (ف. لاتفیا) ، دادگای ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ ، بۆی دەرکەوت کەرێگەدان بەخۆپالاوتنی خاتوو بولکازینۆ هەڵەیەك بوو لەکاتی نەبوونی رێنمایی یاسایی تەواودا رووی‌دا.

هەروەها بەروونی باسی لەبنەماکانی مافی مرۆڤ کردووە لەبەشی دووەمی ئەم رووپەڕەدا. ناوەرۆکی ئەو رێوشوێنانەی کەپێویستە هەبن بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی دەنگدەران.[1] بەگشتی ئەو مافانە بریتین لە:

* مافی خستنە روی بەڵگەکان بۆ پشتیوانی سکالاکان.
* مافی گوێگرتنی گشتی لەسکالاکان.
* مافی دەست خستنە ناوی دادگا بێلایەنەکان بۆ بڕیاردان لەسەر سکالاکان .
* مافی بەدواداچونی هێمنانەی سکالاکان.
* مافی گرتنەبەری چارەسەریو رێگە چارەی کاریگەر.
* مافی گەیشتن بەچارەسەری خێرا بۆ کێشەکان.
* مافی دوبارەکردنەوەی لێکۆڵینەوەکان لەدادگادا، گەر چارەسەرەکان وەرنەگیران.

ئەمانە ئەو مافە سەرەکییانەن کەدەبێت لەهەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا رێزیان لێبگیرێت.

---

[1] تەماشای هەردوو بەندی 8،10 بکە لە ( UDHR )، بەندەکانی 14،15،16 لە (ICCPR)،و بەندەکانی 6،13،17 لە (ECHR)و بڕگەکانی 5،9و 5و12 لە (OSCE ) 1991 راپۆرتی مۆسکۆ.

## چوارەم - باشترین پیادەکردن:

**ئەم بەشە باس لەباشترین ڕێنماییەکانی سیستمی هەڵبـژاردن دەکات لەیاسای نێودەوڵەتی‌داو باگراونـدی مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ بۆ هەڵبژاردنی دیموکراسی.**

### 1- سیستمی هەڵبژاردن:

***بەرنامەی هەڵبژاردن:**

**پەسـەندکردنی هـەر وڵاتێك بـۆ سیسـتمی هەڵبـژاردنی تایبـەت بـەخۆی، بەرنامەیـەکی بێلایـەنی بـۆ دەسـتەبەر دەکات‌و گـوزارش لـەخۆدانی گـەلی بـۆ دابین دەکات لەناوەنـدی هـەر پرۆسـەیەکی هەڵبـژاردنی خـولی‌و ڕەسـەنەوە کەمامەڵە لەسەر بنەمای یەکانگیری‌و یەکسانی بکات لەمافی دەنگدانی نهێنی‌دا، کەئەمە مافێکەو پێویستە ڕێزی لێبگیرێت.**

*** دەزگا هەڵبژێرراوەکان:**

**باشترین شێوازی کارکردن پێویستی بەهەڵبژاردنی  ڕاستەوخۆی ئەم دەزگا یاساییانەی خوارەوە هەیە:**

*** بەلای کەمەوە یەك ئەنجومەنی پەرلەمانی نیشتمانی یەکگرتوو.**

*** پەیکەرەکانی دەسەڵاتی یاسایی هەرێم.**

*** پەیکەرکانی دەسەڵاتی یاسایی خۆماڵی.**

*** هەر پەیکەرێکی پێویستی تر بۆ پرۆژەیەکی یاسایی، بەمەبەستی پێکهێنانی بەشێك لەدەستەی یاسادانان.**

### 2- دابەشکردن:

**پێویستە یەکەکانی هەڵبژاردن (بەشەکانی هەڵبژاردن) بەشێوەیەك دابڕێـژین کـەباری یەکسـانی نێـوان دەنگـدەران بپارێزێـت، کەبـەردی بناغــەی هــەر هەڵبــژاردنێکی دیموکراســیانەیە، ئەمــەش مانــای بەهەنــد وەرنــەگرتنی بەرژەوەنــدی‌و خێــری دەنگــدەران ناگەیــەنێت، بــەڵکو ناوەرۆکەکــەی تــازەترین ســنوری کــارگێری تێدایــە، لەبەرئەوەتر پێویستە کەیەکە کارگێرییەکان بەپێی هێڵەکانی ئەم ڕەنووسەی خوارەوە دابڕێژرێن:**

---

تر هەڵبژاردنی مەکتەبی تەنفیزی بەم ڕێنیشاندەرە ناکرێت‌و وەڵامی پرسیارەکان نەداتەوە.

1- دەبێت هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی خولی دابڕێژرێت بۆ دەستەبەرکردنی پشتگوێ نەخستنی یەکسانی نێوان دەنگدەران بەپێی ئاڵو وێری ناوچەی دانیشتوانەکان.

2- پێویستە بەشداریکردنی تەواو هەبێت لەپرۆژەی دەستنیشانکردنی سنورەکاندا.

3- پێویستە کارکردن بۆ لانەدان لەسەر چوارچێووەی دانیشتوان بۆ یەکەکانی هەڵبژاردن تا کەمترین پلەی بەردەست.

4- پێویستە پێداچونەوەیەکی تەواو بکرێت لەهەموو قۆناغە پێشکەوتووەکانی هەڵبژاردندا،بۆ کەمردنەوەی ئاسەواری سنورە تازە دروستکراوەکان بەسە ر دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانەوەو دورکەوتنەوە لەنائارامی و شڵەژان و سەرسامی و نائومێدی دەنگدەر.

## 3/ بەرێوەبردنی هەڵبژاردن:

هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان دەخوازن کەپەیکەرو لیژنەکان سەربەخۆو بێلایەن بن، ئەمەش ئەو پانتاییە رەخنەییەیە کەمیکانیزمی بەرێوەبردنی هەڵبژاردن دایدەرێژێت و بڕیارێکی لەسەر دەردەکات کەئاراستەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش بکات. دەستەی کارگێری شێوکارێکی یاسایی دامەزراوە، کەپێویستە لیژنەیەکی هەڵبژاردنی مەرکەزی تێدابێت، لەگەڵ لیژنە فەرعییەکانی تر کەسەرپەرشتی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنی بنکەکانی دەنگدان دەکەن.

پێویستە لیژنەیەکی کارگێری فەرعی هەبێت بۆ هەڵبژاردن لەیەکەکانی هەڵبژاردندا (بەشەکانی هەڵبژاردن ) لەوێدا ئەندامی دەستەی یاسادانان هەڵدەبژێردرێت.

پێویستی بەلیژنەکانی هەڵبژاردنی ناوەندی، بەپێی سیستمی هەڵبژاردن و هۆکارە جوگرافی و دیموگرافییەکانی سەر بەووڵاتە دیاری دەکرێت.

پێوستە کەمترین ئاستی پەیکەری لیژنەی هەڵبژاردن لەیەکەکانی هەڵبژاردندا خۆی ببینێتەوە کەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت.

شایەنی باسە کەپێویستە باسی پەیوەندی نێوان لیژنەکانی هەڵبژاردنی مەرکەزی و نزمترین لیژنەی هەڵبژاردن و هەروەها پەیوەندی نێوان لیژنەکانی هەڵبژاردن و بەرپرسانی دەسەڵاتی حکومەتی بکرێت.

لەهەر کوێیەك بێت هەموو ئەو پسپۆرو لێزانو شارەزایانەی سیستەمەکانی هەڵبژاردن لەهەر وڵاتێك بن بەکاربهێنرێت بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکە.

دەبێت لیژنەی مەرکەزی هەڵبژاردن لەسەر چەند بنەمایەکی پتەو دابمەزرێت نەك بۆ کاتێکی دیاری کراوی پێش هەڵبژاردنەکە.

ئەمەش ئەو راستییە دەگەیەنێت، کەلیژنەی مەرکەزی هەڵبژاردن دەبێت هەمیشە لەگەشەپێدانی لیستەکانی دەنگداندا بێتو چەند چالاکییەکی تر بگرێتەبەر بۆ پێشخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە.

دەکرێت لیژنە فەرعییەکانی هەڵبژاردن کاتی بنو پێش پرۆسەکە بەماوەیەك دابمەزرێن. بەڵام دەبێت هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەکانی هەڵبژاردن بێلایەنو کراوەو بێگەرد بن.

دەبێت بەرێوەبەری هەڵبژاردنەکە زامنی راستەقینەی ئەم خاڵانە بێت:

مووچەخۆران لەهەڵبژاردندا بەرپرسن لەبارەی هەڵبژاردنەوە کەمەشقیان پێکراوە لەسەری، ئەمەش مەشقو جێبەجێ کردنو ئامادەسازی یاسا دەگرێتەوە، هەتا ئەو کارمەندو مووچە خۆرانە بەباشترین شێوە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

* هەڵسوکەوتی میانەرەوی کارمەندانی هەڵبژاردن.

* دانانی رێوشوێنی شلگیرانە بۆ هەڵبژاردنەکەو راگەیاندنی بەدەنگدەرەکان.

* رۆشنبیرکردنیو فێرکردنی دەنگدەران سەبارەت بەو ئیشانەی پەیوەندییان بەپرۆسەی هەڵبژاردنو پاڵێوراوانو پارتە سیاسییەکانەوە هەیە.

* ناونووسکردنی دەنگدەرەکانو پاراستنی ناوە تازەکان.

* پاراستنی پاکیی دەنگدانەکە لەرێی چەند پێوەرێکی تایبەتەوە بۆ قەدەغەکردنی فرتو فێڵی دەنگە نایاساییەکان.

* پاراستنی پاکیی هەڵبژاردنەکە لەجیاکردنەوەو پۆلێنکردنی دەنگەکاندا.

* پاراستنی پاکییو وردیی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردن.

4- مافەكانی دەنگدان و ناونووسكردنی دەنگدەران :-

**** یەكسانیوگشتگیری یەكسان:***

دەبێت مافی دەنگدانی گشتگیرو یەكسان دابین بكرێت بۆ ئەوانەی تەمەنیان لەسەروو (18) ساڵەوەیە. چونكە لەبنـەماكانی مافـە سیاسـییەكاندا هـاتووە، كەهـەموو كەسـێك لـەدوای ئـەم تەمەنـەوە دەبێتـە خـاوەن مـافی سیاسی63.

**** جیاوازی نەكردن:***

هـەموو كەسـێك مـافی دەنگـدان و ئەنجامـدانی پرۆسـەی هەڵبـژاردنی هەیـە بـەبێ جیـاوازیو لەسـەر بنـەمای یەكسانی مامەڵەكردن لەبەردەم یاسادا. ئەمەش جیانەكردنەوەی دەنگدەرانی دەوێت لەرووی رووكـەش و رەنـگ و زمان و ئایین و سیاسەت و بیروباوەڕی ترو رەگەزو بنـەوانی كۆمەڵایـەتیو سـەندیكاو كەمینـە نەتەوایەتییـەكان و شوێنی لەدایكبوون لێهاتن و.. ..وهتد.

**** توێژینەوەو لێكۆڵینەوە لەسەر هەر شتێك كەتەنگەتاویی بۆ سەر  مافی دەنگدان دروست بكات.***

**** ناونوسكردنی دەنگدەران :***

مـافی هەڵبـژاردن چـەند بەهایـەكی تایبـەتی هەیـە وەك چـۆنێتی دەنگـدان و رادەی هەڵـەكردن لەدەرخسـتنی ئەنجامەكانـدا. بۆیـە پێویسـتە كـەرێ و شـوێنی هەڵبـژاردنی هـەبێت و هاوكـات زەمانـەتی وردی و پتـەوی كارەكـە بكـات بـۆ رێگـە گـرتن لـەدیاردەی فێڵ لەهەڵبژاردنەكانـدا. هـەروەها شـێوازی دانـانی شایسـتەیەتی هەڵبـژاردنی تێـدابێت  بەشـێوەیەك پرۆسـەكە بەتـەواوەتی روون بكاتـەوە لـەژێر ملكەچـی بڕیـارە هەرەمەكیەكانـدا نـەبێت و بەشێوازێكی بابەتی چاودێری بكرێت، رونكاریش دەخوازێت كـەتۆماری دەنگدەران بەشێوەی دۆسیەی گشـتی بێـت و بـۆ وردبینـی و پشـكنین بشـێت، بـێ هـیچ كێشـەیەك لەلایـەن دەنـگ دەرانـەوە لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێـت

---

تەماشای رێكەوتننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بكـە بـۆ مافـەكانی منـداڵ، بەنـدی یەكـەم  G.A.  25/44         پاشكۆی  44 GAOR U.N.   ژمارە (49) لە 167 راپۆرتی نەتەوە یەكگرتووەكانی أ/49/44 (1989).

[63]. رێكەوتننامەی ژمارە 108 بۆ بەرگری كردن لـە تاكـەكان لەگـەڵ رەچـاوكردنی كـارە ئوتوماتێكییانـەی كەلەسـەر  زانیارییـە تایبەتـەكان دەكرێن. هەروەها تەماشای بەندی 8ی ECHR بكە كە یاس لە مافی وازهێنان دەكات.

کەهاوسەنگیەك بکرێت لەنێوان پێداویستی تۆمارە گشتیەکان لەبەرامبەر زەمانەتی جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی پاراستنی زانیاریەکان دا.

نابێت تەنها ئەو گۆرانکارییانەی کەلە لیستەکانی ناوەکاندا دەکرێت لەقۆناغی پێش هەڵبژاردندا قەدەغە بکرێن، بەڵکو دەبێت بەدرێژایی کات بەردەوام بێت جگە لەحاڵەتی لێبوونەوەی ریزبەندی پێشتری قۆناغی پێش هەڵبژاردن. نابێت کەسێك تەنها خۆی پەسەندبکات بەڵکو هەموان دەتوانن پەسەند بکەن، یان رەخنەو کەموکورتییان لێ بدۆزنەوەو بەرپرسیاربن بەرامبەر ئەم کارەیان.

5- **پەروەردەی مەدەنی و زانیاری دەنگدەر:**

باشترین شێوازی پیادەکردنی هەڵبژاردن دەخوازێت ، کەدەسەڵات . هەستێ بەئاگادارکردنەوەی دەنگدەران سەبارەت بەپرۆسەی هەڵبژاردن و هەڵگرتنی رێ و شوێنی پێویست بۆ هۆشیارکردنی دەنگدەر پێش دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە.

دەبێت دەستەی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکەش ئەم زانیاریانە ناوبەناو ئامادەبکات لەسەر:

1- پاڵێوراو و پارتە سیاسییەکان.

2- رێوشوێنەکانی هەڵبژاردن.

3- رێوشوێنەکانی بەرگریکردن لەمافەکانی دەنگدەران.

دەبێت ئەم زانیارییانە بەزمانی کەمینە نەتەوەییەکان ئامادەبکرێن، لەو ناوچە جوگرافییانەی کەتێیدا نیشتەجێ بوون، لەرێی هۆکارە گونجاوەکانی راگەیاندنەوە بەمەبەستی گەیشتن پێیان.

6- **پاڵێوراوان و پارتە سیاسییەکان و تێچوونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن:**

*** یەکسانی مامەڵە کردن لەبەردەم یاسادا:***

باشترین شێوازی هەڵبژاردن دەخوازێت کەپارتە سیاسی و پاڵێوراوەکان لەسەر بنەماکانی یەکسانی لەبەردەم یاسادا مامەڵەو کێبڕکێکەیان ئەنجام بدەن، دەبێت یاساش بوار بدات بەجوڵانەوەی پارتە سیاسیەکان و پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکە. دەبێت مەکتەبی پشکنینی پاڵێوراوەکان وەك هەر پاڵێوراو پارتێکی سیاسی سەربەخۆی تر سەرپشك بکرێت لەکارەکەیدا. بەبێ رەچاوکردنی پەیوەندی سیاسی و لاوازی ئەو حزبە چوونکە ناکرێت بەیەك چاو سەیری پاڵێوراوەکان نەکرێت.

*** ئامرازەکانی دەنگدانی نهێنی:**

پێویستە کەهۆیەکانی رەتکردنەوەی تۆمارکردن بەپێی کۆمەڵێك پێوەری بابەتیی و روونکاریی یاسایی بێت، هەروەها پێویستە کەگەنجینەی ماددیی ئەوەندە هەبێت بۆ خاوکردنەوەی هەر هەڵسوکەوتێکی سەرکەشانە لەلایەن هەر حیزب و پاڵێوراوێکی سەربەخۆوە، بەمەرجێك نەگاتە ئاستی رێگەگرتن لەچالاکی حیزبە سیاسییەکان و پاڵێوراوان، ئەمەش بۆ مەبەستی سەرخستنی پرۆسەی دەنگدانە نهێنییەکەیەو دەشێت کەتوانای لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی دەنگدەرانی هەبێت و ژمارەکانیش لەسنورێکی ئاساییدابن.

هەروەها پێویستە کەسنوری کۆتایی وەرگرتن یان وەرنەگرتنی داواکاری ناونوسکردن دیاری بێت هەروەها پێویستە ئەو رێساو بنەما یاساییانەی بەهۆیەوە داواکاریەکان وەرناگیرێن لەسەر بنەمایەکی بابەتی، دیاری بکرێن ، هەروەها پێویستە کەرێگە بدرێت بەیاسا تا خۆی بەدوور بگرێت لەدژەوانە لاوەکیەکان لەماوەیەکی سروشتیدا دوای رەتدانەوەکە، هەروەها وەرنەگیراویش پاش وەرنەگیرانەکەی مافی تێهەڵچونەوەو رونکردنەوەی تەواوی هەبێت بۆ پرۆسەی داواکردنی پەلە بۆ دەور بینینی دادگا لەرێگەداندا بەئەنجامدانی دەنگدانی نهێنی، بەشێوەیەك رێگە بگرێت لەناونوسکردنی هەڵە.

نابێت بەهیچ شێوەیەك یاری بەئەنجامی ناونووسینەکە بکرێت، چونکە ئاسەواری خراپی لێ دەکەوێتەوە، پاشان زەحمەتکە بەئاسانی قەناعەت بەپاڵێوراوو پارتە سیاسییەکان بکرێت، سەبارەت بەئەنجامی دەنگدانەکە، هەروەها رێگە نادرێت بەئاشکراکردنی ئەنجامی توێژینەوەو رونکردنەوەکان، مەگەر لەکاتی پێشێلکردنی تەواوی یاسادا بەپێی رێنماییە دیاریکراوەکان.

*** یارمەتی گشتی دارایی پارتە سیاسییەکان و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن:**

دەبێت یارمەتی گشتی لەسەر بنەماکانی یەکسانی لەمامەڵەکردن لەبەردەم یاسادا دابین بکرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەپێویستە هەموو پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوەکان خەرجی تەواویان بۆ دابین بکرێت بۆ یارمەتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کەپارتە سیاسی و پاڵێوراوەکان ئەوەندە وەردەگرن کەیەکسان بن لەمامەڵەکردنیان لەبەردەم یاسادا.

نابێت هیچ بەندێك زیاد بكرێت بۆ یارمەتی گشتی بەبێ بنەمایەكی یاساییو چەند پێوەرێكی ئامانجدار، بەشێوەیەك كەدەسەڵاتی حكومی نەتوانێت بیگۆڕێت. هەروەها نابێت ئەم یارمەتیە لەشوێنی نەگونجاودا بەكاربهێنرێت، یان لەئامرازی تردا وەك هۆیەكانی راگەیاندن، سەبارەت بەتەلارو موڵكەكانو شتی تریش پێویستە بخرێنە خزمەتی هەموو بەشدارانی هەڵبژاردن، لەسەر پرەنسیپی یەكسانیی لەمامەڵەدا.

**** یارمەتی تایبەتی پارتە سیاسیو هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن:***

دەبێت مەرجی گونجاو دابنرێت بۆ یارمەتییە تایبەتەكان، چونكە هەر جۆرە فشارێك لەسەر یارمەتییە تایبەتەكان پێشێلكردنە بۆ مافی تاكەكان لەئازادی رێكخراوەییو هۆكارەكانی رادەربڕیندا، دەكرێت رێ لەیارمەتییە تایبەتەكان نەگیرێت بەپێی جۆری هەڵبژاردنەكەو یەكگرتنی هۆكارە جوگرافیو دیموگرافیەكانو تێچوونی راگەیاندنو هۆكارەكانی تری هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن.

باشتر وایە كەخەرجی كێبڕكێكەران دیاری بكرێت لەهەر هەڵبژاردنێكی متمانەپێدراودا، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت رێگە بدرێت بەپارتە سیاسییەكان بۆ خەرجكردنی پێویست لەسەرچاوەكانی خۆیانەوە بەمەبەستی گەیاندنی پەیامە سیاسییەكانیان.

**** راپۆرت نووسیو دیاریكردنی پێداویستییەكان:***

دیاریكردنی خەرجی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن بێ نوسینی راپۆرتو پەیدۆزی پێویست بێهودە دەبن،بۆیە باشترین شێواز ئەوەیە كەنوسراوی خولییو بەردەوام بۆ ماوەیەكی گونجاوو هەبێت، بۆ پێداویستی بەشداریە وەرگیراوەكانو سەرچاوەكانیانو قەبارەو جۆریان (دراوبن یان نا). لەگەڵ پەیدۆزیی خەرجی ئەوانەی كێبڕكێ دەكەن لەهەڵبژاردنەكەداو بەراوردكردنی وەرگیراو لەگەڵ خەرجكراوەكاندا.

**7- ئامرازەكانی راگەیاندنو بەرگریكردن لەئازادی گوتنو رادەربڕین لەهەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا :**

**** مامەڵەی یەكسانو ئامرازەكان:***

دەبێت بەکارهێنانی هۆکارەکانی راگەیاندن بەشێوازێکی یەکسان دابین بکرێت بۆ پاڵێوراوو لایەنە سیاسییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدەبرێن، بەشێوەیەك كەدەنگدەران ئاگاداربکاتەوە لەبەرنامە سیاسییەکانو راو ئامانجەکان بەشێوەیەکی پاكو بێلایەن. ئەمانەش هەموو جۆرەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن دەگرێتەوە وەك رادیۆو تەلەفزیۆنو رۆژنامەو هۆکارە خەتەرناكو راگەیاندنەکانی وەك ئینتەرنێت.

دەبێت لایەنە سیاسیو پاڵێوراوەکان ئازادبن لەبەکارهێنانی ئەم هۆکارانە لەبەرژەوەندییان بەکاردەهێنرێت. باشتریش وایە کەلایەنە سیاسییەکانو پاڵێوراوەکان کاتی زیاترو ئازادتریان هەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریو بەرنامەکانی هەڵبژاردنیان دەکرێت جێبەجێکردنی بنەما بابەتییەکان دەستەبەر بکرێن گەر یاسا باس لەم خاڵانە بکات:

ڕێژەی سەدی ئەو کاتانەی دابەش دەکرێت بەسەر پاڵێوراوو لایەنە سیاسییەکاندا بەپێی ژمارەی کورسی دیاری کراو لەپەرلەماندا.

دەبێت ئەو ڕێژەی سەدییەی دابەش دەکرێت بەسەر پاڵوراوو پارتە سیاسییەکاندا لەسەر بنەمای یەکسانی بێت، بەچاوپۆشی کردن لەهێزو توانای ئەندامی پەرلەمانەکە.

هەروەها جەخت کردن لەسەر دەستنیشانکردنی کاتی دیاریکراو بۆ پاڵێوراوە لایەنە حیزبییەکان بۆ ئەنجامدانی ململانێیەکی راستەقینە لەهەڵبژاردنەکەدا.

بەرئەنجامی خەرجکردن بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی پەیوەستە بەئەنجامی یەکسانی مامەڵەکردن بەئامرازەکانەوە لەرێبازی پڕوپاگەندەی سیاسیدا دەبێت کەیەکسانگیری لەمامەڵەو ئامرازدا دەستەبەر بکرێت. چونکە ئەو ناچونیەکیەی لەخەرجی پڕوپاگەندەی سیاسیدا دەکرێت، هەمان ئەو تێکڕا بازرگانیەی ئاگادارنامە نییە کەبۆ هەموو حیزبە سیاسیو پاڵێوراوەکان دەکرێت. هەروەها پێویستە هەمان کاتو شوێن بەهەموو هەلومەرجی کاتیەوە وەك یەکبن بۆ هەمووان، باشترین بەدیلیش بریتییە لەرێگەنەدان بەهەر پڕوپاگەندەیەکی سیاسی.

خۆئەگەر دەوڵەت پلەو پایەی حیزبێکی سیاسی یان پاڵێوراوێکی دیاری کراوی بەحوکمی موڵکیەتی بۆ ئەو ئامرازی راگەیاندنەدا بەسەر ئەوانی تردا لەبڵاوکردنەوەی نوێو بڵاوکراوە سیاسییەکانیو سەر وتارەکانیو

بابەتە بنەرەتیەکانیدا، ئەوجا دەبێت دەسەلاتی بەدواداچوون شوێن پێ هەلگرتنی خێرایی هەبێ بۆ حالەتی سنور شکێنەکان.

**** بەرگریکردن لەئازادی گوتنو رادەربڕین لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا:***

ناکرێت هەڵبژاردنی دیموکراسیانە سەقامگیر بێت، گەر هاتوو دەسەلاتی حکومەت مافی گووتنو رادەربڕینی ئازادی لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ناساند، چونکە سنوردارکردنی ئازادی رادەربڕین لەکاتی هەڵبژاردندا پێشێلکردنی مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤە، زیاتر لەوەش هاوشێوەی ئەو بەندانە کەدەستەبەریەکانی ئازادی گوتن پێشێل دەکات لەسنوری وڵاتدا هەرماون.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێوەرانە مایەی جێبەجێ بوون نین بەمەبەستی رێگە گرتنو نەوروژاندنی گوتەیەك کەمانای هاندانی کەسانی تر بگەیەنێت بۆ پێشێلکردنی مافەکان.

ئایا ئەم پێوەرانە رێدەگرن لەدەنگدان لەسەر پێشنیارەکانو گەیشتن بەئەنجامەکان؟

باشترین شێوازی کار ، هەروەك بەروونی لەرێکەوتننامەکانی دادگای ئەوروپیدا هەیە بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەپێویستی دەزانێت کەحکومەت ئاگای لەو کۆتو بەندانە بێت کەدەیخاتە سەر رێی دەنگدان، چونکە هەریەکە لەدژەکاریو پێکدادانو تەنگەتاوکردنی مافی گوتن لەوانەیە ببێتە هۆی فرەییو دەشێت لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ئەمانە لەگەڵ راستکردن لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنداو گوتنو گفتوگۆکردن لەگەڵ دەسەلاتی حکومیوکارمەندە دەسنیشان کراوەکانو پاڵێوراوەکانی دەستەی بەرێوەبردن.

**8- نهێنیی دەنگدان:**

**** نهێنیبوونی دەنگدان:***

باشترین شێوازی پیادەکردن ئەوەیە کەنهێنی بوونی دەنگەکان دەپارێزێتو دەستەبەری دەرنەکەوتنی دەنگی دەنگدەران دەکات لەکاتی فرێدانیدا بۆ شوێنی دیاری کراوی خۆیان. جگە لەبارودۆخە نائاساییەکاندا، بەدەرهاویشتنی حالەتی دوای پرۆسەی دەنگدان دواخستنی سندوقی هەڵبژاردن کەرێگە دەدرێت بەئەندامانی لیژنەی دەنگدان، نابێت کەس دیاری بکرێت بۆ یارمەتی دانی دەنگدەرە نابیناکان یان ئەوانەی پێویستیان

بەیارمەتی هەیە بەهۆی کەموکورتییەکی سروشتییەوە، بەهەرحاڵ نابێت ڕێبدرێت بەئەندامانی لیژنەکانی هەڵبژاردن کەکاربکەنە سەر دەنگەکان پێش فرێدانی بۆ ناو سندوقی هەڵبژاردنەکە. پرەنسیپی دەنگدانەکە پێویستی بەدووپاتکردنەوەی سیستمی هەڵبژاردن هەیە لەسەر نهێنی دەنگدان نەك تەنها وەك دەنگدەر بەڵکو لەبەرئەوەی کارێکی پێویستە.

یەکێك لەئەرکە سەرەکییەکانی کارمەندانی هەڵبژاردن دابینکردنی ئاسانکاری پێویستە بۆ دەنگدەران لەرووی کات و شوێنی گونجاوەوە بۆ دەنگدانی نهێنی.

### * ***ڕێ و شوێنەکانی دەنگدان:***

دەبێت ڕێوشوێنەکانی دەنگدان ناونووسی تەواوی دەنگدەران زامن بکات بەمەبەستی نەهێشتنی دووبارەنەبونەوەی و فێڵکردن لەدەنگدانەکە. بەهەرحاڵ نابێت ڕێوشوێنەکانی دەنگدان قورس و ئالۆز بن بەشێوەیەك کەببنە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا. دەبێت ئەم ڕێوشوێنانە زامنی پاراستنی ئامرازو کەرەستەکانی دەگدان بن لەپێش و پاش ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە.

### * ***دەنگدانی جێگۆرکێ کەران:***

دەنگدانی جێگۆرکەران یان دەنگدانی بەریدی لەگەڵ دەنگدانی تاکێك بەهەردوو شێوازەکەوە دەگونجێت خەڵکانێك هەن هەمیشە سەرقاڵی کارن و لەشوێنی دووردان، وەکو پەناهەندەکان و کۆچکرەکان.

ئەم شێوازی دەنگدانە ڕێ بەوانە دەدات کەهەمیشە لەچوارچێوەی ماڵەوەدا جێ نشینن بۆ دەنگدان بەهەر هۆیەك بێت.

هەروەها دەبێت هۆکارەکانی دەنگدان بۆ ئەندامانی سوپا دابین بکرێت.

گرنگیدان بەدەنگدانی بەریدی کارێکی باشە، هەرچۆنێك بێت دەبێت ڕێ لەفرتوفێڵ بگیرێت لەو جۆرە دەنگدانەدا.

ئەگەر ڕێگە درا بەدەنگدانی بەریدیی، ئەوا دەبێت ئەم ڕێوشوێنانە جێبەجێ بکرێن.

* دەبێت ڕێوشوێنەکانی دەنگدانی بەریدی سنوردار بکات، بۆ ڕێگەگرتن لەدوبارە کردنەوەی دەنگدان.

* پێویستە کار بەدەنگدانی بەریدیی بکرێت لەحاڵەتی ئامادەنەبوونی دەنگدەردا بۆ بنکەی هەڵبژاردنەکەی بەهۆی کەفتەکارە سرووشتیەکانەوەو پێویستیشە کەئەم راستییە پشتیوانیی‌لیٚ بکرێت بەبڕوانامەیەکی نووسراوی ئاراستەکراو بۆ لیژنەی هەڵبژاردنی ناوەند بەمەبەستی لێکدانەوەی نەتوانینی ئامادەنەبوونی ئەو کەسە بەهۆی سروشتییەوە .

* دەبێت چاودێرانی گشت بڕگەکان مۆڵەت بدرێن بۆ هامڕایی کردنی سندوقی دەنگدانی بەریدیی.

* دەبێت بەرەسمی ژمارەی پسوڵە بەکارهێنراوەکانی دەنگدان بنوسرێن لەگەل ئەوانەی کەماون.

* دەبێت ژمارەی پسوڵەی دەنگدانی دابەشکراو لەگەڵ ژمارەی نوسراوی پشتگیری وەرگیراو یەکسان بن بۆ دەنگدەرەکان. لەگەڵ هەندێك پسوڵەی زیاتری هەڵبژاردن بۆ لەناوچوو دڕاوەکان.

* دەبێت ژمارەی ئەوانەی کەبەدەنگدانی بەریدی بەشداری دەکەن لەگشت بنکەکانی هەڵبژاردندا بنوسرێت، بەرەسمی و بەمشێوەیە، دەکرێت رێژەی ئەو دەنگدەرانەی کەبەشێوازی دەنگدانی بەریدیی بەشدارییان * کردووەو ژمارەکانیان نائاساییە دیاری بکرێن و ریٚ لەفرتوفێڵ کردن بگیرێت.

* بەلای کەمەوە دەبێت دوو ئەندامی هەموو بنکەیەکی هەڵبژاردن سەرووکاری دەنگدانی بەریدی بکەن بەیەکەوە لەو سنووورە جوگرافیەدا کەبنکەی هەڵبژاردنەکەی تێدایە.

**** دەنگدانی سەربازان :***

باشترین شێوازی کاردەخوازێت کەمۆڵەت بدرێت بەوانەی کەسەربازن بۆ بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکان، نابێت لەبەرئەوەی سەربازن کەمترین مافیان لێبسەنرێتەوە بەراستیی پشتیوانییەکی گەورە لەریٚ و شوێندا دابنرێت بۆ پیادەکردنی ئەندامی سەربازگە بۆ مافی خۆی کەدەنگدانە لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکەیدا.

سەرباری پشتیوانیی و بەرگریکردن لەمافی ئەندامانی رێگەی سەربازیی لەهەڵبژاردندا، بەلاٚم پێویستە کەوەرەقەیکی نوسراویان بەووردیی و ئاگاییەوە وەك دەنگدەری سەربازیی پێبدرێت بۆ ئەوەی بەپێی پێویست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. زۆرجار وا پێویست دەکات کەبنکەیەکی هەڵبژاردنی تایبەت لەچوارچێوەی یەکە سەربازییەکانی ناوچە دوورەکاندا دابنرێت کەدورن لەهەر کۆمەڵگەیەکی نیشتەجیٚی دانیشتوانی. قاییل بوون بەمەش زۆر زەحمەتە بەلاٚم دەبیٚ لەکاتە سەختەکاندا بەشێوەیەکی رەواو یەکلاکەرەوە کاری پێبکرێت. لەهەر شوێنێکی هەڵبژاردنی مەدەنیدا بێت پێویستە ئەو سەربازە بیٚدوو دڵیی ئەو کارە بکات بەبیٚخواستی.

هەڵبـژاردنی نـاوخۆیش ،پێویستە لەسـەر ئەنـدامانی سـەرباز کـەدەنگی خۆیـان بـدەن لەبازنـەی خۆیانـدا کەتێیدا نیشتەجێن.

### * ژماردنی دەنگەکان:

بەچاوپۆشی شوێنی ژماردنی دەنگەکان لـەناو بنکـەکانی هەڵبـژاردن بێـت یـان لەشـوێنی ژماردنـی مەرکـەزی، دەبێت دەنگەکان بژمێردرێن و پاشان جیابکرێنەوەو پۆلێنبکرێن بەئامادەبوونی چاودێران و سەرجەم بەرپرسان و دەسـت نیشـانکردنی براوەکـان بەشـێوەیەکی گونجاو. لەگـەڵ ئـەوەی ژماردنەکـە بەدەسـت یـان بەکۆمپیوتـەر یـان بەهـەر شـێوازێکی تـر ئەنجامـدرابێت، دەبێـت پێداچـوونەوەو وردەکـاری تـەواویان بـۆ کرابێـت، بـۆ زامنکردنـی راستی و دروستی پرۆسەکە.

دەبێت هەندێك رێنمایی ئەنجامدرابێت بۆ بەرپەرچ دانەوەی شێوازی ژماردنـەکان و ئـەو پێوەرانـەی شـەرعیەت دەدەن بەدەنگـەکان. هـەروەها دەبێـت رێبـدرێت بەچاودێرەکان کەوێنـەی کـۆپی کـراوی گشـت نوسـراوو حشـتەو زانیارییەکانیان هەبێت.

### * جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی ئەنجامەکان:

باشـترین شـێواز دەخوازێـت کەنوسـراوو خشـتەو ئەنجامـەکانی ژمـاردن و دەنگدانـە نهێنییـەکان و ئامرازەکـانی هەڵبژاردنەکـە (بـەروونی و بـەزمانی یاسـا) لەلیژنـەی خـوارووی هەڵبژاردنەکـە بـۆ مـام ناوەندییەکـەو پاشـان بـۆ لیژنەی بالا ببرێن بەمەبەستی جیاکردنەوەو پۆلێنکردن و پاراستنیان.

بەمەبەستی پاراستنی پـاکی پرۆسـەی هەڵبژاردنەکە بەگشـتی ، دەبێـت رێبـدرێت بەچاودێرەکان بـۆ چاودێری کردنـی هـەموو پرۆسـەی هەڵبژاردنەکـەو ئاسـانکارییان بـۆ بکرێـت لـەپێناوی گەیشـتنیان بـەو زانیارییانـەی پەیوەندییان بەهەڵبژاردنەکەوە هەیە .

### * راگەیاندنی گشتی و گشتگیری لەژماردندا جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی ئەنجامەکان:

باشترین شێواز ڕێپێدانی گشتییه بۆ بەکارهێنانی نووسراوەکانی هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی جیاکردنەوەو پۆلێنکردنەکان و ئەو بڕیارانەی کاریگرییان لەسەر ئەنجامەکان کردووە. لەناویاندا ئەنجامی دەنگەکانی گشت بنکەکانی دەنگدان کەدەبێت بنێردرێت بۆ لیژنەی باڵای هەڵبژاردن. دەبێت ئەم خشتانە وەك پاشکۆیەك بڵاوبکرێنەوە لەو چاپخانانەی سەر بەحکومەتن دوای بەخشینی متمانەی تەواو بەئەنجامەکان.

### پێنجەم - چاودێریکردنی هەڵبژاردن

پاکی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە زۆر پێویستە بۆ زامنکردنی هەڵبژاردنی دیموگرافیانە. باشترین شێوازیش بریتییە لەهێنانی چاودێرە ناوخۆیی و بێگانەکان و نوێنەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پاڵێوراوو لایەنە سیاسییەکان.

### شەشەم - میکانیزمی سکاڵاکردن و سووربوون لەسەر بەڵگەسازیی:

دەبێت چەند میکانیزم و چارەسەرێکی چالاك بگیرێتە بەر بۆ جێبەجێکردن و دابینکردنی مافەکانی هەڵبژاردن. باشترین شێوازیش ئەوەیە کەسیستمی هەڵبژاردنەکە ئەم مافانە دابین بکات بۆ ئەوانەی سکاڵا دەکەن لەپێشێلکردنی مافی دەنگدانیاندا:

* مافی هێنانی شایەت و بەڵگە بۆ پشتگیری سکاڵاکەی.

* مافی گوێگرتنی گشتی بۆ سکاڵاکە.

* مافی گوێ گرتنێکی دادپەروەرانە بۆ سکاڵاکە.

* مافی پەنابردنە بەر دادگایەکی بێلایەن بۆ بڕیاردان لەسەر سکاڵاکە.

* مافی بەدواداچونی ڕوونی سکاڵاکە.

* مافی دەستکەوتنی چارەسەری کاریگەر.

* مافی تازەکردنەوەی لێکۆڵینەوە لەدادگایەکی (استئنافی) دا.

* کاتێك سکاڵاکە چارەسەر ناکرێت.

دەبێت گشت ئەنجامەکانی جیاکردنەوەو پۆلێنکردنەکە بەچەند خشتەیەك بنوسرێن، بەشێوەیەك کەچاودێران بۆیان هەبێت وردەکاری خۆیان بۆ هەر بنکەیەکی دەنگدان ئەنجام بدەن لەگشت ئاستەکاندا بەرەو ئەنجامی کۆتایی. هەروەها دەبێت خشتەکانیش زانیاری تەواوی تێدابێت لەسەر دەنگدەرەکان و ژمارەی پسووڵەکانی دەنگدانی بەکارهێنراو و لەناوچوو دەبێت ژمارەی دەنگەکانی هەریەك لەپاڵێوراوو لایەنە سیاسییەکانی تێدابێت و پێویستە ئەم رێنماییانە بەسەر دەنگدانی بەریدیشدا جێبەجێ بکرێن.

بوونی وردەکارییەکان لەخشتەکاندا زۆر پێویستن بۆ بەدواداچوونی چاودێرەکان بەدوای وردەکاری ئەنجامەکانداو دەستنیشانکردنی شوێنی فرتوفێڵەکان، کاتێك کەناوەکان بەشێوازێکی نایاسایی دەگۆڕدرێن لەکاتی پرۆسەی جیاکردنەوەو پۆلێن کردنەکەدا.

| پێوەرەکان | پابەندیەکانی سیستمەکە وباشترین پیادەکردن |
|---|---|
| **مافەکان :-**<br>هەڵبژاردنی دەستەی یاسادانان لەرێی هەڵبژاردنێکی راستەوخۆوخولییەوە<br>**بنەماکان :-**<br>⋆ بەندی 21 لە UDHR<br>⋆ بەندی 25 لە ICCPR<br>⋆ بەندی 23 لە ACHR<br>⋆ بەندی 13 لە ACHPR<br>⋆ بەندی 3 لە پروتوکولی ECHR | |

| پابەندییەکان :- سیستمی هەڵبژاردن باشترین پیادە کردن | ماف : |
| --- | --- |
| ★ ئەنجام دانی هەڵبژاردنێکی راستەوخۆ بۆ یەك پەرلەمانی نیشتمانی بەلای کەمەوە .<br>★ هەڵبژاردن بۆ پەیکەرە یاسایەکانی هەرێمەکان ئەنجام دەدرێن<br>★ هەڵبژاردن بۆ پەیکەرە یاسایییە ناوخۆییەکان ئەنجام دەدرێت .<br>★ هەڵبژاردن بۆ هەموو ئەو پەیکەرانە ئەنجام دەدرێت کە پێویستن بۆ پێك هێنانی بەشێك لە پەیکەری یاسادانان.<br>★ دەستەواژەی هەڵبژاردن ئەو دەستەواژەیە کە دەنگەکان دەکاتە بارێکی سەرپشککردن وئازادیی را دەربڕینی گەل تیایدا ڕەنگیداوەتەوە لە هەڵبژاردنی دەستەی یاسادانانیجێگیرکراو لە یاسادا . | بۆ هەڵبژاردنێکی بێگەرد کە ویستی گەل و ئازادی رادەربرین بێنێتە دی بنەماکان .<br>★ بەندی 21 لە UDIHR<br>★ بەندی 25 لە ICCPR<br>★ بەندی 23 لە ACHR<br>★ بەندی 13 لە ACHPR<br>★ بەندی 3 لە پروتوکولی یەکەم لە ECHR<br>★ برگەکانی 4,7 لە راپۆرتی کوبنهاجن .<br><br>ماف : |

بۆیەکسانی لەدەنگدانیدا بنەماکان:-

★ بەندی 21 لە UDIHR

★ بەندی 25 لە ICCPR

| | |
| --- | --- |
| ★ ئەم هەڵبژاردنانە لە چەند کاتێکی دیاری کراودا کە لە لایەن یاساوە دیاری کراوە ئەنجام دەدرێت<br>★ دەبێت ماوەی نێوان [illegible] | لەلایەن دەستورەوە پارێزراو بن.<br>★ دەبێت هەموو ئەو بنەما یاسایانەی کە یاسای هەڵبژاردن رێك دەخەن [illegible] |

| | |
|---|---|
| ماف : بۆدەنگ دانێکی گشتگیر ویەکسان:- ★ بەندی 21 لە UDHR ★ بەندی 25 لە ICCPR ★ بەندی 23 لە ACHR ★ بەندی 13 لە ACHPR ★ بەندی 14وبەندی 13 , پروتوکولی یەکەم لە ECHR ★ بەندی شەش لە ECFPNM برگەکانی 7,4و7,7 لە راپۆرتی کوبنهاجن | کاربکەن . ★ پێویستە لیژنەکانی هەڵبژاردن بەڕوونی دروستیو کاربکەن ومۆڵەتیش بدرێت بە چاودێرەکان بۆ ئاگابوونیان لە کۆبوونەوەکان ونووسراوەکان وبریارەکانی پرۆسەکە . ★ دەبێت چەند میکانیزمێك لەو یاسایانەدا هەبێت کە چارەسەری کێشەکانی هەڵبژاردن دەکەن بۆ رەخنە گرتن وبەرپەرچ دانەوەی بریارەکانی لیژنەکانی هەڵبژاردنەکە. ★ دەبێت ئەندامانی لیژنەکانی هەڵبژاردن لە دەرکردن وبریارە نابەجێیەکان پارێزراوبن . بەش : دابەشکردن باشترین پیادەکردن ★ دەبێت یەکەکانی هەڵبژاردن (لقەکانی دەنگ دان)لەسەر |

| | |
|---|---|
| **ماف :**<br>بۆدەستکەوتنی زانیاری بنەماکان:-<br>٭ بەندی 21 لە UDHR<br>٭بەندی 25 لە ICCPR<br>٭ بەندی 23 لە ACHR<br>٭ بەندی 13 لە ACHPR<br>٭ بەندی 3 , پروتوکولی یەکەم لە ECHR<br>٭ برگەی 7,7 راپۆرتی کوبنهاجن . | بنەماکانی یەکسانی لە دەنگ دان دا کاربکەن .<br>٭ دەبێت یەکەکانی هەڵبژاردن لە سەر بنەماکانی پێوەرە بابەتیەکان دابرێژرێن هەر لە دانیشتوانەوە تا وەکو جوگرافیا وعورف ونەریتەکانیان .<br>٭ دەبێت تایبەتمەندیەکانی سنووری جوگرافی ومێژوویی وکارگێری رەچاوبکرێت لە دارشتنی یەکەکانی دەنگ دان دا.<br>٭ دەبێت چەند ساڵ جارێك پێداچوونەوە بە سنوورەکانی هەڵبژاردن دا بکرێت (باشتر وایە لە دە ساڵ کەمتر نەبێت) .<br>٭ دەبێت پێداچوونەوە بە سنوورەکانی هەڵبژاردن دا بکرێت بە تایبەتی کاتی گەشەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بەمەبەستی کەم کردنەوەی کاریگەری |

| | |
|---|---|
| ماف :<br>بۆ دەنگ دانێکی گشت گیر<br>بنەماکان :-<br>٭ بەندی 21 لە UDHR<br>٭ بەندی 25 لە ICCPR<br>٭ بەندی 23 لە ACHR<br>٭ بەندی 13 لە ACHPR<br>٭ بەندی 3 , پروتوکولی یەکەم لە ECHR<br>٭ برگەی 7و5 ,7و6 ,7و7 ,7و8 ,7و9 لە راپۆرتی کوبنهاجن . | سنووره نوێکان بەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکاندا .<br>٭ دەبێت سنوورەکانی هەڵبژاردن بە شێوەیەك دابرێژێن کەمافی کەمینەکانیان تێدا پارێزراوبێت .<br><br>بەش :- مافەکانی دەنگ دان باشترین پیادەکردن<br>٭ دەبێت مافی دەنگ دان دەستەبەر بکرێت بۆ هەر کەسێك لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بێت .<br>٭ دەبێت تەمەنی دەنگ دەران لە هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت .<br>٭ دەبێت مافەکانی دەنگ دان و هەڵبژاردن لەسەر بنەماکانی دوور لەلایەنگیری دابمەزرێن بێ جیاوازی نێوان رەنگ و رەگەز و شوێنی لە دایك بوون وزمان وئاین وچەند پێوەندگێکی سیاسی وسیستمی کۆمەڵایەتی |

| | |
|---|---|
| ماف :<br>بۆ یەکسانی لە مامەڵە کردندا<br>بۆ ئازادی ڕێکخراوەکان<br>بنەماکان :-<br>★ بەندەکانی 21.19.18 لە UDHR<br>★ بەندەکانی 25.20.19.18 لە ICCPR<br>★ بەندەکانی 16.15.13 لە ACHPR<br>★ بەندەکانی 3.14.11.10 لە پروتوکولی 1 لە ECHR<br>★ برگەی 5و7 6و7,7و7, 8و7 لە راپۆرتی | وکۆمەڵەو ڕێکخراوەو کەمینە ونەتەوەو لێهاتووەکان ....هتد.<br>★ هەرچەندە بە هاولاّتی بوون پێویستە ,بەلاّم دەکرێت مافی دەنگ دان ببەخشرێت بەو بێگانانەی کە ماوەی پێویستی نیشتەجێ بوونیان بۆ بە هاولاّتی بوون تەواو کردوە .<br>★ نابێت پێویستی تەواو کردنی ماوەی نیشتەجێبوونی بێگانەکان بۆ بە هاولاّتی بوونیان ببێتە گرفت لە بەردەم مافی دەنگ دانیاندا .<br>★ دەبێت مەرجەکانی دەنگ دانی بێگانە نیشتەجێبووەکان ئاسایی وگوونجاو بن .<br>★ هەندێك جار مافەکانی دەنگ دان و خۆ پالاّوتن لە هەندێك دەسەنرێنەوە لە چەند باروو دۆخێکی یاسایی وتایبەتیدا ,بە پێی پرنسیپەکان . |

| | |
|---|---|
| | ★ دەکرێت مافی دەنگدان لە هەندێ کەس بسەنرێتەوە بە هۆی بیرکۆڵیەوە .<br>★ دەکرێت مافی دەنگ دان لە کەسێك بسەنرێتەوە |

| | |
|---|---|
| | دەران بلاْوبکرێنەوە و بەشێوەیەکی گوونجاو بپارێزرێن وبخرێنە بەردەستی بشکنەرە گشتیەکان .<br>★ هەرچەندە دەبێت |

| | |
|---|---|
| | پێداچوونەوەی لیستی دەنگ دەران .<br>★ دەبێت چەند میکانیزمێک دابنرێت بۆ ناونووسی ئەوانەی کە تازە گەیشتونەتە یان زیاتر لە ساڵی یاسایی پێویست بۆ |

| | |
|---|---|
| بەشداربووەکان.<br>٭ دەبێت دەستەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن زانیاری گشتی دابین بکات لەسەر شێوازی دەنگ دان وئەو شتانەی پێویستن بۆ دەنگ دان .<br>٭ دەبێت دەستەی | |

| | |
|---|---|
| | شـــێواز لەبـــەردەم یاســـادا ولەسەر بنەماکانی جیاوازی نەکردن مامەڵە بکرێن .<br>* دەبێت پـاڵێوراوان مۆڵـەت بدرێن بـۆ خـۆ پـاڵاوتن وەك تــاك بێــت یــان وەك پارتــە سیاسی‌یەکان .<br>* پێویستە لیستێك بە ناوی پاڵێوراوان پێشکەش بکرێت |

| | |
|---|---|
| | راستکردنەوەی کەم وکورتیە لاوەکیەکانی پەیوەست بە ئیمزاو پشتگیری .<br>★ دەبێت هەموو ئەو برە پارانە بگەرێنرێنەوە لە کاتێکدا ئەو پالێوراوە کەمترین ژمارەی دەنگە دروستەکان بەدەست نەهێنێت .<br>★ دەبێت لە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی |

| | |
|---|---|
| | بەسوودەکانی کێ برکێی هەڵبژاردن<br>★ دەبێت شێوازی دابەش کردنی بەکارهێنانی هۆکارەکانی راگەیاندن لەلایەن پاڵێوراوان وپارتە سیاسییەکانەوە یەکسان بێت وبشێت بۆ جێ بەجێ کردنی بابەتیانە.<br>★ دەبێت پشتگیری ویارمەتی یەکانی وڵاتە |

وپارتـــــه سیاســــی‌یه‌كان و لایــه‌نگر وده‌نــگ ده‌ره‌كــان له‌ســه‌ر بنــه‌مای یه‌كســانی بــوون مامه‌ڵــه‌یان له‌گــه‌ڵ دا بكرێت .

★ نابێــت داوا لــه پــاڵێوراو وده‌نگ ده‌ره‌كان بكرێت كه شــوێنی لــه‌دایك بوونیــان بگۆرن .

★ ده‌بێـــــت رێ وشـــــوێنی هه‌ڵبژادرن هێند ئاسان بێت كـه‌هیچ گرفتێـك بـۆ ده‌نـگ

| | |
|---|---|
| ⋆ دەبێت چاودێرەکان و نوێنەری پاڵێوراو ولایەنە سیاسی‌یەکان مۆڵەت بدرێن , بۆ چاودێری کردنی بنکەکانی دەنگ دان وژماردنی دەنگەکان<br>⋆ دەبێت ئەوانەی کەلە بواری سەربازی‌دا کاردەکەن لە شوێنی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی یاندا دەنگ بدەن یان لە نزیکترین بنکەی هەڵبژاردن لە شوێنی کارەکەیانەوە .<br>⋆ دەبێت دەنگ دان , لە | |

سروشتی‌یان هەیە کە
دەکرێت یارمەتی بدرێن لە
ڕێی ئەوانەی کە
هەڵبژاردنەکە نایانگرێتەوە
یان چاودێرەکان

* دەبێت هۆکارەکانی
هەڵبژاردن لەپێش وپاش
ولەکاتی هەڵبژاردنەکەدا
دیاری کراوە بێت .

* دەبێت پرۆسەی دوا
ژماردنی دەنگەکان
بەشێوەیەکی گوونجاو
بەڕێوە ببرێت بە
ئامادەبوونی چاودێران
ونوێنەری پاڵێوراو ولایەنە

دەنگەکان بنێردرێن بۆ
بنکەکانی هەڵبژاردن و
وێنەیەکیش لێیان بدرێت
بە نوێنەرو چاودێرەکان و
ناردنیان بۆ بەرزترین
ئاستی سەرپەرشتی
هەڵبژاردنەکە بە شێوەیەکی
ڕوون و دروست.

* دەبێت ئەنجامەکانی
جیاکردنەوەو پۆلێن
کردنەکان بنێردرێن بۆ
لیژنەی باڵای هەڵبژاردن و
چاودێرەکان.

* دەبێت ئەنجامی کۆتایی

| | |
|---|---|
| | جیاکردنەوەو پۆلێن کردنی دەنگەکان ,ئەنجام بدرێت .<br>بەش :- چاودێری هەڵبژاردنەکان<br>باشترین پیادەکردن .<br>⋆ دەبێت مۆڵەتی چاودێرە ناوخۆیی و بیانیەکان بدرێت بۆ چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنەکان .<br>⋆ دەبێت نوێنەری پاڵێوراوەکان و پارتە سیاسییەکان مۆڵەت بدرێن ,بۆ چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنەکە .<br>⋆ دەبێت چەند پێوەرێکی دیارو ئاشکرا دابنرێت بۆ پێداویستی ناونووسکردنی |

| | |
|---|---|
| | بەکارهێنانی ئامێرەکانی بنکەی دەنگ دانەکانیان هەبێت لە کاتی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان دا .<br>⋆ دەبێت چاودێرەکان مافی وەرگرتنی وێنەیەك لە ئەنجامە کۆتاییەکان و جیاکردنەوەو بەخشتە کردنی ئەنجامەکان و نووسراوەکانی پرۆسەکەیان هەبێت .<br>⋆ دەبێت بەرنامەیەکی تێروتەسەل هەبێت بۆ پاراستنی ئەو چاودێرانەی کە مافی چاودێری کردنی چالاکییەکانی هەڵبژاردنیان |

}**ئەحمەدو ئەوانی تر ف. مەملەکەتی یەکگرتوو. راپۆرتی ژمارە** 10562/849/1997/65 (**سێبتەمبەری** 1998) {

**III. ف. پاڵێوراوو لایەنە سیاسییەکان:**

**دەکرێت دەوڵەت چەند مەرجێك دابنێت لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردندا.**

**لە کێشەی ئەحمەدو ئەوانی تردا (ف. مەملەکەتی یەکگرتوو)، دادگا مامەڵەی کرد لەگەڵ مەرجەکانی سنوردارکردنی گەورە کاربەدەستانی حکومەت لەچالاکییە سیاسییەکان و لەوانەش مافی خۆپالاوتن بۆ هەڵبژاردنەکان.**

**بەرامبەرانیش بەرپەرچی ئەم سنوردارکردنەیان دایەوە (بەندی سێیەم لەپرۆتۆکۆلی یەکەم) ، بەپێی ئەم بەندە دادگا رایگەیاند کەوا دەوڵەت بۆی هەیە سنوور دابنێت بەسەر چالاکییە سیاسییەکانی کەسانێکی تایبەت لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەم سنورانە لەروانگەی ئامانجە پەیرەو کراوەکانەوە بێ، کە لەلایەن دەستەی یاسادانان دارشتن و دیاریکردنی سیستمێك بۆ ئەم حەقەوە دیاری دەکرێن.**

**ئامانجە سیاسییە پاکەکان لەشوێنە خزمەتگوزارییە مەدەنییەکاندا بەشەرعی دادەنرێت بۆ سنوردارکردنی هەندێك مافی بەشداریکردنیان لەهەڵبژاردندا بەپێی بەندی سێهەمی پرۆتۆکۆلی یەکەم، بەتایبەتی گەر ئەم سنووردارکردنە بەدرێژایی ژیانی سیاسی ئەو کەسانەبێت. بۆیە دادگا بڕیاری بەروونەدانی هەر جۆرە پێشێلکردنێك بۆ بەندی سێهەمی پرۆتۆکۆلی یەکەمدا.**

}**باومان ف. مەملەکەتی یەکگرتوو، راپۆرتی ژمارە** 961/760/1996/141 (**شوباتی** 1998) . {

**III. ج. هۆکاری راگەیاندن و بەرگریکردن لەئازادی گووتن و رادەربڕین لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا:**

دەبێت مافی ڕادەربڕینی ئازاد  پارسەنگ بێت لەگەڵ مافی هەڵبژاردنی ئازاددا.
لەکێشـەی باومـان ( ف. مەملەکـەتی یـەکگرتوو)، دادگـا پێشـێلکردنێکی بـەدیکرد بـۆ بەنـدی دەیـەم لـە(ECHR).
خـاتوو فـایلس باومـانی بەڕێوەبـەری بەرپرسـی کۆمەڵـەی بـەرگریکردن لەمنـداڵانی شـار (ئەمـەش ڕێکخراوێکـە کەنزیکـەی 50.000 بەرهەڵسـتکاری گرتۆتـە خـۆ بـۆ منـداڵ لـەباربردن و هەنـدێك لەتاقیکردنـەوەکانی سـەر کۆرپەلەکان).
دوای دابەشکردنی بڵاوکراوەکان لەماوەی پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ڕاستەوخۆ لەنیسـانی 1992 دا، تۆمەتێك خرایە پاڵ خاتوو (باومان) بەپێی بەشی 75 لەخۆپێشاندانی گەل لە1983 دا، کەخەرجکردنی پارە لەماوەی پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن (بۆ زیاتر لەپێنج پاوەنی ئیستەرلینی) بۆ گواستنەوەی زانیارییـەکان بـۆ دەنگدەرەکان.
خاتوو باومان بەپێی بەندی دەیەمی (ECHR).
لەگەڵ ئەوەی کەبەشی 75 ڕاستەوخۆ مافی ڕادەربڕینی سنووردار نەکردووە، بەڵام لـەبری ئـەوە خـەرجی مـاوەی پێش ئەنجامدانی هەڵبـژاردنی سنووردار کرد. دادگـاش ئـەو بڕە پارانـەی تـەرخان کرابوون بۆ سنوردارکردنی ئازادی ڕادەربڕینی پەسەندکرد، ئەمەش زۆر کاری کردە سەر خاتوو(باومان).
دادگا ڕەچاوی ئـەوەی کـرد، کەمەبەسـتی لەبەشـی 75 بـەدیهێنانی یەکسـانییە لـەنێوان پاڵێوراوەکـان و ئەنجامـە یاسـاییەکاندا بـۆ بـەرگریکردن لـەمافی ئـەوانی تـرو بەتایبـەتی پـاڵێوراو و دەنگدەرەکان. لەگـەڵ ئەوەشـدا دادگـا ڕایگەیانـد کـەوا پێویسـتە لێکۆڵینـەوە لەسـەر مـافی ئـازادی ڕادەربـڕین بکرێـت بـەپێی بەنـدی دەیـەم بەرامبـەر بەهەڵبژاردنی ئازاد، کەبەندی سێهەم بەرگری لێدەکات لەپرۆتۆکۆڵی یەکەمی (ECHR )دا.
دادگا ڕایگەیاند کەوا پێویست دەکات لەماوەی پێش و لـەکاتی ئەنجامـدانی هەڵبژاردنـدا، چـەند سنورێك دیـاری بکرێن بۆ ئازادی ڕادەربڕین بەمەبەستی گەیشتن بەمافی هەڵبژاردنی ئازاد.
بەهەرحاڵ دادگا بۆی دەرکەوت کە:
بەشی (75) کۆسپی گەورە دروست دەکات لەبەردەم بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی خـاتوو (باومـان) لەگـەڵ ئـەو بۆچـوونانەی کاردەکەنـە سـەر هەڵبـژاردنی پاڵێوراوەکـان بـۆ بەرپـەرچ دانـەوەی پوچـەڵ کردنـەوەی دەرچـوونی پاڵێوراوێـك، هـەروەها دادگـاش ڕایگەیانـد کەپێویسـتە خـەرجی سـنورداربکرێت بـەپێی یاسـای (GBP5 ) بـۆ گەیشـتن بەئامانجـە یاسـاییەکان، لەبـەدیهێنانی یەکسـانی لـەنێوان پاڵێوراوەکـان دا. و بـەم پێیـە دادگـا بـۆی

**دەرکەوت کەوا ئەم سنووردارکردنە لەگەڵ ئامانجە پەیڕەوکراوەکاندا ناگونجێت و پێشێلکردنیش بەدی دەکرێت بۆ بەندی دەیەم لە**(ECHR).

}**حیزبی شیوعی تورکی و ئەوانی تر** ( **ف. تورکیا** ) **را پۆرتی ژمارە** 19392/92 ( **کانونی دووەم** 1998 ). {

**III . پاڵێوراو و لایەنە سیاسییەکان و تێچوونی هەڵبژاردنەکان:**

**ڕەنگە دەوڵەتەکان نەتوانن بەئاسانی لایەنێکی سیاسی ببەستنەوە ، بەهۆی ئەنجامدانی ئەو حیزبە بۆ چەند چالاکییەك کەلەگەڵ ڕەوتی حکومەتدا ناگونجێت و بەپێچەوانەی پەیکەرو سیستمی دەستوری دەوەستێتەوە.**

**لەکێشەی حیزبی شیوعی و ئەوانی تردا (ف.تورکیا) ، دادگای دەستوری هەستا بەهەڵوەشاندنەوەی حیزبی شیوعی تورکی** (TBKP).

**لەماوەی** 14 **ڕۆژ لەدوای ڕاگەیاندنی هاندەران و بەرێوەبەرانی ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبەیان قەدەغەکرد لەکارکردن بەهەر شێوەیەکی سیاسی تریش. دادگای دەستوریش ڕایگەیاند کەوا (ح.ش.ت) هانی تورکییەکانی داوە بەشێوازی جیاجیا بەرەو جیابونەوەو پارچەپارچەکردنی تورکیا.**

**دوان لەئەندامانی حیزبی ناوبراو دژ بەئەم بڕیارە وەستان و ڕایانگەیاند، کەوا ئەم بڕیارە پێشێلکردنە بۆ مافەکانی ئازادی ڕێکخراوەیی و حیزبی کە لەبەندی یازدەیەمی** (ECHR )**دا هاتووە. هەروەها دادگا ڕایگەیاند کەوا دەکرێت بەندی یازدەیەم لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە جێبەجێ بکرێت. هەروەها بڕیاریدا ، کەلەگەڵ ئەوەی وشەی (لایەنی سیاسی) بەزەقی لەبەندی یانزەدا نەهاتووە، بەڵام ئەم کارە پێویستە بۆ بەدهێنانی دیموکراسیەت و بۆ گرنگی دیموکراسی لەسیستمی** (ECHR).

**هەروەها دادگا ڕایگەیاند کەناکرێت هەر ڕێکخراوو لایەنێکی سیاسی قەدەغە بکرێت لەبەرگریکردن لەپرەنسیپەکانی** (ECHR)**و چالاکییەکانی لەلایەن دەسەڵاتی نیشتمانییەوە تەنها بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ پەیکەری دەستوری ئەو وڵاتەدا.**

**کە بۆ چارەسەری کت و پڕی کێشەی (ح.ش.ت) کەپێش دەستپێکردنی چالاکییەکانی دەرکرابوو، لەگەڵ ڕاگرتنی سەرکردەکانیان و کارنەکردنیان لەگشت پلەو پایە سیاسییەکاندا. ئەم بڕیارە بەپێچەوانەی ئامانجە پەیڕەو کراوەکانەوەیەو دەرئەنجام پێویست ناکات لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا ئەم جۆرە بڕیارانە بدرێت. پاشان پێشێلکردنی بەندی یانزەی** (ECHR) **ڕاگەیەنرا.**

}ئەنكال (ف. توركيا) راپۆرتی ژماره 1031/825/1997/41
(9ی حوزەیران 1998) {

**III . ج. هۆكارەكانی راگەیاندن و بەرگریكردن لەئازادی گوتن و رادەربڕین لەهەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا.**

دەبێت ئەو هۆكارانەی دادەنرێن بۆ سنووردار كردنێكی دادپەروەرانەی گفتوگۆ سیاسییەكان هاوتابن لەگەڵ ئامانجه پەیڕەوكراوەكان.

لەكێشەی ئەنكال (ف. توركیا)، (ابراهیم ئەنكال) ی پارێزەری توركی و ئەندام لەلیژنەی جێبەجێكردن لقی ئەزمیری حیزبی كاری گەل (ح.ك.گ).

لە حوزەیرانی 1992دا قازی دادگای ئاسایشی نەتەوەیی بڕیاری‌دا بەدەست بەسەراگرتنی (ح.ك.گ) لەبەر بانگەوازكردنیان بەرەو هاندانی بەرهەڵستكاری حكومەت و بازرگانی نایاسایی و سەربازگەی راهێنان.

لە شوباتی 1993دا دادگای ئاسایشی نەتەوەیی بڕیاری‌دا بەزیندانی كردنی سەركردەكانیان و راگرتنی پەیرەوی ناوخۆییان و سنورداركردنی چالاكییەكانیان و قەدەغەكردنی خزمەتگوزارییە مەدەنییەكان و راگرتنی (ئەنكال) لەبەشداریكردن لەچەند چالاكییەكی سیاسی‌دا.

پاشان (ئەنكال) تۆمەتباركردنی ئەو پێشێلكردنه راگەیاند بۆ مافی ئازادی رادەربڕین، كەلە بەندی یازدەیەمی (ECHR)دا هاتووە.

دادگاش وەڵامیدایەوە، كەوا ناوبراو لەسەر بڕگەكانی بەندی دەیەم تۆمەتباركراوە لەژێر ناونیشانی (دووركەوتنەوە لەگێرەشێوێنی). لەگەڵ ئەوەی كەدوور نییە سنوورو مەرجی قورس خرابێتە سەر گفتوگۆ سیاسییەكان و حكومەت رەچاوی فراوانی مەودای رەخنەكانی سەر كەسە ئاساییەكان كردووە لەگەڵ ئەو رەخنانەی لەحكومەت دەگیرێت.

لە سیستمی دیموكراسیدا دەبێت زیادەڕەوییەكانی حكومەت بخرێنە ژێر لێكۆڵینەوەی راستەقینەوە، نەك تەنها بۆ هەردوو دەسەڵاتی قەزایی و یاسایی بەڵكو بۆ رای گشتیش.

بەڵام هەندێك ساتی سەخت هەیە لەژیانی هەر حكومەتێكدا ناچار دەبێت تێیدا كەچەند زیادەڕەوییەك بكات و بەتایبەتی لەو كاتانەی كەچارەسەری ئاشتییانە رۆڵی نامێنێت و بەرژەوەندی دەوڵەت دەخاتە ژێر مەترسییەوە.

دادگا بڕیاریدا :كەوا تۆمەتباركردنی (ئەنكال) هاوتا نییە لەگەڵ ئامانجە پەیڕەوكراوەكان، لەبەرئەوە پێویست

ناكـــات لەكۆمەڵگـــەی دیموكراســـیدا بڕیـــاری وابـــدرێت، پاشـــان پێشـــێلكردنی بەنـــدی دەیـــەمیش لـــە (ECHR) ڕاگەیەنرا.

}ئیوانزوك ف. بولندا، راپۆرتی ژمارە 251196/94 (15ی نوفمبەر 2001) {

**III. ح. دەنگدانی نهێنی :**

دەبێت ئەو مەرجانەی دەخرێنەسەر ئەنجامدانی مافی دەنگدان تایبەت بن بەپێویستییەكانی بواری ئاسایشەوە. دادگـای ئـەوروپی مافـەكانی مـرۆڤ بـەكورتی هەسـتا بەرونكردنـەوەی ئـەنجامی ڕێنماییـەكانی دەنگـدانی نهێنـی لەبەندیخانەكاندا.

لـە كێشـەی ئیـوانزوك ف. بولنـدا دادگـا بـۆی دەركـەوت كـەگومان هەیـە لەسـەر ئەنجامـدانی مـافی دەنگـدان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیدا لەلایەن كەسانێكەوە كەلەبەندیخانەكاندا بەنـدكراون لـەوەی كـەئایا پێویسـت بەمـەرجی زیـاتر دەكـات لەسـەر دەنگـدانیان دابنرێـت بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی بەندیخانـەكان، لەهـەمان كاتیشـدا ناكرێـت بەندكراوێك بانگ بكرێت بۆ دەنگدان لەبەردەم هەندێك پاسەوانی بەندیخانەكەدا پێش دەنگدانیان.

}لابیتا (ف. ئتالیا)، راپۆرتی ژمارە 6772/95 (ابریل 2000) : {

**III. خ. مافەكانی دەنگدان و ناونووسكردنی دەنگدەرەكان:**

دەوڵـەت ناتوانێـت كەسـەكان لەدەنگـدان قەدەغـە بكـات دوای سـەلماندنی بێتاوانیـان لـەو تۆمەتانـەی خراونەتـە پاڵیان.

لەكێشەی لابیتا (ف. ئیتالیا)، دادگا پێشێلكردنێكی ڕەچاوكرد بۆ بەندی سێهەمی پرۆتۆكۆلی یەكەم لە(ECHR )، كاتێـك كەسـێكی بێتـاوان مـافی دەنگـدانی خـۆی لەدەسـت بـدات وەك دەنگـدەرێك بـەپێی بڕگـەكانی یاسـا تایبەتەكان بەچالاكییە درندانەكانەكان.

لێرەشدا دەست بەسەر بینیتو لابیتـا گیرا بەتۆمـەتی پەیوەندی كردنـی بەمافیاكانـەوە، بەڵام لەدواییـدا بێتـاوانی سەلمێنرا، پاشان مافی دەنگدانی لێسەندرایەوەو ناویان لەلیستی دەنگدەرەكان لابرد لەبەرئەوەی بەندركرابوو. (لابیتا) ش پەنای بردە بەر یارمەتی یاسایی بۆ سكالاكردن و پێشێلكردنی بەنـدی سێهەمی پرۆتۆكـۆلی یەكـەمی (ECHR) ی ڕاگەیاند.

هەڵپەساردنی مافی دەنگدانی ئەوانەی کەشاهیدیان هەیە لەسەر پەیوەندی کردنیان بەمافیاوە چەند ئامانجێکی یاسایی هەیە. بەڵام دادگا سڕینەوەی ناوی (لابیتا) ی بەدی کرد دوای لابردنی تۆمەتەکەی‌ونەمانی هەر بەڵگەیەکی زەق‌و دیارو هەرگومانێك لەسەر پەیوەندی بەرێکخراوی مافیاوە، و دادگاش ئەم پێوەرە بەگونجاو نازانێت.

} **لوبیز گۆمیتزدا سیلفا ( ف. پورتوگال ) را پۆرتی ژمارە** 37698/97 ( **28ی دیسەمبەری** 2000 ) {

**III. ج. هۆکارەکانی راگەیاندن‌و بەرگریکردن لەئازادی گووتن‌و رادەربڕین لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا:**

بەمەبەستی گەشەدان بەگفت وگۆی ئازادوسیاسیانە, رۆژنامەکان چەندین رەخنە لەحکومەت‌و سیاسییەکانیان پێدەگات.

لە کێشەی لوبیز گۆمێزدا سیلفا دا، دادگا پێشێلکردنێکی بەندی دەیەمی (ECHR) ی بۆ دەرکەوت. خاوەن کێشەکە بەرێوەبەری رۆژنامەی (پەبلیکۆ) بوو کەزۆرترین فرۆختی رۆژانەی هەیە لەپورتوگالدا. ئەم رۆژنامەیە سەروتارێکی بڵاوکردەوەو تێیدا رەخنەی لەدەستنیشانکردنی لایەنە سیاسییەکان گرت بۆ پاڵێوراوەکانیان‌و دەڵێت:

(پاڵێوراوەکانی گاڵتەو گەپی فیکری‌و تێکەڵی دواکەوتنخوازیی‌و دڕندەیی لەهەموو شوێنێك دەست ناکەوێت، هەروەها دەمارگیری‌و کوشندەیی‌و دوژمنانی سامیەت‌و بازاڕییەکان).

لە شوێنێکی تردا (پەبلیکو) چەندین شتی سەیری بۆ دەرکەوت سەبارەت بەپاڵێوراوە چاوەروانکراوە نوێکان. پاشان ناوبراو تۆمەتبار کرا بەتۆمەتی ناوزڕاندن (تەشهیر)و فەرمانی بۆدەرکرا بەدانی باج.

ناوبراویش پێشێلکردنی مافی ئازادی رادەربڕین‌و بەندی دەیەمی (ECHR) راگەیاند

لەگەڵ رەچاوکردنی گرنگی تایبەتی ئازادی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیدا بواری سیاسی زیاتر رەخنە دەگرێتەخۆ، دادگا بڕیاری‌دا کەوا بەدەمەوە بوونی ناوزڕاندنی سیاسی جۆرێکە لەهەڵەشەیی لەژیانی سیاسی‌و گفتوگۆی ئازاددا. هەندێکجار رۆژنامەکان جۆرێك لەزیادەڕەوی‌و هاندان بەکاردێنن لەرێی نوسراوەکانیانەوە.

گوێڕایەڵی داواکار بۆ یاسای رۆژنامەنووسی دادگای ناچارکرد کەئەم گوێڕایەڵییە بەهەند بگرێت. لەگەڵ سووکی ئەو سزا سەپێنراوانە، داواکار تا ئێستاش تۆمەتبارە بەشێوەیەك کەلەگەڵ ئامانجە پەیڕەوکراوەکاندا ناگونجێت، دادگاش بەکۆی دەنگ بڕیاریدا بەپێشێلکردنی بەندی دەیەمی (ECHR).

} ماسیوس (ف.مەملەکەتی یەکگرتوو)، راپۆرتی ژمارە 28433/94 لە( 19ی شوباتی 1999 ) {

III . د. مافەکانی دەنگدان و ناونووسی دەنگدەرەکان:

ئەو کەسانەی پەیکەری یاسایی دەرەوەی دەسەڵاتی نیشتمانی کاریان تێدەکات مافی دەنگدانیان لەهەڵبژاردنی ئەو هەیکەلەداو هەیە رێدرا بەهاوڵاتی ئەوروپی کەدەنگ بدات یان خۆی بپاڵێوێ لەهەڵبژاردنی پەرلمانی ئەوروپی ئەو وڵاتەی تێیدا نیشتەجێیەو ئەندامە لەیەکێتی ئەوروپیدا.

لە کێشەی ماسیو (ف. مەملەکەتی یەکگرتوو) دا، دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند کەئەمە مافی هەموو ئەوانەیە کەیاسای ئەوروپی کاریان تێدەکات. ئەم کێشەیە دانیشتوانی (جبل طارق) ی ناچارکرد (ئەوانەی مافی بەشداربوونیان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپیدا نەبوو) لەسەر بنەمای پەلکێش نەکردنی بڕیارەکانی رێکەوتننامەی پەیوەستبوون بۆ (جبل تارق).

لەم کێشەیەدا ماسیوس هاوڵاتییەکی بەریتانی نیشتەجێ بوو لە(جبل طارق)دا رایگەیاند کەوا بەشداری نەرکدنی (جبل تارق) لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپیدا پێشێلکردنی بەندی سێهەمی پرۆتۆکۆلی یەکەمی (ECHR) ە.

دادگا روونی کردەوە کەوا (مەملەکەتی یەکگرتوو) بەرپرسیارە بەرامبەر ئەم کارە بەبێ رەچاوکردنی ناوەکی یان ئەوروپی بوونی هەڵبژاردنەکە.

هەروەها رایگەیاند کەبەندی سێهەمی پرۆتۆکۆلی یەکەم شایەنی جێبەجێکردنە لەسیستمی ئەوروپیداو ئەم سیستمە تایبەتمەندی خۆی هەیە.

دەستەی یاسای (جبل طارق). هەروەها دادگا تێبینی ئەوەی کرد کەوشەی (دەستەی یاسایی) لەبەندی سێهەمدا مەرج نییە مەبەستی لەپەرلەمانی نیشتمانی بێت و ناکرێت هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپی جیابکرێتەوە لەبەندی سێهەمدا بەهۆی پەلهاویشتنی بۆ دەرەوەی دەسەڵاتی نیشتمانی، ئەمە جگە لەسیستمی نوێنەرایەتی ناوخۆیی. هەروەها دادگا بۆی دەرکەوت کەوا ئەندامانی پەرلەمان داوای سیستمی سەرەکی و بەرنامەی چاودێری دیموکراسی بۆ چالاکییەکانی لیژنەی ئەوروپی لەدەستەی یاسایی دەکەن بۆ پێکهێنانی بەشێك لەدەستەی یاسادانان (جبل طارق) بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەندی سێهەم لەپرۆتۆکۆلی یەکەم.

لــــە كۆتاييـــــدا دادگـــا دانـــــى بەپێشـــێلكردنى بەنـــدى ســـێهەمدا نـــا بـــۆ بەشـــدارى پێنـــەكردنى (جبل طارق) لەهەڵبژاردنەكانى پەرلەمانى ئەورووپىدا بۆ نەدانى هيچ جۆرە فرسەتێك بۆ (ماسيوسى) خاوەن سكالاكە بۆ دەربڕينى راى خۆى بۆ هەڵبژاردنى ئەندامانى پەرلەمانى ئەوروپى، لەگەڵ ئەوەى كەدەستەى ياسايى سەر بەليژنەى ئەوروپى بەشێكى لەدەستەى ياسايى (جبل طارق) پێكهێنا ئەو دەستەيەى كەراستەوخۆ كارى كردە سەر دينس ماسيوس لەهەڵبژاردنى دەستەى تياسادانان كە لەبەندى سێهەمى پرۆتۆكۆلى يەكەمدا هاتووە.

}**ئوبر جيليك** (**ف. ئوستراليا**) ، **راپۆرتى ژمارە** 852/666/1996/47 (25 **ى حوزەيرانى** 1997) {

**III. د. هۆكارەكانى راگەياندنو بەرگريكردن لەئازادى گووتنو رادەربڕين لەهەڵمەتەكانى هەڵبژاردندا:**

رۆژنامـەكان پانتـايى زۆر دەدەن بـۆ دەربڕينـى زانيـارو بيروڕاكـان جگـە لەوانـەى كـەتيرۆرىو شـەرەنگێزو گێرەشێوێنن.

لە كێشەى ئوبرجيليك (ف. ئوستراليا) دادگا بەكۆى 7 دەنگ بۆ دووان رايگەياند كەوا تۆمەتبار كردنى داواكار بەشكاندنى سياسييەك پێشێلكردنى بەندى دەيەمى (ECHR) ە.

لەم كێشەيەدا دادگا بڕيارىدا بەپێى برگەى دووەمى بەندى دەيەم لەرێكەوتننامەى ئازادى گووتن كەوا ئەم مافە رێپێدراوە بۆ زانيارىو بيروڕا پەسەندكراو ئاشتى خوازەكانو ئەوانەى تەعەدايان لێدەكرێت يان دەترسێنرێنو دەتۆقێنرێن. ئەم پرەنسيپە گرنگى تايبەتى هەيە لەجيهانى رۆژنامەوانىداو نابێت سنورى ديارى كراوى خۆى پێشێلبكات بۆ بەرگريكردن لەمافى ئەوانى تر بەبيانوى بلاوكردنەوەى زانيارىو بيروبۆچوونە سياسييە پەيوەنديدارەكان بەبابەتە سەرەكييەكانەوە. بەهەمان شێوەش بۆ رەخنە بچوكەكان كەبوارێكى فراوانى هەيە بۆ هەڵسوكەوتە سياسييەكان زياتر وەك لەهەڵوێستە تايبەتەكان.

لە كۆتايىدا دادگا پێى وابوو كەبەرتەنگييەك بەدى دەكرێت لەپێويستى ئەو فاكتەرانەى كار لەسەر ئازادى رادەربڕين دەكەن بۆ داواكارەكەو بەهۆيەوە پێشێلكردنى بەندى دەيەمى (ECHR ) كراوە.

}**بودكولزينا** (**ف. لاتفيا**)، **راپۆرتى ژمارە** 99/46726 (9**ى ئيبريل** 2002) . {

## III . هـ. پاڵێوراوو لایەنە سیاسییەکان و تێچوونی هەڵبژاردنەکان:

لەکاتی جێبەجێکردنی پێداویستییە سیاسییەکانی مافی سازکردنی هەڵبژاردندا وەك زمانی نیشتمانی، دەبێت دەوڵەتەکان ئەو زمانە زیادبکەن.

لە کێشەی بودکالزینا (ف. لاتفیا) دا، دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ لاوازی ڕێنماییە یاساییەکانی دیاریکرد بۆ بەرگریکردن لەمافی هەرکەسێك بۆ خۆپالاوتن.

لە کێشەی کریدا بودکالزینا ، بەرەگەز لاتیفی و ئەندام لەکەمینەی ئەوانەی بە(لاتفیی – روسی) قسە دەکەن.

ئەو نوسراوانەی ئامادەی کردبوو بەڵگەنامەیەکی تێدابوو کەلەلایەن دەستەیەکی حکومی تایبەتەوە دەرچووەو تێیدا پشتگیری لەزانینی خاتوو کریدا بودکالزینا دەکات..

زمانی رەسمی – لاتفی– بەکارهێنانی زمانی رەسمی بووە بەمەرجێکی سەرەکی بۆ خۆپالاوتن. بۆ ئەم مەبەستەش هەموو پاڵێوراوێك دەبێت تاقیکردنەوەیەکی زمانەوانی بکرێت لەلایەن سەنتەری زمانەوانی دەوڵەتەوە.

لیژنەی مەرکەزی هەڵبژاردنەکە هەستا بەسڕینەوەی ناوی خاتوو بودکالزینا لەلیستی ناوی پاڵێوراوەکاندا بەهۆی شارەزانەبوونی لەزمانی لاتفیدا.

خاتوو بودکالزینو داوای هاوکاریکردنی دادگای ئەوروپی کرد بۆ مافەکانی مرۆڤ بۆ بەدەمەوە هاتنی لابردنی ناوەکەی لەلیستی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا، بەبیانووی ئەوەی کەزمانی لاتفیی باش نازانێت، بەمەش مافی خۆپالاوتنی خاتوو بودکالزینو پێشێل دەکرێت بەپێی بەندی سێهەمی پرۆتۆکۆلی یەکەمی (ECHR ) دادگا روونیکردەوە کەوا ئامانجە یاساییەکانی سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەو هاوڵاتیانە جیادەکاتەوە کەزمانی سەرەکی وڵاتەکەیان نازانن، بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا بەمەبەستی زامنکردنی چالاکی دەزگاکانی لاتفیا.

هەروەها دادگا بۆی دەرکەوت کەوا خاتوو بودلکالزینو خاوەن بەڵگەنامەیەکی زمانەوانی ئەوتۆیە کەتوانای زامنەوانی باشی دەردەخات لەزمانی لاتفیدا، بەپێی ئەو تاقیکردنەوانەی کەبۆی ئەنجامدراوە. لەگەڵ ئەوەی کەدەسەڵاتی رەسمی ناتوانێت رەخنە لەو بەڵگەنامانە بگرێت، کەخاتوو بودلکازینو لەزمانی رەسمی زیاتری لێ داوانەکرا.

لەمـــــــــــــــەش زیـــــــــــــــاتر هەڵســـــــــــــــەنگاندنی زمـــــــــــــــانی خـاتوو بولکـازینو بـۆ یـەك كـەس بـەجێهێڵرابوو، بۆیـە دادگـا رایگـەیانـد كەلەبـەر نـەبوونی هۆكـاری بابـەتی ئـەو رێنماییانـەی دژ بـەخاتوو بولكـالزینو دەركـراون پێچـەوانەی ئـەو رێنماییـە پـاكو داواكـراوو یاسـاییانەن بـۆ دیاریكردنی توانای بەشداریكردنی لەهەڵبژاردندا. بەم پێیە دادگا بەكۆی دەنگ رایگەیاند كەبەندی سێ یەمی پرۆتۆكۆلی یەكەم لە(ECHR ) پێشێلكراوە.

} حیزبی رەفا ، ئەربەكانو كـازان و تیكـداڵ ف. توركیـا، راپـۆرتی ژمـارە 41340/98،98/98،41343/41342، 41344/98 لە( 31 حوزەیرانی 2001 ) . {

**III . ف. پاڵێوراوو لایەنە سیاسییەكانو تێچوونی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن:**

دەكرێت دەوڵەت چەندین كۆسپ دروست بكات لەرێی پێكهێنانی ئەو لایەنە سیاسییانەی هۆكاری نایاساییو نادیموكراسی بەكاردێنن بۆچەند مەبەستێكی نەگونجاو لەگەڵ پرەنسیپو بنەماكانی دیموكراسی لەكێشەی حیزبی رەفادا ، ئەربەكانو كازان و تیكداڵ (ف. توركیا)، دادگای دەستوری هەستا بەهەڵوەشاندنەوەی حیزبی رەفا بەبیانوی ئەوەی كەبوەتە سەنتەرێك بۆ چالاكییەكانی دژ بەعەلمانیەت. هەروەها هەستا بەقەدەغەكردنی سەركردەكانی ئەو حزبە لەكورسییەكانی پەرلەمان یان پێكهێنانی حیزبێكی سیاسی تر بۆ ماوەی پێنج ساڵ.

دادگای ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤ رایگەیاند كەوا لایەنە سیاسییەكان بەشدار دەبن لەهەر هەڵمەتێكی گۆرینی هەیكەلی دەستوری وڵات بەرەو بنەماكانی (ECHR)و بەندی یانزیەیەم بۆ دوو جۆر :

1- ئەوانەی كەهۆكارو رێگای نایاساییو نادیموكراسی بەكاردێنن لەبەرامبەر گشت بۆچوونە جیاوازەكاندا.

2- كاتێك داخوازی چەند گۆرانكارییەك دەكات كەنەگونجێن لەگەڵ بنەماكانی دیموكراسیدا.

ئەمانەش ئەو حیزبو لایەنانە دەگرێتەوە كەسەركردەكانیان هانی ئەوانی تر دەدەن بەرەو شەرەنگێزی بۆ بەدەست هێنانی چەند ئامانجێكی سیاسی، كەبەپێچەوانەی یەكێك یان زیاتر لەبنەماكانی دیموكراسیەت دەوەستێتەوەو (ECHR ) یش ناتوانێت بەرگریان لێبكاتو دادگاش بریارەكەی بەرامبەر حیزبی رەفا دەرچووبو پەسەندكرد و بەشیاوی نەزانی بۆ كۆمەڵگای دیموكراسیو واتاكانی پرەنسیپەكانی عەلمانیەت، سەركردەكانی حیزبی رەفاهیش بەرهەڵستكاری خۆیان راگەیاند بۆ دامەزراندنی فرەیی سیستمە یاساییەكان لەسەر بنەمای جیاوازی بیرو ئاینی بەرەو پەیرەو كردنی حوكمی (شەریعەتی) ئیسلامی، ئەو حوكمەی كەجیاوازی زۆری لەگەڵ

بنــەماكانی (ECHR)دا هەیــە. هــەروەها هەڵوێســتی خۆیــان بەرامبــەر بــەكارهێنانی چــەك ئاشــكرا كــرد بــۆ بەدەستهێنانی توانای مانەوە.

دەبێت دان بەو راستییەدا بنرێت كەفرەیی لەبیروباوەڕو حیزبایەتیدا دوو بنەمای سەرەكی دیموكراسیەتن.

دادگــا رایگەیانــد كــەوا دەكرێــت دەوڵەتــەكان رێگــە لەجێبــەجێكردنی ئــەم جــۆرە بۆچــوونە سیاســییانە بگــرن كەجیاوازن لەگەڵ بنــەماو سیستمی (ECHR) دا. پێش ئــەوەی كاریگەرییــە تایبەتــەكانیان دەربكــەوێت كــەدوور نییە ئاشتی مەدەنی و سیستمی دیموكراسی وڵات بخاتە مەترسییەوە.

}سەداق و ئەوانی تر (ف. توركیا) راپۆرتی ژمارە 25144/94، 26149/95و 27100/95و 27101/95 لــە(11 ی حوزەیرانی 2002 ). {

**III . ف. پاڵێوراوو لایەنە سیاسییەكانی تێچوونی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن:**

هەندێك جار دەوڵەت هەندێك پاڵێوراوی هەڵبژێراو دەردەكات لەهەڵبژاردنەكە بەهۆی هەڵوێستی حزبەكانیان نەك بەهۆی هەڵوێستی خۆیانەوە.

لە كێشەی ساداك و ئەوانی تردا (ف. توركیا) ، دادگای ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤ چەند مەرجێكی لەسەر مــافی خۆپــاڵاوتن دانــا لەروانگــەی هــەر جــۆرە ئەلتــەرناتیڤێك بــۆ لەدەســت دانــی پلــەی هەڵبــژاردن. چــونكە داوكارەكــان ئەندام بوون لەكۆمەڵەی وڵاتی گەورەو یەك حیزبی سیاسی توركیدا ئەویش حیزبی دیموكراسییە. (ح.د).

دادگــای دەســتوری هەســتا بەهەڵوەشــاندنەوەی (ح.د)و مافــە پەرلەمانییــەكانی كێشــایەوەو تۆمــەتباری كــردن بەجودا خوازی و لەكەداركردنی دەوڵەت بەپێی یاسای ناوخۆیی قەدەغەكردنی تیرۆر.

دادگای ئەوروپی مافەكانی مرۆڤ رەچاوی پێشێلكردنی بەندی سێهەمی پرۆتۆكۆلی یەكەمی كرد بەلێســەندنەوەی مــافی پەرلــەمانی داوكارەكــان. ئــەو راســتییەی دوپــات كــردەوە كــەوا بــەپێی بەنــدی ســێهەمی پرۆتۆكــۆلی یەكــەم تایبەتمەندی هەر چالاكییەكی سیاسی دەپارێزرێت كەئەمــەش رۆڵێكــی ســەرەكی دەبینێــت لەسیســتمی (ECHR) دا. ئــەوەی بــۆ دەركــەوت كــەداوكارەكان مــافی پەرلــەمانیان بەهەڵوەشــاندنەوەی حیزبەكــەیان (ح.د) لەدەســتداوە بەشــێوەیەكی ئۆتۆمــاتیكی لەلایــەن دادگــای دەســتورییەوە بــەهۆی ئــەو بڵاوكراوانــەی لەلایــەن ســەرۆكی پێشــوی حیزبەكەیانەوە بڵاوكراوەتەوە لەدەرەوەی وڵات لەلایەن لیژنــەی مەركــەزی حیزبــەوە. هــەروەها دادگــا ئــەوەی بــۆی

دەر کەوت کەوا ئەو راستکردنەوە دەستورییەی ساڵی 1995 دەرچوو دەڵێت (هەر ئەندامی پەرلەمانێك کردارو گوتـــاری ببێتـــە مایـــــەی هەڵوەشـــاندنەوەی حیزبێکـــــی دیـــاریکراو ئـــــەوا ئـــــەویش مافی پەرلەمانی لێدەسێنرێتەوە).
دادگـا رایگەیانـد کـەوا ئـەو سـزا قورسـانەی بەسـەر داواکارەکانـدا سـەپێنراون لەگـەڵ ئامانجـە پـەیڕەوکراوو یاساییەکانی تورکیادا ناگونجێن چونکە پێوەرەکـان لەگـەڵ ویستی دەنگدەرەکانـدا رێك نین کـەدەنگیان بـۆداوە. بۆیە پێشێلکردنی بەندی سێهەمی پرۆتۆکۆلی یەکەم راگەیەنرا.

**{حیزبی سۆشیالیست و ئەوانی تر (ف. تورکیا) را پۆرتی ژمارە 21237/93 لە(25مایسی 1998)}**

**III . ف. پاڵێوراوو لایەنە سیاسییەکان و تێچوونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن :**

هەنـدێکجار دەوڵـەت رێناگرێـت لـەپێکهێنانی هـەر حیزبێـك بـەهۆی ئـەوەی کـەبیرو پێشـنیاری شـەرەنگێزیو تۆقێنەری هەبێت.
لە کێشەی حیزبی سۆشیالیست و ئەوانی تر (ف. تورکیا) دادگای دەستوری هەستا بەهەڵوەشاندنەوەی حیزبی سۆشیالیستی دوای زۆربوونی داواکارییەکانی دژ بەو حیزبە.
سـەرکردەو بەرێوەبـەرانی ئـەو حیزبـەش راگـیران لـەپێکهێنانی ئـەم چەشـنە حیزبانـە لەهـەر شـوێنێکی هەیکـەلی سیاسـی ئـەو وڵاتـەدا. ئەمـەش لەلایـەن داواکارەکانـەوە پێشـێلکردنی مـافی ئـازادی رێکخراوەییـە کـە لەبەنـدی یانزەی (ECHR) داهاتووە.
هەروەها دادگا بۆی دەرکەوت کەئەم بڕیـارە کاریگـەری هـەبووە لەسـەر مـافی رێکخراوەیـی داواکارەکـان ، چونکە ئەم بڕیارە لەسەر بنەمای یاسای دەستوری ناو پەیرەوی حیزبە سیاسییەکان دانراوە .
هـەروەها هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو حیزبـە بـەپێی یـەکێك لەئامانجـە یاسـاییە پـەیرەو کراوەکـانی بەنـدی یـانزەی (بەرگریکردن لەئاسایشی نەتـەوەیی) ە. لەگـەڵ ئەوەشـدا دادگـا دووپـاتی کـردەوە کـەدەبێت بەنـدی یـانزە لەسـەر رۆشنایی بەندی دە کاری پێبکرێت.
بـەرگریکردن لـەراکان و ئـازادی رادەربـڕین یەکێکـە لەئازادییـە رێکخراوەییـە پەسـەندکراوەکان لەبەنـدی یـانزەدا، کەحیزبـە سیاسـییەکانی بـۆ زیـادکرا. دەکرێـت ئـازادی رادەربـڕینیش (هـەروەکو لەبەنـدی دەیەمـدا هـاتووە) جێبەجێ بکرێت بەپێی بڕگەی دووەمی بەندی دەیەم لەراوبۆچوونە تۆقێنەرو سەر لێشێوێنەرەکان.

هەروەها دادگا رایگەیاند کەوا دەکرێت حیزبێك لەکاربخرێت بەپێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی و برگە جیاکانی بەندی یانزە بەتوندی بەرامبەر بەلایەنە سیاسییەکان بەکارهێنرا. بۆیە هەڵوەشاندنەوەی حیزبی سۆشیالیستی ناگونجێت لەگەڵ ئامانجە پەیرەوکراوەکانداو بەم پێیە پێشێلکردنی بەندی یانزەی ( ECHR ) کراوە.

**پاشکۆی سێهەم سەبارەت بە(** ODIHR/OSCE)

ئۆفیسی دەزگا دیموکراسییەکان و مافەکانی مرۆڤ (ODIHR) دەزگای سەرەکی (OSCE) ە بۆ یارمەتی دانی وڵاتانی ئەندام (بۆ زامنکردنی رێزگرتنی تەواو لەمافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی ئازادی و مانەوە لەسەر حوکمی یاسا و گەشەدان بەپرەنسیپەکانی دیموکراسی و ...هتد) بەرەو بنیاتنان، بەهێزکردنی دەزگا دیموکراسییەکان و بلاوکردنەوەی گیانی لێبوردن لەکۆمەڵدا بەگشتی).

(راپۆرتی هلسنکی 1992)

( ODIHR ) لەواشو ، پۆلەندا دامەزرێنرا، لەساڵی 1990دا بریتی بوو لەئۆفیسی هەڵبژاردنی ئازاد بەپێی رێکەوتننامەی پاریس .

لەساڵی 1992دا ، ناوی ئۆفیسەکە گۆررا بەرەو مەودایەکی فراوانتر بۆ مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەت، ئێستاش زیاتر لە(80) ستافی کارمەندی هەیە.

( ODIHR ) بەسەر مەشقی وەکالەتەکانی ئەوروپا دادەنرێت لەبورای چاودێری کردنی هەڵبژاردنەکاندا. هەڵدەستێت بەبلاوکردنەوەی هەزاران چاودێر لەساڵێکدا بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی هەڵبژاردنەکانی ناوچەکانی ( OSCE ) لەروانگەی یاسایی نیشتمانی و پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا. تەنها بەرنامەیەکە کەوردەکاری و حیکمەت بۆ بەشداربووانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دروست دەکات.

( ODIHR ) هەڵدەستێت بەیارمەتیدانی وڵاتانی ئەندام بۆ گەشەپێدانی هەیکەلی چوارچێوەی هەڵبژاردنەکانی سەربەخۆیان لەڕێی پرۆسەو پلانی تایبەتەوە چالاکییە دیموکراسییە رەسمییەکان ئەم شەش بابەتە سەرەکییانە دەگرنە خۆیان:

(رۆڵی یاسا، کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادی هاتوچۆو گواستنەوە، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، بازرگانیکردن بەمرۆڤ ، ئازدای ئایینی)

( ODIHR ) زیاتر لە(100 ) کارمەندی کارپێکردووە بۆ بەرنامە ئامانجدارەکان. کەکار بۆ باشتر گونجان لەگەڵ رێنماییەکانی ( OSCE ) دا دەکەن بۆ گەشەپێدانی هەیکەلە دیموکراسییەکان.

( ODIHR ) هەڵدەستێت بەچاودێریکردنی پەیڕەوکردنی وڵاتانی ئەندام بۆ روانگە مرۆڤ دۆستییەکانی OSCE. و چەندین کۆبونەوەو چاوپێکەوتن ساز دەکات لەساڵێکدا بۆ پێداچونەوەی روانگەو پێداویستییە مرۆڤ دۆستییەکانی OSCE لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە.

ODIHR وڵاتانی ئەندام یارمەتی دەدات بەپێدانی ئامۆژگاریو رێنمایی تایبەت بەسیاسەتەکانیان لە(رۆما)و (سنتی)یەوە. هانی نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام دەدات لە(رۆما)و (سنتی) بۆ پێکهێنانی هەیکەلی سیاسییان ، هەروەها ئەم ئۆفیسە وەك (ماڵ پاککەرەوە) کاردەکات بۆ گۆڕینی زانیاری دەربارەی ئەنجامەکانی (رۆما)و (سنتی) لەنێوان جێبەجێکەرە نیشتمانیو نێودەوڵەتییەکاندا.

گشت چالاکییەکانی ( ODIHR ) سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە بەهاوکاریو هەمەئاهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی OSCEو کارە مەیدانییەکانو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا .
زانیارییەکی زۆر هەیە لەمەوقعی( ODIHR ) لەئەنتەرنێتو کتێبخانەیەکی گشتی تێدایە لەراپۆرتو نوسراوی ترو راپۆرت لەسەر گشت هەڵبژاردنە ئەنجام دراوەکانی تێدایە بەشیکردنەوەی یاساکانی هەڵبژاردنیشەوە کەبڵاوکراونەتەوە لەلایەن ( ODIHR ) ەوە. ئەمە جگە لەبۆچوونە یاساییەکانی ODIHR کەدەکرێت لەرێی سایتی ئینتەرنێتەکەیانەوە پێیان بگەیەنرێت کەتازەترین بنکەی زانیاری گشتی لەسەر یاساکانی هەڵبژاردنی تێدایە لەگەڵ کێشە یاساییەکانی هەندێك لەو چل وڵاتەی ئەندامن لەناوچەکانی OSCE دا.